# شیعری شانۆیی
# لەدەقە شیعرییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

**نامەیەکە**

**پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ کراوە،**
**وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا**


لەلایەن

**هێمن بابەعەلی مستەفا**

بەکالۆریۆس لە بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، ساڵی (٢٠٠٢) زانکۆی سلێمانی


بە سەرپەرشتی

**پ. د. فازیل مەجید مەحموود**

نیسانی ٢٠٢٣ی زایینی                گوڵانی ٢٧٢٣ی کوردی

# بەڵێننامە

بەڵـێن دەدەم، کە ئەم ماســتەرنامەیە بە ناونیشــانی (شــیعری شــانۆیی لەدەقە شــیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس دا) هەمووی لەلایەن خوێندکار بە ئەنجام گەیەنراوە. جگە لەو دەقانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە بڵاو نەکراوەتەوە. بەڵێن دەدەم، کە لە هەر جێگەیەک دەقێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

**ئیمزا:**

**ناوی خوێندکار: هێمن بابەعلی مستەفا**

**ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٣/٨**

# بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (شیعری شانۆیی لەدەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس دا)، کە لەلایەن (هـێمن بـابەعلی مستەفا)ـەوە پێشـکەش کـراوە، لەلایەن خـودی خـۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

هەڵسەنگێنەری زانستی: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

ناسناوی زانستی:

ڕێکەوت :    /   /٢٠٢٣

# پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من ئامادە کراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ئەدەبدا. پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

**ناو: پ. د. فازیل مەجید مەحموود**

ڕێکەوت: / ٣ / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و ئاماژە بە پشتگیریی سەرپەرشتیاری، ئەم نامەیە بۆ لیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / ٣ / ٢٠٢٣

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (هێمن بابەعلی مستەفا)مان بە ناونیشانی (شیعری شانۆیی لەدەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس دا) خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکاردا گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە پلەی ( )ی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی ئەدەبدا پێ بدرێت.

ئیمزا:

ناو: پ.ی. د. عدنان عبدالرحمن طه

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

ئیمزا:

ناو: پ.ی. د. تانیا أسعد محمد صالح

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

ئیمزا:

ناو: پ.ی. د. سامان عزالدین سعدون

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

ئیمزا:

ناو: پ. د. فاضل مجید محمود

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

لەلایەن کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی چەرموو پەسەند کرا.

د. سامان عیزەدین سەعدوون

ڕاگری کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی چەرموو

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## پێشکەشە

ئەم هەوڵە پێشکەش بە سێ ئەستێرەی درەوشاوەی ناو ژیانم:

- بە {هێشوو}، هاوڕێ و هاوژینی ژیانم.
- بە {هەنی و لانی}، کە بەردەوام بە بینین و پێکەنینەکانیان دەروونم ئارام دەکەنەوە.
- بە باوک و دایکی زۆر ئازیزم.
- بە گیانی بەرزی شاعیری گەورەی جیهانی { شێرکۆ بێکەس}.

# سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی هەموو ئەو ئازیزانە دەکەم، کە لەم گەشتە زانستییەدا بە شێوەی جۆراوجۆر هاوکارم بوون، بە تایبەتی:

- زۆر بەرێز پرۆفیسۆر دکتۆر (فازیل مەجید مەحموود)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ. هەنگاو بە هەنگاو بە ڕێنمایی و سەرنجە وردەکانی تا کۆتایی لەگەڵمدا بوو هاوکارییەکانی لە بیر ناکەم و لەگەڵیدا ئاسوودە بووم و زۆر میهرەبانانە مامەڵەی لەگەڵمدا دەکرد .

- زۆر بەرێزان پرۆفیسۆر دکتۆر (دڵشاد عەلی) و پرۆفیسۆر دکتۆر (سامان عیزەدین سەعدوون) کە لە سەرەتای دەستپێکردنی نامەکەمەوە بە تێبینی و سەرنجە وردەکانیان نامەکەیان دەوڵەمەندتر و باشتر کرد، جێگای پێزانین و ڕێزن.

- زۆر بەرێز دکتۆر (ئاسۆ عومەر مستەفا) سەرۆکی بەشی کوردی زۆر گەورەیی دەنواندو بەردەوام لە ڕێنماییەکان ئاگاداری دەکردمەوە وەک هاوڕێ و برایەک مامەڵەی لەگەڵمدا دەکرد.

- هاوڕێی زۆر ئازیز مامۆستا (کامەران حەمەڕەشید ئیبراهیم)، کە لەماوەی ئەم دوو ساڵەی خوێندنمدا، وەک براو هاوڕێ، هاوکارم و لە نزیکەوە ئاگادارم بوو.

# پوختە

شیعری شانۆیی بەشێکی دیار و گەورە لە ئەدەبی میللەتان پێکدەهێنێت و قەوارەیەکی تایبەت بە خۆی تۆمارکردووە و جێگەی گرنگی و بایەخی شاعیران بووە. بە دڵنیاییەوە شیعری شانۆیی و شانۆ لای هەموو نەتەوەکان بە پێی قۆناغ و بارودۆخی ئەو ژینگەیەی کە لەو سات و قۆناغەدا ئامادەیی هەبووە و جۆری بارودۆخ و ژیانی کە ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیەی تێدایە بایەخی پێدراوە و گەشەیکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئاست و ڕادەی ئاگایی و هۆشیاری کۆمەڵگە ڕۆڵێکی سەرەکی و بەهایەکی گەورە و کاریگەری هەبووە لەم پەرەسەندنەدا. شاعیری گەورە (شێرکۆ بێکەس) وەک هەر بوارێکی تری بابەتی نوسینی شیعر، وەک چۆن لە بابەتەکانی تری شیعردا توانایەکی گەورە و ئاگاییەکی زۆر و دەستێکی باڵای هەبووە، لە بابەتی نووسینی شانۆنامەی شیعریشدا چەندین دەق و تابلۆی شیعری شانۆیی نووسیوە. بەتایبەت لە ساڵەکانی سەرەتای دەستپێکردنی نووسین و چوونە ناو دونیای شیعرەوە، بە دەقەکانی (کاوەی ئاسنگەر و ئاسک و دیوار و دەنگی خوێن). لە ناو دەقە شانۆییەکانیدا بیر و ناوەڕۆکێکی بەرز کۆی هەموو رەگەزەکانی دەقی شانۆیی ئامادەیی هەیە.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (زاراوە و چەمک و سەرەتایەکی مێژوویی شیعری شانۆیی) لە سێ تەوەردا خراوەتە ڕوو: لە تەوەری یەکەمدا چەمک و پێناسە و جۆرەکانی شیعر باسکراوە. لە تەوەری دووەمدا زاراوە و چەمک و پێناسەی شیعری شانۆیی خراوەتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمدا شیعری شانۆیی لە ئەدەبی جیهانیدا خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (بنەما بیرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی شێرکۆ بێکەس دا) بەسەر چوار بیری سەرەکی دابەش دەبن و پێکدێن لە ( بیری سیاسی، نیشتیمانی و نەتەوایەتی، فەلسەفی، سۆز و ئەوین و ئیرۆتیکی).

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (بنەما هونەرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی شێرکۆ بێکەس دا) لەم بەشەشدا باس لە رەگەز و تەکنیکەکانی شیعری شانۆیی کراوە، نموونەی شیعری بۆ هەر یەکێک لە رەگەزە شانۆییەکان هێنراوەتەوە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەمان پێیان گەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | I |
| بەڵێننامە | II |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | III |
| پشتگیریی سەرپەشتیار | IV |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | V |
| پێشکەشکردن | VI |
| سوپاس و پێزانین | VII |
| پوختەی نامەکە | VIII |
| ناوەرۆک | IX-X |
| پێشەکی | ١- ٣ |
| **بەشی یەکەم : زاراوە و چەمک و مێژووی شیعری شانۆیی** | ٤-٤٢ |
| تەوەری یەکەم: تەوەری یەکەم: چەمکی شیعر | ٥ |
| ١-١-١: چەمک و پێناسەی شیعر | ٥ |
| ١-١-٢: جۆرەکانی شیعر | ٨ |
| تەوەری دووەم: زاراوە و پێناسە و فۆرمەکانی شیعری شانۆیی | ١٢ |
| ١ - ٢- ١: زاراوەی شیعری شانۆیی | ١٢ |
| ١ - ٢- ٢: پێناسەی شیعری شانۆیی. | ١٧ |
| ١ - ٢- ٣: فۆرمەکانی شیعری شانۆیی. | ٢٠ |
| ١. ئۆپێرا | ٢١ |
| ٢. ئۆپەرێت | ٢٣ |
| تەوەری سێیەم: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی جیهانیدا | ٢٤ |
| ١- ٣ - ١: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی دا. | ٢٤ |
| ١- ٣ - ٢: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کلاسیکی نوێدا. | ٣١ |
| ١- ٣ - ٣: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی عەرەبیدا. | ٣٦ |
| ١- ٣ - ٤: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا. | ٣٩ |
| **بەشی دووەم : بنەما بیرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس) دا** | ٤٤- ٨٩ |

| | |
|---|---|
| ژياننامەی شێركۆ بێكەس | ٤٧ |
| تەوەری یەكەم:  بیری سیاسی | ٤٩ |
| تەوەری دووەم:  بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی | ٦٣ |
| تەوەری سێیەم:  بیری فەلسەفی | ٧٠ |
| تەوەری چوارەم:  بیری سۆز و ئەوین و ئیرۆتیكی | ٨٢ |
| **بەشی سێیەم:  بنەما هونەرییەكان لە شیعرە شانۆییەكانی ( شێركۆ بێكەس)دا** | ١٢٣-٩١ |
| ١-  بیرۆكە | ٩٣ |
| ٢-  ڕووداو | ٩٤ |
| ٣-  كارەكتەر | ١٠٠ |
| ٤-  گێڕانەوە | ١٠٥ |
| ٥-  دیالۆگ | ١٠٨ |
| ٦-  مۆنۆلۆگ | ١١٢ |
| ٧-  كات | ١١٥ |
| ٨-  شوێن | ١١٨ |
| ٩-  چنین | ١٢١ |
| ئەنجام | ١٢٦-١٢٥ |
| لیستی سەرچاوەكان | ١٣٣-١٢٧ |
| ABSTRAC | A |

# پێشەکی

شیعری شانۆیی بەیەکێک لەدەقە مەزنەکانی مێژووی ئەدەب و شارستانیەتی مرۆڤایەتی دادەنرێ، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئەم ساتەش دەبینین بەدرێژایی ئەو مێژووە، شیعری شانۆیی توانیویەتی خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە ژیان و مرۆڤایەتی بکات، ئەوەش بەهۆی ئەوەی شیعری شانۆیی جگە لە نواندن، بایەخ بەکۆمەڵێک بیرو بابەتی وەک: (بیری سیاسی، نیشتیمانی و نەتەوەیی، ئەوین و ئیرۆتیکی، فەلسەفی) دەدات. لەهەمان کاتیشدا هەڵگری خەم و پەژارەو هەموو سۆز و هەستەکانی مرۆڤە. بەهۆی ئەم گرنگییەوە هەر لەسەرەتاوە بۆ خزمەتی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی ئاستی دنیابینی و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی هاتۆتەکایەوە، هەربۆیە لەگەڵ گەشەکردنیشیدا توانیویەتی بچێتە نێو زۆربەی ڕەهەند و بیرکردنەوەکانی ژیانی مرۆڤەوە، شاعیران سوودیان لەم جۆرە لە شیعر وەرگرتووە بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامە ئەدەبییەکانییان، وەک کەرەسەیەکی گرنگی ناو بیر و بابەت و ناوەرۆکی دەقە شیعرییە شانۆییەکانییان گرنگیان پێداوە.

بە دڵنیاییەوە، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی هاندان و ڕێنوێنی کردنی گەلێک جۆری لێکۆڵینەوە و قسەکردن لەسەر بیرو بابەت و ناوەرۆکی دەقی شیعری شانۆیی، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی کاریگەر بووە و سوودی وەرگرتووە لە ڕەگەزەکانی شیعر وەک زمانی شیعری و وێنەی شیعری، وەکو بەشێکیش لە شانۆ سوودی لە رەگەز و تەکنیکەکانی شانۆ بینیوە. ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر دەقە شیعرە شانۆییەکانی شێرکۆ بێکەس و بیر و هزر و تێڕامان و دونیابینی شاعیر دەربارەی ئەو سەردەم و بارودۆخ و ژینگەیەی کۆمەڵگەی کوردی کە شاعیر تیایدا ژیاوە کردووە.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

بریتیە لە (شیعری شانۆیی لە دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس)دا.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە تێیدا هەوڵمان داوە بە گشتی بیر و ڕەگەزەکانی شیعری شانۆیی لە دەقە شیعرییە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا دەستنیشان بکەین و لە دەقەکاندا بە نموونەوە بیسەلمێنین.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکار و گرنگی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە لەوەدایە، شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی گەورەی ناو ناوەندی ئەدەبیاتی کوردییە، ئەگەرچی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی لەسەر زۆربەی دەق و دیوان و پەخشانە شیعر و رۆمانە شیعر و دەقە والاکانی شاعیر کراوە، بەڵام لەسەر دەقە شیعرە شانۆییەکانی شاعیر هیچ کارکردنی زانستی نەکراوە، هۆکاری هەڵبژاردنی باسی ئەم توێژینەوەیە لەم سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بە میتۆدی (وەسفی شیکاری) کارمان لەسەر بابەتەکە کردووە.

## سنووری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان کارکردنی لەسەر دەقە شانۆییەکانی (کاوەی ئاسنگەر، ئاسک، دیوار و دەنگی خوێن)ی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)ی لەخۆگرتووە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (زاراوە و چەمک و مێژووی شیعری شانۆیی) لە سێ تەوەردا خراوەتە ڕوو: لە تەوەری یەکەمدا چەمک و پێناسە و جۆرەکانی شیعر باسکراوە. لە تەوەری دووەمدا زاراوە و چەمک و پێناسەی شیعری شانۆیی خراوەتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمدا شیعری شانۆیی لە ئەدەبی جیهانیدا خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (بنەما بیرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی شێرکۆ بێکەس دا) بەسەر چوار بیری سەرەکی دابەش دەبن و پێکدێن لە ( بیری سیاسی، نیشتیمانی و نەتەوایەتی، فەلسەفی، سۆزو ئەوین و ئیرۆتیکی). بەشی سێیەم بە ناونیشانی (بنەما هونەرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی شێرکۆ بێکەس دا) لەم بەشەیشدا باس لە رەگەز و تەکنیکەکانی شیعری شانۆیی کراوە و چۆنییەتی بەکارهێنانی و چنیین و هۆنییەوەی بونیادی ئەم رەگەزە شانۆییانە لای شێرکۆ بێکەس کراوە، لەگەڵ نموونەی شیعری بۆ هەر یەکێک لە رەگەزە شانۆییەکان هێنراوەتەوە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەمان پێیان گەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم
# زاراوە و چەمک و مێژووی  شیعری شانۆیی

## تەوەری یەکەم: چەمکی شیعر

١-١-١: چەمک و پێناسەی شیعر

١-١-٢: جۆرەکانی شیعر

## تەوەری دووەم: زاراوە و پێناسە و فۆرمەکانی شیعری شانۆیی

١ - ٢- ١:  زاراوەی شیعری شانۆیی

١ - ٢- ٢:  پێناسەی شیعری شانۆیی.

١ - ٢- ٣:  فۆرمەکانی شیعری شانۆیی.

## تەوەری سێیەم:  شیعری شانۆیی لە ئەدەبی جیهانیدا

١- ٣ - ١:  شیعری شانۆیی لە ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی دا.

١- ٣ - ٢:  شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کلاسیکی نوێدا.

١- ٣ - ٣:  شیعری شانۆیی  لە ئەدەبی عەرەبیدا.

١- ٣  - ٤:   شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا.

# بەشی یەکەم
# شیعری شانۆیی

## تەوەری یەکەم:  چەمکی شیعر

### ١-١- ١: چەمک و پێناسەی شیعر

شیعر، هۆنراوە، هۆزان یان هەڵبەست، بە ئینگلیزی (Poetry) ژانرێکە، کە کار دەکاتە سەر هەست و سۆز و هزری مرۆڤ. (شیعر ژانرە، ژانر وشەیەکی فەرەنسییە و بەمانای جۆر، چەشن ئەسڵەکەی بۆ (جینۆس)ی لاتینی دەگەڕێتەوە بەمانای جۆر، چەشن، ئەسڵ، بەڵام وەک زۆر مانای تری لاتینی کە دوورتر بۆ رەگە سانسکریتیی و هیندۆ ئەوروپاییەکەی دەگەڕێنەوە)(میراودەلی، ٢٠٢١: ١٦٣). شیعر هەوڵدانی بەردەوامی گەڕانەوەیە بۆ لای دەروون و ناوەوەی خود لە ڕێگەی وشەوە، پێش ئەوەی هیچ جۆرە بەکارهێنانێک ناچاری ناو یەک مانای کردبێت. شیعر، هەموو شتێکی مرۆڤانە و حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤ و بیرکردنەوەی ناو رۆحی لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت، واتە پێوەرەکانی ناوەوەی مرۆڤ بۆ شیعر و دەربڕین لەناوەوەی ئەزموونێکی بەردەوامە.

هەر بۆیە شیعر ((بەر لە هەموو شتێک بریتییە لە هێنانەکایەی دنیایەکی تازە، کە رۆح و دڵی مرۆڤ تێیدا دەشڵەژێ، وا دەکات هەموو توانای دەروونی مرۆڤ بەشدار بێت لە نووسیندا. (کانت) درکی بەو ڕاستییە کردووە و بۆ یەکەم جار ئەم بابەتەی بە شێوەیەکی زانستی خستەڕوو کە شیعر و هونەرەکانی دی بریتین لە چالاکییە دەروونییەکان، کە بەبێ هیچ کوتوبەندێکی جیهانی وێنەکێشراو سەچاوە دەگرێ)(سەعدون، ٢٠١٥: ٦١).

دەربڕین لە خود مانای ئەوەیە بتوانین هەمیشە هەموو شتێک بگێڕینەوە بۆ قۆناغی سەرەتا و بۆ ناو حاڵەتە دەروونییەکانی ناو هەست و سۆز و ناو گیانی خۆمان و گوزارشتکردن و دەربریینیان بە وشە و لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە. چەمکی شیعر لە فەرهەنگی ڕۆبێرت (Robert)دا بەم شێوەیە پێناسەکراوە (هونەری زمانە، بەگشتی پەیوەستە بەکێشەوە، مەبەستی دەربڕینکردنە لە شتێک، یان ئاماژە پێکردنی، کەرەستەکەیشی ئاوێزان بوونی وشەکانە، تیایدا ڕیتم و هاوئاهەنگی وێنە، گرنگییان وەک گرنگی ناوەڕۆکێکی ماقوڵە، یان زیاتریشە))(حسێن، ٢٠٠٨: ٧٣).

شیعر گەڕانەوەیەکی بەردەوامە بۆ لای وشە، گرنگی و جوانی شیعر لەوەدایە زیاد لە راڤەیەک و زیاد لە رامان و خوێندنەوەیەک لە خۆبگرێت. (شیعری نەمر ئەو شیعرەیە کە بەردەوام ناچارمان دەکات بۆ راڤەکردنەوەی بگەرێن, واتە ئەو شیعرەیە کە تێناگەین بۆ نەمرە، شیعری نەمر بەردەوام قسە لەگەڵ رەگەزێکی نهێنی ناو مرۆڤ خۆیدا دەکات)(عەلی، ٢٠١٢: ١١٨).

شیعر گوزارشتێکی هونەری پڕ لە هەست و سۆز و خۆشەویستییە، کە لە ناخی دەروونی شاعیرەوە دێت. ((شیعر یەکەمین دوانەکانی مرۆڤە لەگەڵ گەردوون و سروشت و جیهان، هونەری بەکارهێنانی زمان و ئابووریکردنە لە وشەدا و چڕبوونەوەی هزرو وەڕووخستنی شتە قورس و گرانەکانە بە زمانێکی نەرم))(رێبوار سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٤).

شیعر خۆی دەربڕینە لە هەستی مرۆڤ، جوانیی و گەورەیی و هێزی شیعر لەوەدایە کە دەتوانێت نەبێت بە کەرەستە، واتە دەتوانێت خۆی لە هەموو خواستێکی نێگەتیڤی و خراپ بەکارهێنان بە دوور بگرێت. بەم واتایەش شیعر یەکێکە لەو هێزە گەورانەی کە دەتوانرێت دژ بە ناشرینیەکانی ژیان و بیرکردنەوەی تاکڕەهەندی و دۆگمابوون بەردەوام کاربکات. تا ژیان ئاڵۆزتر و جەنجاڵتر بێت، شیعر بەها و گرنگی زیاد دەکات و جوانی و حاڵەتە رۆحییە بەهادارەکان دەخاتەوە ناو ژیان، ئەو بەهایانەی کە زانست و تەکنەلۆجیا باوەکان کاڵیان کردونەتەوە و هەوڵی ونکردنیان دەدات. ئەمەش ئەو هۆکارە سەرەکی و گرنگەیە کە بەردەوام بەها و نرخ دەدات بەم ژانرە.

شیعر ((بەمانای چەشن یان جۆر دێت، کەواتە شیعر چەشنێکە لە چەشنەکانی ئەدەب))(میراودەلی، ٢٠٢١: ١٧٠). بە مانایەکی تر شیعر وەک چەشنێکی ئەدەب و وەک بەشێک لە ئەدەبیات ژانرە. ((ژانری شیعر بابەتێک و هونەرێکی گەورەیە بۆ هێشتنەوەی خەیاڵ بە جوانی و ئازادی، شیعر ئەو بەشەی خەیاڵە کە بە بیرکردنەوەکانی زانست کۆنترۆڵ ناکرێت))(عەلی، ٢٠١٢: ٢٢).

لە خۆرا نییە کە (هەر شیکردنەوەیەک کە ئامانجی روونکردنەوە و لێدوان بێ، لە جوانی شیعر بە کارێکی زەحمەت دادەنرێ)(حەسەن، ٢٠٠١ : ٧٢). ئێمە لە دونیایەکدا دەژین کە بەردەوام باس باسی ئازار و کێشە و مردن و کۆتاییە، ترس و دڵەراوکێ بە شێکی زۆری ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆی داگیرکردووە. بەڵام شیعر وەک یەکێک لە هەرە جوانترین چالاکییەکانی مرۆڤ لە هەموو شوێنێک و جێگایەک دەکرێت کۆمەک بە ژیان بکات و ئەم دڵەڕاوکییە ئاسایی بکاتەوە. ((شیعر زاراوەیەکی ئەدەبییە دەربڕین لە لە هونەرێک دەکات کە دەربڕینێکی ستاتیکی هەڵچونەکانی مرۆڤە))(قەرەنی. ٢٠٠٧: ٢٢).

شیعر زمانی رۆحە، بابەتێکی گرنگ لە شیعردا ئەوەیە کە مەحاڵە بابەتی ئازادیی بیرکردنەوە و ویستەکانی مرۆڤ لە بیربکات، کە لە خەیاڵی ئێمەی مرۆڤدا بوونی هەیە.

ئەم ژانرەی ئەدەب ((چالاکترین هێزی دەربڕینە بۆ دەرخستنی کەسایەتی و پاڵنەرە بۆ دەرخستنی بیرو بۆچوون و هەڵوێستەکان، رەنگە ئامرازی تری دەربرین بە دەگمەن فریامان بکەوێت و نەتوانێ وەک شیعر ئەو هێزە خەفەبوانە بتەقێنێتەوە کە بەچەندین جۆر و شێواز لە ناخماندا هەیە))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١١٥). ئەگەرچی  زمانی ئەدەبیش خاوەنی کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی دیاریکراوە، کە بە هۆیانەوە لە زمانی ئاسایی جیا دەکرێتەوە، ((دەربڕینیش لەم زمانەدا چالاکی زیاترە لەو دەربڕینەی کە لە زمانی ئاساییدا هەیە، چونکە جگە لە دەربڕینی واتا بنچینەیەکەی خۆی، ئاماژە بە لایەنی نەبینراویش دەکات، هەروەها لایەنی هەڵچوون و خەیاڵ کردنیش دەگرێتەوە. کەچی دەربڕین لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات کە راستەوخۆ لەبەر چاومانە)(علی، ٢٠٠٩، ٢٧).

بە بۆچوونی ئێمە شیعر دەربڕینێکی هونەری پڕ لە هەست و سۆز و خۆشەویستییە، کە لە ناخی دەروونی شاعیرەوە دێت. شیعر هۆیەکی گرنگە بۆ دەربڕین لە هیوا و خەون و خەیاڵ و هەستی سۆزداری و باوەڕ و رازەکانی ناو بیر و گیانی مرۆڤ، هەر لەگەڵ سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر ئەم ئەستێرەیە، شیعر پەیدابووە و مرۆڤ لە رێگەی ئەم ژانرەی ئەدەبەوە، دەربڕینی لە هەست و سۆز و حاڵەتە دەروونی و خودییەکانی ناوەوەی خۆی کردووە لەبارەی  بیر و هزر و بابەتەکانی ناو ژیانی خۆی هەڵوێستەکانی دەربڕیووە و لە ڕێگەی زمانی ئەدەبەوە ئەم حالەتەی. دەربڕیووە، شیعر جۆرێک لە ئازادی و هەڵوێست و هەستێکە کە تەنها زمانی شیعر توانای ئەم دەربڕینەی لە خود هەیە.

### ١-١-٢: جۆرەکانی شیعر:

به دڵنیاییەوە ئەگەر بمانەوێت باس لە جۆرەکانی شیعر بکەین و لە چەمکی شیعری شانۆیی تێبگەین، پێوستە ئاشنای جۆرەکانی دیکەی شیعریش ببین، تا بتوانین بەتەواوەتی چەمکی شیعری شانۆیی روونبکەینەوە. ئەگەرچی پێشتر شیعر هەر هەبووە و هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە شیعر پەیدابووە، لای مرۆڤەکان بۆ دەربرینی خەون خواستەکانیان چەندین جۆر و شێوازی ئەدەبی لە شێوەی سەرزاری و دواتر بە شێوەی ئەدەبی نوسراو سەریانهەڵداوە و پەیدابووە.

ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا ئەوەیە، کە شیعری شانۆیی یەکێکە لە چوار جۆرە سەرەکییەکەی شیعر، کە ئەو چوار جۆرەیش بریتین لە: (١. شیعری داستانی، ٢. شیعری لیریکی، ٣. شیعری فێرکردن، ٤. شیعری شانۆیی). ئەم جۆرانەی شیعریش پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە یەکترییەوە هەبووە، تا رادەیەکی زۆر بەناویەکدا چوون، دواتر بە پێی پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کاتەی کۆمەڵگای یۆنانی گەشەیانکردووە .

### ١. شیعری داستانی:

سەرەتا باسی شیعری داستانی دەکەین، ((چونکە یەکەم جۆری شیعر بووە و هەرچەندە پێشتر شیعر هەر هەبووە، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە و تۆمارکراوە و بەدەست مرۆڤایەتی گەیشتووە شیعری داستانییە، کە لە زاراوە یۆنانییەکەیەوە (epos) وەرگیراوە و مانای گێڕانەوە و ئاخاوتن دەگەیەنیت))(عەوڵڵا، ٢٠١١: ٤٠). کەواتا سەرەتایی ئەدەب بە شیعر دەستی پێکردووە و لەناو جۆرەکانی شیعریشدا بە شیعری داستانی.

خاڵی سەرنجراکێش لێرەدا ئەوەیە کە ((ئیپیک لە واقیع و ژیاندا و لە ناکۆکیی نێوان خەڵکدا، لە دەوروبەر و کەشوهەوای جیا و لایەنی جیاوازدا، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و شەخسییەکاندا دەردەکەوێ و تایبەتمەندی جیاوازی هەیە، ئیپک و دراما هەندێ شتی هاوبەشیان هەن و لە لیرک جیا دەبنەوە))(محەمەد، ٢٠١٨: ٤٥).

بێگومان شانۆ و چەمکی داستان لە چەندین ڕوویشەوە توخمی هاوبەش و لێکچوو کۆیان دەکاتەوە، بەڵام هەر یەکێکیشیان سیما و بنەما و توخمی تایبەتمەندی خۆی هەیە. ((داستان چیرۆکی پاڵەوانێکە لەڕێگای شیعرەوە دەگێڕدرێتەوە، لە دوو توێیدا کرداری سەمەرە و ناوازە دەبینرێن کە خوداوەندەکان و پاڵەوانە میللیەکان و پیاوانی ئاینی لە شارستانیەتی کۆن ئەنجامی دەدەن))(حاجی، ٢٠٠٩: ١٧).

له خوارەوە نموونەیەک لە  شیعری داستانی  لە داستانی (مەم و زین) دەخەینە بەرچاو:

**خانی  لە داستانی مەم و زین دا دەڵێت:**

**خوداوەند، بە نازی نازەنینان**
**خوداوەند، بە نیازی غەم گوزینان**
**خوداوەند، بە ئاڤی چاڤی بولبول**
**خوداوەند، بە خوناوی یاوی سوورگوڵ                    (خانی،٢٠٠٧: ٢٦٠).**

## ٢. شیعری گۆرانی (لیرکی):

مەبەست لە شیعری گۆرانی (لیرکی)، مەبەست لەو شیعرانەن کە ((بەو کێشە تایبەتیانە هۆنرابوونەوە، کە بە مەبەستی گۆرانی گوتن بە هاوکاری ئامێرە مۆسیقییەکان بوو. گۆرانییەکەش یان بە تاکەکەس دەگوترا یان بە کۆمەڵ)(سالار، ٢٠٠٩: ٢١).
بە ڕای (مارف خەزنەدار) شیعری لیرکی ((پارچە شیعرێکی کورتە لە مەبەستەکانی دڵداری و جوانی و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دانایی و ئایین  و فەلسەفە و  سۆفیزم و بزوتنەوەی دەروونی ئادەمیزاد و ناوەرۆکی تر دەدوێ، لە بنەڕەتدا، لە کۆنەوە بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەنرا))(خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٧٣).

گرنگی و جێی بایەخی شیعری لیرکی لەناو ئەدەبدا لەو ڕاستییەوە دێت کە ((کەش و هەوایەکی پڕ لە حەز و سۆزی تێیدایە و هەست بە حزووری شاعیر دەکەیت تێیدا، لە هیچ بابەتێکی تریشدا ئاوا هەست بە بەهێزی شیعر ناکەیت))(محەمەد، ٢٠١٨: ٣٨).  شیعری لیریکی پانتاییەکی گەورە و فراوانی لە دنیای ئەدەبدا داگیر کردووە، بە بۆچوونی دڵشاد عەلی ((هۆنراوەی خودی، ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەیەکی کەسی دەربڕێ))(عەلی، ١٩٨٨: ٢٢). ئەم جۆرەی شیعر گوزارشتکردن و دەربڕینی هەستەکانی ناوەوەی خودی شاعیر خۆیەتی، بەتایبەت دەربرین لە خود کە خەسڵەتێکی دیاری شیعری لیرکییە و پەرچەکرداری ناوەوەی دەروونی شاعیرە.

ئەم نموونە شیعرییەی لای خوارەوە وەک نموونەی شیعری لیرکی دەخەینە دەهێنینەوە:

**جوانی بێناو/ گۆران**

**قـژ کاڵی لێو ئاڵی، پڕشنگی نیگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ!**
**ئەی کچـە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو**
**گەندەمووی دەم و چاو، مەچەک هەڵنەگرتوو!**
**ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک!**
**ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک!**
**ڕاستە من ڕێبوارم، سەرپێ یی ئەڕوانم**
**بەڵام وا جوانیی تۆ کاری کرد لە گیانم،**
**ئەڵێی نەک هەر ئێستا، عومرێکی درێژە**
**بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە!** **(گۆران، ١٩٨٠: ٤٦)**

### ٣. شیعری فێرکردن:

شیعری فێرکردن وەک جۆرێکی سەرەکی شیعر لە سەدەی (هەشتی پ.ز) لە ئەدەبی یۆنانیدا سەریهەڵداوە، لە ڕێگەی شاکارەکانی (هێزیۆد)ەوە ڕێچکەیەکی شیعری تایبەت بە فێرکردن دامەزرا)(قەرەنی، ٢٠٠٧: ٥). شێوازی شیعری فێرکردن جیاوازە لە شێوازی شیعری لیرکی چونکە خاڵییە لە هەست و سۆز و خەیاڵ. (فازل مەجید مەحموود) دەڵێت: ((شیعری فێرکردن مەرج نییە تەنیا بۆ منداڵ بێت هەندێجار بۆ گەورەش دەنوسرێت وەک (الفیە بن مالك))(مەحموود، ٢٠٠٤: ٩٢). چونکە مەبەستی سەرەکییە تیایدا فێرکردنە. (حەمەکریم هەورامی)یش دەربارەی شیعری فێرکردن دەڵێت: ((بۆ فێرکردنی شتێ بەکارهاتووە نەک بۆ هەست و سۆز بزواندن و ئاوەدانی ویژدان))(هەورامی، ٢٠٠٥: ١٥٨). بە مانایەکی تر ئەم جۆرەی هۆنراوە تەنها بۆ مەبەستی فێرکردنە. دلشاد عەلی دەڵێت: ((هەر لە کۆنەوە هۆنراوە بە هۆی هەردوو بنەما گرنگەکەیەوە کە کێش و قافیەیە یارمەتی لەبەرکردنی دەدەن، بووەتە هۆیەکی فێرکردن و گەلێ بابەتی هەمەجۆری گرتۆتە خۆی، لەوانەش بابەتی هونەری ئەدەب))(عەلی، ١٩٨٨: ٢١).

شیعری فێرکردن ئەو شیعرەیە، کە سوود بە خوێنەر یا گوێگر دەگەیەنێ، لە هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیدا. لە ڕێگای دەربڕینی ڕاوبۆچوونێک یان پەندێک یان

ئامۆژگارییەک، لە چەند دێڕێکی ئاشکرا و دیاریکراودا.  کە لەبەرکردنیان ئاسانە و بە زووترین کات لەبەر دەکرێت و دەوترێتەوە.  بەم پێیە لەرووی مەبەستی  زانست و زانیاری فێرکردنەوە جێگای بایەخ بووە و گرنگییەکی زۆری خۆی هەبووە، وەک لەم نموونە شیعرییەی خوارەوەدا ڕوون وبەرچاوە:

نموونەیەک لە شیعری فێرکردنی (لەتیف هەڵمەت) لەژێر ناوی (نیشتمان) دا:

**وەک چـــــۆن باڵـــــدار**
**لانـــەی هــەیە لەســـەر دار**
**وەک چـۆن پەپوولـەی جوان**
**لانــە دەکـەن لەنـاو گــوڵان**
**وەک چـۆن مـانـگی تـابــان**
**مــاڵی هــەیە لـە ئـاســمـان**
**وەک چۆن مـاسـی و حـەزیـا**
**مـاڵیـان هـەیە لەنـاو دەریـا**
**منیش نیشتمانم هـەیە نیشتمان**
**نیشتمانم کوردستانە کوردستان** **(هەڵمەت،٢٠١٣: ١٩)**

## ٤. شیعری شانۆیی:

شیعری شانۆیی بەیەکێک لە جۆرەکانی شیعر دادەنرێت.  شیعری شانۆیی بەشێکی دیارو گەورە لە ئەدەبی میللەتان پێکدەهێنێت و قەوارەیەکی تایبەت بە خۆی تۆمارکردووە و جێگەی گرنگی و بایەخی شاعیران بووە.  بێگومان شیعری شانۆیی لای هەموو نەتەوەکان بە پێی بارودۆخی کۆمەڵگەکەو جۆرو شێوەی کرانەوەی گەشەیکردووە ئاست بەرزی و هۆشیاری کۆمەڵگە رۆڵێکی سەرەکی و دیاری هەیە لەم پەرەسەندنەدا. شیعری شانۆیی ژانرێکی ئەدەبییە و یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر و دەقێکی ئەدەبی و هونەرییە، تیایدا هەم دەقی شیعری  و هەم نواندنی سەر شانۆ ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەربڕینیدا. بنیاتی هونەری و ڕەگەزە سەرەکییەکانی وەک (بیرۆکە و ڕوداو و دایالۆگ و مەنەلۆگی کارەکتەر و کات و شوێن و چنینێکی پتەو و گێڕانەرە)  گرنگی گەورەی هەیە لە شیعری شانۆییدا.

## تەوەری دووەم

## زاراوە و پێناسە و فۆڕمەکانی شیعری شانۆیی

### ١-٢-١: زاراوەی شیعری شانۆیی:

دەربارەی زاراوەی شیعری شانۆیی و بۆ ناسینی ئەم زاراوەیە وەک سەرەتا و دەستپێک، شیعری شانۆی زاراوەیەکی ئەدەبییە و وشەی ((الشعر المسرحي) راستەوخۆ لە زاراوەی ئینگلیزی (dramatic poetry)ەوە وەرگیراوە))(فەتحی، ١٩٨٦: ٢١٧). زاراوەی شیعری شانۆیی وەرگێرانێکی زاراوەی (الشعر المسرحي)ی عەرەبییە. نوسەرانی عەرەبیش ئەم زاراوەیان لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە. بێگومان شیعری شانۆیی و شیعری درامی، بە یەک ماناو بە یەک مەبەست بەکار دەهێنرێت.

دەربارەی زاراوەی شیعری شانۆیی ((جان کۆکتۆ)ی شاعیری فەڕەنسی زاراوەی (شیعری شانۆیی) لە بەرامبەر (شیعر لە شانۆ)دا داهێنا و بەکارهێنا))(بیکوک، ١٩٧٨: ١٨٣). لە فەرهەنگی زاراوەی درامیی و شانۆیی بەم شێوەیە باس لە دراما دەکات (دراما، وشەیەکی یۆنانییە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (Dran)وەرگیراوە، بە واتای (کاردەکات) یان بە کارێک هەڵدەستێت)(حەمادە، ١٩٧١: ١٤٣).  بە ڕای ابراهیم سکریش ((وشەی دراما لە (کار)ی یۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە و بەمانای (کاربکە)، واتە مانای (کار) یا (روداو) دەبەخشێ))(سەکەر، ١٩٦٨: ٣).

لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا هاتووە دراما ((دارشتنێکە لەشێوەی پەخشان یاخود بە شیعر دەنوسرێت بەمەبەستی نواندن لەسەر شانۆ، بەهۆی دیالۆگ و کردارەوە چیرۆکێک و بابەتێک دەخاتە ڕوو))(ئەسلن، ١٩٧٨: ٧).

هەر دەربارەی وشەی دراما بە ڕای (ئەحمەد سالار) دراما  ((وشەیەکی یۆنانییە و لە وشەی (Dram)ەوە هاتووە مانای کار فەرمان (Action) دەگەیەنێت))(سالار، ٢٠٠٧: ٧).

(محەمەد مەندور)یش هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دراما لە (کار)ی یۆنانییەوە (Drao) وەرگیراوە و بە واتای (کار دەکات یان دەجوڵێت) دێت))(مەندور، ١٩٧٤: ٦٥). ئەم وشەی درامایە هەر لەو زمانە کۆنە یۆنانییەوە گەیشتە گەلانی تری وەک عەرەب و تورک، هەر بەو جۆرە خۆشی هاویشتە نێو زمان و فەرهەنگی ئەدەب و هونەری گەلی کوردیشەوە، کە بەکارهێنانەکەی زۆر کۆن نییە))(سالار،٢٠٠٧: ٧).

سەبارەت بە وشەی دراما ئەوەی گرنگە  لێرەدا بەدواداچوونێکە دەربارەی خودی زاراوەکە خۆی، ((دراما وشەیەکی یۆنانی ڕەسەنە لە زمانی ئەواندا بەمانای (کردار- فعل) دێت، یان دراما

له وشەی (درامینون)ی یۆنانی وەرگیراوە بەمانای (کاری شتێک-عمل شئ))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٣). لە کتێبی (فەرهەنگی شانۆ)ی یاسین قادر بەرزنجی ئاماژەی بەوە کردووە، کە وشەی دراما دەگەڕێتەوە سەر (Dran) یۆنانی، کە بە واتای دەیکات یان کردبێت دەگەیەنێت، دواتر وشەکە لە زمانی لاتینیدا بووەتە (drama) و گوێزراوەتەوە بۆ زمانە نوێیە ئەوروپییەکان.(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٤١). کەواتە دەکرێ بڵێین دراما وشەیەکی یۆنانی کۆنە و مانای (کار یان جوڵە) دەگەیەنێت. هەمان وشە لە زۆربەی زمانی گەلانی دنیا بەکاردەهێنرێت و زمانی کوردیش هەمان زاراوەی وەرگرتووە و بەکاریهێناوە.

لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی بەم شێوەیە باس لە دراما دەکات ((دراما، نواندنێکی درووست و واقعییە ناتوانین بڵێین تراجیدیایە یان کۆمیدیا، چونکە دەقمان هەیە، هەردوو جۆرەکەی تێدایە))(وەهبە، ١٩٧٤: ١٢١). لەبەرئەوەی کە دەقی شانۆیی هەیە کە هەردوو شێوەکەی تێدایە و باس لە هەردوو جۆری تراجیدی و کۆمیدیش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە حاڵەت و کێشەیەک لە کێشەکانی ژیانی واقعی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات.

کامەران سوبحان لە کتێبی (فەرهەنگی شانۆیی)دا دەڵێت: ((ئەو شانۆگەرییە دەگرێتەوە، کە بە شیعر نووسراوە بۆ نواندن لەسەر تەختەی شانۆ))(سوبحان، ٢٠٠٤: ١٢٦). هەر سەبارەت بە وشەی دراما، ((دراما بە سادەترین شێوە بە واتای کار، یان لاساییکردنەوەی کار دێت، مەبەست لە لاسایکردنەوەی کارێکی نایابە کە شایستەی هەڵگرتنی بیرۆکەکە بێت، چالاکییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لە خۆگرتبێت))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٥). لێرەدا مەبەست لە چالاکییەکی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتییانە بێت، کە بتوانێت کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دروستبکات و هەستەکانی بجوڵێنێت، بەجۆرێک کاریگەرییەکە لەسەر ناخی مرۆڤەکان، خوێنەر بێت یان بینەر هەستی پێبکرێت و ڕەنگدانەوەیەک لە ناخیاندا دروستبکات.

زاراوەی شیعری شانۆیی ((زاراوەیەکی لێکدراوە و لە خودی خۆیدا دوو جۆر چالاکی پیشان دەدات، (دەق) شیعر و (نواندن ) شانۆیە، یەکەمیان ئەدەبی هونەرییە، ئەرکی خوڵقاندنی چیرۆکە ڕووداوێکە بەتەواوی بەش و کەسایەتییەکانەوە کە لە چوارچێوەی دەربڕینێکی گونجاوی ئاخاوتندا، لە دیالۆگێک دادەڕێژرێت، بەڵام دووەمیان کەسانێک لەدەرهێنەر و ئەکتەر لە ئەستۆی دەگرن و ئەو ئەرکە دەخەنە سەر شانیان کە مەسەلەی کەسایەتییە شانۆییەکان و خوڵقاندنی کەش و چوارچێوەکەی بەرجەستە بکەن))(عەولا، ٢٠١١: ٢٧).

لەناو ئەدەبیاتی ڕابردووی کوردیشدا بەدەر لەبەکارهێنانی زاراوەی (دراما) چەندین زاراوە و وشەی تریش لە بەرامبەر ئەو زاراوە گشتگیرە بەکارهاتووە، زاراوەی (تیاترۆ) دواتر (پیەس) یان بەکارهێناوە. زاراوەی (شانۆ) لە زمانی نووسینی کوردیی سەدەکانی کۆندا لای شاعیران و نوسەرانی کلاسیکی کورد و هەروەها لە هیچ فەرهەنگێکی (کوردی- بێگانە یان بێگانە-

کوردی) سەدەکانی رابردوودا بە دیناکرێت. بۆ یەکەمجار (مەحوی) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، زاراوەی تیاترۆی (Theatre) لاتینی بەم شێوەیە بەکارهێناوە)(پیربال، ٢٠٠١: ١١). ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە لە ناوەندی ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیری کوردییدا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی (دراما) چەند زاراوە و وشەیەکی تریش لەگەل ئەو زاراوەیەدا بەکارهاتووە،

لەسەرەتا بە ((پیشاندانی کارێکی لاسایی کەرەوە یان بەپێشکەشکردنی بەرهەمێکی ناو بۆنەو کارە ئاهەنگ ئامیزەکان و خستنەڕوی بابەتێکی داستانی یا چیرۆکێک یان ڕوداوێک یان هەر نمایشێک زاراوەی (تیاترۆ) دواتر (پیەس)یان بەکارهێناوە، پاشان هێدی هێدی زاراوەکانی وەک (تەمسیل و فەننی تەمسیل) و (درام یان دراما) و (نمایش) و (شانۆ)، پاشانیش بە بەکارهێنانی چەند پاشگرێکی وەک (گەر، گەری، یی، نامە) زاراوەکانی وەک (شانۆگەری، شانۆگەر، شانۆیی، شانۆنامە) بەکارهێنراون))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٦). لەگەڵ زاراوەی شیعری شانۆییشدا شیعری درامی بەکارهێنراوە. لێرەدا مەبەست لە زاراوەی شیعری درامی ((شیعری شانۆییە و هەمان واتا دەگەیەنێت. بەمەیش زاراوەی شیعری شانۆیی واتای شیعری کردار یان شیعری جووڵە دەگەیەنێت))(عەولا، ٢٠١١: ٢٧). لە شیعری شانۆییدا کێشە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان دەبنە بابەتی شیعری، گفتوگۆ و دیالۆگ و ڕاوبۆچوون گۆڕینەوە هەمیشە ئامادەییەکی دیاری هەیە لەم جۆرە شیعرەدا. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە، ئاماژەش بە بەکارهێنانی هەریەک لە زاراوەکانی وەک (تیاترۆ، پیەس، نمایش، شانۆ، تەمسیل یا فەننی تەمسیل) بدەین کە لە ناوەندی هونەری و ئەدەبیاتی کوریدا بەکارهێنراون.

## تیاترۆ : (Theatre)

ئەم زاراوەیە، زاراوەیەکی لاتینییە (Theatre)، بۆ یەکەمین جار لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەدێرە شیعرێکی شاعیری گەورە (مەحوی)دا بەکارهاتووە، ئەوەی مەبەستی گرنگە لێرەدا بەکارهێنانەکەیە نەک واتای وشەکە و سروشتی ئەو بەکارهێنانەیە: مەحوی شاعیر دەڵێ:

**دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، برۆ کێ مایەوە تیا کەنەبوو بی تیا ، ترۆ! (پیربال، ٢٠٠١: ١١).**

هەروەها مامۆستا (عبدولرەحیم رەحیمی هەکاری) کە بەیەکەم نوسەری کورد دەژمێردرێت کە بە زمانی کوردی لەساڵی (١٩١٩)دا لە ئەستەمبوڵ لەگۆڤاری (ژین)دا، هەکاری دوو زاراوەی (پیەس و تیاترۆ)ی بەکارهێناوە. (هەروەها لە ژمارە (٥٥)ی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا کە

(مێجەرسۆن)ی حاکمی سیاسی ئینگلیز لە ساڵی (١٩٢٠)دا لە سلێمانی دەریدەکرد زاراوەی تیاترۆ بەکارهاتووە)( پیربال، ٢٠٠١: ١٢).

ئەو کاتەی یەکەم دەقی شیعری شانۆنامەی کوردی (مەمێ ئالان)ی لەو گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە، (عبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری) لەدەسپێکی دەقەکەیدا نوسیویەتی:

**پیەسا کوردی**

**مەمێ ئالان**

**تیاترۆیا کوردان فەزیلەتێ کوردان نۆشی ددت**

**دو پەردە پیەس**

**ئەسەرا: عبدولرەحیم رەحمی هەکاری.**

**ئەشخاس: مەمێ ئالان (پیربال، ٢٠٠٢: ١٣٢).**

## تەمسیل:

تەمسیل زاراوەیەکی عەرەبیە، بەهۆی کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبییەوە لەسەر کورد هاتۆتە ناو ئەدەبیات و زمانی کوردییەوە، بە بۆچونی (فەرهاد پیربال) دەڵێت: ((تەمسیل بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٠دا لەناوی لیژنەیەک دا بەکارهاتووە کە لە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) لە هەولێر بەناوی (لیژنەی فەن و تەمسیل) دامەزراوە، وەک لەم لیژنەیەوە دەردەکەوێت، بە هونەری شانۆ وتراوە تەمسیل واتە زاراوە عەرەبیەکە (تمثیل) بەکارهێنراوە))(پیربال، ٢٠٠٠: ٢٧٦). هەر لەگەڵ ئەمەشدا وشەی (نمایش) کە زاراوەیەکی فارسییە، بەهۆی کاریگەری ئەدەبیاتی فارسییەوە لەسەر کورد و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، ((هاوکات پیرەمێرد لەهەندێک شوێندا نمایشی بەکارهێناوە، بەڵام دواتر لەناو کوردا، بەرامبەر زاراوەی (نمایش)ی فارسی و (تەمسیل)ی عەرەبی زاراوەی (نواندن) بەکارهاتووە))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٩).

## پیەس: (Piece)

ئەم زاراوەیە ((لەبنەڕەتدا لە زاراوەیەکی لاتینییەوە سەرچاوە دەگرێ (Piece)، بۆ یەکەمجار لەلای نوسەری کورد (عەبدولرەحیمی رەحمی هەکاری) وەک زاراوەیەک لەبری شانۆنامە بەکاری هێناوە، وەک چۆن زاراوەی (تیاترۆ)ی بەکارهێناوە بەهەمان شێوە (پیەس)یشی بەکارهێناوە))(پیربال، ٢٠٠١: ١٢).

دەربارەی ئەم وشەیە ((پیرەمێردی شاعیر لە وتارە رەخنەییەکەیدا کە بە یەکەم ڕەخنەی شانۆیی لەمیژووی ئەدەبی کوردیدا دادەنرێت لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٧٥)ی(١٩٢٧/٨/٢)دا بڵاوی کردۆتەوە، لەباسکردنی شانۆگەری (نیرۆن)دا، کە لە سلێمانی پێشکەشکراوە زاراوەی پیەس و چەند زاراوەیەکی تری بەکارهێناوە))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٨).

**شانۆ:**

زاراوە و وشەی شانۆ وشەیەکی تازەیە لە ئەدەبی کوردیدا، ((یەکەم بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو (سەدەی بیست)، بۆ یەکەمجار گۆرانی شاعیر ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە. لە ئەدەبی کوردیدا زاراوەی شانۆ بەرامبەر دراما بەکارهاتووە یەکەمین کەسیش کە ئەم زاراوەیەی داناوە بۆ دراما یان بەرامبەر دراما بەکاری هێنابێت (گۆران)ی شاعیرە))(ساڵح، ٢٠١٨: ٣٥٢). بۆ یەکەمجار لەزمانی کوردیدا شاعیری داهێنەر و نوێخواز گۆران لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستدا، ((یەکەم نوسەری کوردە کە لەساڵی (١٩٥٠)دا زاراوەی (شانۆ)ی لەجیاتی (مسرح) و (تمثیل)ی عەرەبی و (تیاتر)ی ئینگلیزی بەکارهێناوە، ئەمەش لە شیعرێکیدا بەناوی (جلیوەی شانۆ) بەکاری هێناوە. تێیدا باسی چالاکیەکی هونەری دەکات کە لەسەر تەختەی شانۆیەک بەڕێوە دەچێت. لەدیوانی (فرمێسک و هونەر))(پیربال، ٢٠٠١: ١٣). لە پاش ئەم بەکارهێنانەی (گۆران)ی شاعیر وردە وردە بەکارهێنانی زاراوەی (شانۆ) لەناو ئەدەب و هونەر و لەناو ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا زیاتر ڕووی لە گەشە و بەکارهێنان کردووە، بەجۆرێک بوو بە بنچینەیەک بۆ ((داڕشتنی چەند زاراوەیەکی تری وەک (شانۆیی، شانۆگەری، شانۆنامە) و زاراوەی (شانۆنوس و شانۆنامەنوس) بۆ ئەو نووسەرانەی بەرهەمی شانۆیی دەنوسن بەکارهێنراوە))(حەسەن،٢٠٠٤: ١٠).

بە ڕای فەرهاد پیربال ((وشەی شانۆ لە وشەی (شێننێ یان شێننۆ (scene)ی ئیتاڵیەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی، ئەمەش بەهۆی ئەو شانۆییە ئیتاڵیانەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا لەئەستەمبوڵ پێشکەشکراون، لەو دەمەیشدا دەیان نوسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری کورد کە لەناو ئەستەمبوڵدا بوون ئەو بەرهەمە شانۆییانەیان دیوە و گوێبیستی زاراوەکە بوون))(پیربال، ٢٠٠١: ٤).

هەروەها هەر وەک یاسین رەشید حەسەن دەڵێت: ((دەتوانین گریمانەیەکی تری جیاواز زیادبکەین و ئەویش بخەینەڕوو کەڕەنگە زاراوەی شانۆ لە(شانامە)ی فارسییەوە وەرگیرابێت

کەمێژووی لە شێوازی چیرۆکی سەرنجبەردا پێشکەشکردووە، نزیکی زمان و گەلی فارس و تێکەڵاوی کورد لەگەڵیدا بواری دروستبوونی ئەو ڕایە دەدات))(حەسەن، ٢٠٠٤ : ١٠).

لێرەوە بەم شێوەیەی کە باسکرا زاراوەکە وەرگیراوە و هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و بەکارهاتووە. بۆیە دەتوانین بڵێن هونەری شانۆ ژانرێکی نوێیە، وەک دەردەکەوێت (شانۆ)یش وشەیەکی ئەوروپییە و کوردی نیە، کە هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە هونەری شانۆ لەسەرەتای سەدەی بیستەوە لەڕێگەی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی ئەوروپی و ئەدەبی تورکی و وڵاتانی دراوسێوە هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

## ١-٢-٢: پێناسەی شیعری شانۆیی:

شیعری شانۆیی یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر، بە دڵنیاییەوە شانۆ لای هەموو نەتەوەکان بە پێی بارودۆخ و قۆناغی ئەو ژینگەیەی کە لەو کاتەدا ئامادەیی هەیە و جۆری ئەو ژیانەی, کە ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیەی تێدایە گەشەیکردووە، هەروەها ئاست و ڕادەی بەرزبوونەوەی هۆشیاری کۆمەڵگە ڕۆڵێکی سەرەکی و بەهایەکی گەورەی هەیە لەم پەرەسەندنەدا. دەربارەی شیعری شانۆیی لێکۆڵەر و پسپۆرانی شیعری شانۆیی و دراما هەریەک لە تێڕوانینی خۆیەوە پێناسەی کردووە. فەیلەسۆفی یۆنانی (ئەرستۆ) لە کتێبی (هونەری شیعر) دا زۆر بەوردی ئاماژەی بە دراما کردووە و بابەت و باسەکانی شیکردۆتەوە، بەتایبەتی بابەتی تراجیدیا، ئەرستۆ بەم جۆرە پێناسەی تراجیدیا دەکات، ((تراجیدی لاساییکردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتووە کە درێژییەکی دیاری هەیە و بە زمانێکی پاراو نووسراوە کە چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە کە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەریدا دەگونجێن و ئەمەش هەموو بە شێوەی درامی نەک بە گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە (بەزەیی) و (ترس) دەوروژێنێ و بەمەش (پاکبوونەوە) لەم دوو سۆز دێتەدی))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٢٧). کەواتە لەگەڵ ریزبەندیی و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ناو دەقەکەدا ڕوونی و ئاسانی گەیاندنی بابەت و گفتوگۆ و دیالۆگی کارەکتەر لەگەڵ بنەما هونەرییەکانی تری دەقەکەدا گرنگی گەورەی هەیە. هەر لە پێناسەکردندا بۆ دراما، بەڕای بورمارشیه ((دراما لاساییکردنەوەی هونەریی ڕوداوەکانی ژیانە))(رشدی، ١٩٧٦: ١٠٩)، لویس فارغاس ڕای وایە ((دراما رویەکی تری ژیانە، هەمیشە لە هەنگاونان و گۆڕان و بەرەوپێشچوون و گەشەکردندایە))(سەلامە، ١٩٨٦: ١٠). (جۆرج وایتفیلْد)یش دراما بەم شێوەیە دەناسێنێ کە ((هونەری گێڕانەوە یان لاساییکردنەوەی کارێکی مرۆڤانەیە، کە ڕەگەزەکانی (روداو، کاراکتەر، ململانێ،....) لەخۆدەگرێ

بەرهەمی گێڕانەوەیش چ چیرۆک و رۆمان بێت، یان دەقی شانۆ بێت روداو و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، کە یان نوسەر خولقینەرێتی یان لە مێژوو و داستان و ئەفسانەکانەوە سەرچاوەدەگرێ))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٣). بەم شێوەیە وشە و چەمکی شیعری شانۆیی لەڕووی دەقەوە، هەموو هونەرەکانی شیعر لەخۆدەگرێت و قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی چڕدەکاتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەرووی نواندنەوە کەرەستەکانی شانۆیی لە ئەستۆی خۆی گرتووە. کەواتە شیعر و شانۆ تێکەڵی یەکدین و لەناو چوارچێوەیەکدا تێک ئاڵاون و هەریەکێکیان سوودی لەرەگەزەکانی ئەوی دیکە وەرگرتووە. ئەم سوود وەرگرتنەش وەکو پێویستییەکی گرنگی سەردەمەکە بووە.

هەر لە پێناسەی دراماداو، نوسەر و شانۆکار (ئەحمەد سالار) پێیوایە کە ((دراما دوو شت دەگەیەنێت: یەکەمیان- ئەو بابەتە ئەدەبیەیە کە وەک تێکستێک دەبینرێت. دووەمیان- هونەرێکە کە لە بەرگێکی پێشکەشکردندا دەبینرێتەوە. هەردووکیان دەبنەوە تەواوکەری یەکتر و بەهەردووکیان خزمەتی یەک مەبەست و یەک ئەرکی سەرەکی دەکەن، خۆ ئەگەر بەتەنها مانا زمانەوانیەکەیمان وەرگرت، ئەوە هەڵسان بەکار و فەرمان دەگەیەنێ))(سالار، ٢٠٠٧: ٢٣).

دراما ((پرۆسەیەکی هونەری قاڵبووی زادەی هەموو ئەو قۆناغ و سەردەمانەیە، کە بەدرێژایی مێژوو پێداتێپەڕبووە و بۆتە هۆی ئەوەی، کە بە قوتابخانەی گەل ناوەزەند بکرێت. لەو ڕێیەشەوە، مرۆڤیش توانیویەتی بەهۆی دراماوە ئاشنابێت بە بەشێکی زۆر لە ڕەهەند و بوارەکانی خودی مرۆڤ))(حسەین، ٢٠١٢: ٦).

بەکورتی دەتوانین بڵێین لە پێناسەکانی شیعری شانۆییدا لەوە تێدەگەین کە جەخت لەسەر شیعر کراوەتەوە، سوود لە تایبەتمەندی و توخم و رەگەزەکانی دراما وەک (گێڕانەوە و دیالۆگ و مەنەلۆگ و کارەکتەر و رووداو و ململانێ و کات و شوێن و چنین) وەردەگرێت. کەواتە دراما ((یەکێکە لە فۆڕمەکانی هونەر، تێیدا ئەکتەرەکان تێکستێکی نووسراو وەردەگێڕن بۆ نمایشێکی نواندن لەسەر تەختەی شانۆ، ئەکتەرەکانیش بەیاریدەی دەرهێنەر، ئەکتەرەکان و هەڵوێستەکانی نێو تێکستەکە، کەلەلایەن نووسەرەوە داهێنراوە، لەسەر شانۆ بەرجەستەی دەکەن))(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٥٧). بۆیە بەپێی هەموو ئەو باس و پێناسانەی ڕابردوو دەتوانین دراما وەک ئەو جۆرە لە ئەدەبێک و ژانرێک بناسین، کە چیرۆکێک لە خۆدەگرێ و پڕ ڕوداوە و لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا بەرجەستە دەکرێت، بەواتایەکی تر ئەو تایبەتمەندێتییە لەسەرجەم ژانرە ئەدەبیەکانی تری جیادەکاتەوە. ((دراما ئەدەبێکە بۆ ئەوە دەنوسرێ نمایش بکریت، لەگەڵ ئەوەی هەندێک دەقی درامی هەیە کە تەنها بۆ خوێندنەوەن، بەڵام بەگشتی دەقی دراما بە ئامانجی پێشکەشکردنی لەبەردەم بینەردا دەنوسرێ و هەموو ئەو وردەکاریانەشی تێدا ڕەچاو دەکرێت کە ساتی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ وەرگردا دەیخوازێ))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٥).

ئەوەی شایانی باس بێت لێرەدا ئەوەئە کە. شانۆ کۆنترین هونەری درامایە لای گریکەکان لە سرووت و بۆنە ئایینیەکاندا ئەنجامیان داوە. میللەتی کوردیش وەک میللەتانی تری دنیا تێڕوانینی خۆی بۆ شانۆ هەبووە، هەر وەک لە باسێکی شانۆیدا ئەحمەد سالار بەجۆرێ باس لە شانۆ دەکات کە شانۆ ((لە هەرە دیاردەکانی شارستانیەتە، پێوەرێکی ڕاستگۆی سەردەمە، هۆشیاری نەتەوەکان دەردەخات، ڕاستەوخۆ بە ژیانەوە بەندە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، گەوهەر و هێز و جوانێتی گشت لایەنە هونەری ئەدەبیەکانی تیادا دەنوێنرێ))(سالار، ٢٠٠٧: ٩). کەواتە شانۆ هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاگایی کۆمەڵگە، (سەلام فەرەج کەریم) سەبارەت بە دراما بۆچوونی وایە ((هەر لە پێش مێژووەوە واتایەکی گشتی کرا بە بەرداو و بووە ناو بۆ ژانرێکی ئەدەبی و هونەری، ئیتر ئەم وشەیە بوو بەناسنامەی هونەرێکی گرنگ لە هونەرەکانی ئەدەب و هونەرەکانی شیعر و پەخشان بەندە بەبونیادی شارستانیەتەوە و قۆناغ لەگەڵیدا پەرەدەسێنێ و هێما لە مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی دەکات و هەژاندنەکانی مرۆڤ و جوڵەکانی دەخاتەڕوو، ڕۆژ بەڕۆژیش ئەرکی ئیستاتیکی و کۆمەڵایەتی زیاتری لە ئەستۆ دەنرێت))(کەریم، ٢٠٠٠: ٩).

دەتوانین بڵێین شێعری شانۆیی ژانرێکی ئەدەبییە و یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر و فۆرمەکانی هونەر، یان بە مانایەکی تر دەقێکی ئەدەبی و هونەرییە، تیایدا هەم دەق و هەم نواندن ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەربڕینیدا. شیعری شانۆیی بەشێکی دیار و گەورە لە ئەدەبی میللەتان پێکدەهێنێت و قەوارەیەکی تایبەت بە خۆی تۆمارکردووە و جێگەی گرنگی و بایەخی شاعیران بووە. بە دڵنیاییەوە شیعری شانۆیی لای هەموو نەتەوەکان بە پێی قۆناغ و بارودۆخی ئەو ژینگەیەی کە لەو سات و قۆناغەدا ئامادەیی هەبووە و جۆری ئەو ژیانەی کە ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیەی تێدایە بایەخی پێدراوە و گەشەیکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئاست و ڕادەی ئاگایی و هۆشیاری کۆمەڵگە ڕۆڵێکی سەرەکی و بەهایەکی گەورە و کاریگەری هەبووە لەم پەرەسەندنەدا، شاعیران سوودیان لەم جۆرە لە ئەدەب وەرگرتووە بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامە ئەدەبییەکانییان، وەک کەرەسەیەکی گرنگی ناو بیر و بابەت و ناوەرۆک و دەربڕینەکانیان گرنگیان بە شیعریی شانۆیی داوە.

## ١- ٢- ٣: فۆڕمەکانی شیعری شانۆیی:

هەر لە سەرەتای مێژووی هاتنەکایەی شیعری شانۆیی لای یۆنانییەکان، وەک پێشتر باسمان کرد ((شیعری شانۆیی لەژێر چەتری ئاین و گەشەکردن و پەرەسەندنی شیعری لیرکی هاتەکایەوە. ئەم جۆرە شیعرانە بە گۆرانی و سەماکردن لە پەرستگاکان و لە کێڵگەکاندا و لەچواچوارچێوەی جەژنە ئاینییەکاندا نمایش دەکران))(عەولا، ٢٠١١: ١١٢). شیعری شانۆیی کۆنترین هونەری درامایە لای گریکەکان لە سرووت و بۆنە ئاینییەکاندا ئەنجامیان داوە.

دروست لەم بارەیەوە (ول دیورانت)، ڕای وایە کە ((کۆبوونەوەی فەلسەفە و شیعر و هێنانی ڕووداوەکان و بەشداربوونی مۆسیقا و گۆرانی و سەما، بوونە هۆی پەیدابوونی شانۆیی یۆنانی))(سالار، ٢٠٠٧: ٥١). لە دەستپێک و هاتنە ئارای شیعری شانۆیی، لەگەڵ دەقی شیعریدا مۆسیقا و سەماکردنیشی لەگەڵدابوو، ئەم دەستپێکەش فۆرمێک بوو لە فۆرمەکانی شیعری شانۆیی. (لەسەر تەختی شانۆ دەبوایە مۆزیسیان و گۆرانیبێژان ئامادەییان هەبوایە، چونکە مۆسیقا ڕۆڵێکی دیاری گەورەی هەبوو لە نمایشی شانۆییدا)(ئەلیاس، ٢٠٠٦ : ٤٩١). ئەم تێکەڵبوونەی نێوان مۆسیقا و شانۆ، بناغەیەکی گرنگ بوو لە سەرهەڵدانی شانۆی گۆرانی ئامێز، چونکە ((سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی گۆرانی ئامێز بۆ سەدەی شانزدەهەم و سەردەمی ڕێنیسانس دەگەڕێتەوە، کاتێک ئەوروپییەکان ئاوڕییان لە کەلەپوری یۆنانی و ڕۆمانی دایەوە و زیندوویان کردەوە))(عەولا، ٢٠١١: ١١٥). لەگەڵ ئەوەی هەموو بابەتە هونەری و ئەدەبیەکان و بەرهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی  مرۆڤە بۆ ژیان و دونیابینی، هاوتەریب لەگەڵ ئەم خاڵانەدا بینینی هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤە، کە بەهۆیانەوە و لەڕێگایانەوە مرۆڤ لە هەموو سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا هەوڵیداوە لە هەموو نهێنییەکانی ژیان و سروشت و مرۆڤایەتی  تێبگات،  بتوانێت خزمەتێک بە مرۆڤ وسروشت و سەرجەم دیاردە و ڕەهەندەکانی ژیان بکات و لە هەمانکاتیشدا مێژوویەک تۆماربکات و داهێنانێکیش بەدەستبێنێت. بێگومان هەموو داهێنان و بەرهەمێکیش لەخۆوە ئەنجام نادرێت , بەڵکو هۆکار و هەوڵدانی  تایبەت بەسەرهەڵدانی خۆی هەیە، هەربۆیە گەر لەو ڕوانگەیەوە  تەماشای کار و چالاکییەکانی مرۆڤ بکەین، دەبینین شێوەکانی شیعری شانۆیش (ئۆپێرا و ئۆپەرێت) وەک هونەرێک بەدەر نییە لە هەوڵە هونەری و داهێنانەکانی مرۆڤ،  کەتێیدا مەبەستێتی جۆرێک لە جوانی و چێژ و خۆشی بەخشین بە مرۆڤەکان ببەخشێت و کەمێک لە جەنجاڵی و دڵەڕاوکێ و هیلاکییەکانی  ژیان دووریان بخاتەوە و ئاسوودەیان بکات و زەردەخەنە بخاتە سەرلێوەکانیان، بەتایبەتیش لەبۆنە و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا. دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ((شارستانییە دێرینەکانی پێش گریک، بۆنە ئاینییەکانیان بە زمانی شیعر بەڕێوە دەبرد، وەک داستانی (گەلگامێش) لای عێراقییە کۆنەکان و داستانی (ئۆزیۆس)لای میسرییە کۆنەکان))(سالار، ٢٠٠٥: ١٨٩).

کەواتە بەگەڕانەوەمان بۆ کایەی مێژوو، هەموو ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەوێت, کە زۆربەی بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانی وەکو شیعر بە هاوڕێیەتی مۆسیقا و سرود و سەماکردن وەک بەشێک لە ریۆڕەسمەکانی ئایین لە پەرستگاکان گوتراونەتەوە و لەدوو تویێی بۆنەو سرووتە ئاینییەکان و لە پەرستگاکانەوە سەرچاوەیان گرتووە و سەریانهەڵداوە. پاشان لەڕێگەی هونەرمەندان و ڕەخنەگران و شاعیرانەوە گواستراونەتەوە بۆ نێو کایەکانی دیکەی ژیان و تێکەڵ بە ڕەوتی شارستانێتی بوون و بەرگێکی نوێ بەبەریاندا کراوە. لەم چوارچێوەیەشدا دوای ئەوەی شانۆی گۆرانی ئامێز بنەماکانی چەسپا و گەشەیکرد و بەرەو پێشچوو، شیعری شانۆیی لە چوارچێوەی ئەم جۆرە شانۆییەدا، خۆی لە دوو فۆرمی سەرەکیدا دۆزییەوە کە ئەوانیش ( ئۆپێرا و ئۆپەرێت) بوون.

### ١. ئۆپێرا:

سەرەتا باس لە مێژووی هونەری ئۆپێرا و وشەی ئۆپێرا دەکەین بەپێی ڕەوتە مێژووییەکە, ئەم هونەرە لە ئەوروپا سەریهەڵداوە و مێژووی سەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێتیش بەهەمان شێوە لە ئەوروپا سەری هەڵداوە, وشەی ئۆپێرا وشەیەکی ئیتالییە و بە واتای کارکردن (العمل) دێت و لە وشەی(Opus) ی لاتینییەوە وەرگیراوە)(عەید، ٢٠٠٦: ١٦٥).

وەک پێناسەیەک بۆ هونەری ئۆپێرا ((ئۆپێرا شیعرێکی شانۆییە بەو مەبەستە رێکدەخرێت تا بە گۆرانی دەربڕبرێت، لەگەڵ ئامێرە مۆسیقییەکان، بەبێ بەکارهێنانی دیالۆگ)(وەهبە،١٩٧٤ : ٣٦٨). لەگەڵ ئەوەی هونەری ئۆپێرا، تا بڵێی کارێکی سەخت و دژوارە و بە یەکێک لە هونەرە قورسەکانی شانۆی گۆرانیئامێز دادەنرێت، چونکە جیا لە دەقی شیعریی پێویستی بە توانای بەرز هەیە بۆ گۆرانی گوتن و مۆسیقا و سەما، کە هەموو ئەمانەش پێویستییان بە مەشق و ڕاهێنانێکی زۆر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ئۆپێرا، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەو هونەرە تەماشا بکەین, گەلێک تێڕوانین و بۆچوونمان بەرچاودەکەوێت لەسەر شوێن و کاتی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە, بۆ نموونە هەندێک لەشارەزایان باس لەوە دەکەن، کە سەرەتا ئۆپێرا لە ئەوروپادا لەسەدەی پانزدەدا دەرکەوت و لەسەردەستی پیاوانی ئایینی کڵێساوە هاتەکایەوە, کە مەبەستیان دانانی تیپێکی ئایینی بوو بۆ هەموو جەژنێک, واتە لەکڵێساوە ڕێوڕەسمە ئایینیەکان نمایشدەکرا، پاشان گواسترایەوە بۆ گۆڕەپان و مەیدانەکان. لەڕاستیدا ئەو ڕێوڕەسمە ئایینیانە لەلایەن لیژنەیەکی باڵاوە سەرپەرشتی دەکرا و ناوبەناویش دەقی شیعرییان لەنێو ئەو ڕێوڕەسمەدا بەکاردەهێنا.

بە بڕوای (کەمال ڕەئوف محەمەد) دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی ئۆپێرا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ((سەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا کارێکی هەروا ئاسان و سەرپێیی نەبووە،

بەڵکو ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی (فلۆرەنسە) ڕۆڵی بەرچاو و دیاری هەبووە لەسەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا لەساڵی (١٦٠٠) زایینی، لە ئیتالیا و تیایدا هەڵکەوتنی هونەرێکی نوێ بوو ,کە ئەویش ئۆپێرا بوو، کە بەهۆیەوە گوڕوتینێکی مێژوویی بەسەر مۆسیقای ئەورووپادا هێنا))(محەمەد، ٢٠٠٠: ٤٦). هونەری ئۆپێرا لەو دیاردەیە بەدەرنییە کە لەسەرەتادا لەنێو کۆشک و تەلاری چینی ئۆرستکراتی نمایشدەکرا و لای ئەم چینە، ئۆپێرا ئەوپەڕی جێگای بایەخپێدانیان بوو، چونکە لەگەڵ ژیان و بیر و بۆچوون و بیرکردنەوە و نەریتی ئەم چینە دەگونجا، هەر ئەم چینە تا ڕادەیەک بوون بە هۆکاری پەرەسەندنی ئەم هونەرە و چینی ئەرستۆکرات و پیاوانی ئایینی لەو سەردەمە مێژووییەدا هۆکاری سەرهەڵدانی ئۆپێرا بوون. بەدیوێکی تردا دەکرێ بڵێین (کەنیسە) ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەو سەرهەڵدانەدا، پاشان بەهۆی لێهاتوویی ڕەخنەگران و توانای هونەرمەندان و شاعیرانەوە، بەهۆی بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵگەوە توانرا ئەو هونەرە لە کەنیسە دووربخرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ نێو کایەکانی دیکەی ژیان.

(دلێر ئیبراهیم) لە بارەی پێناسەی ئۆپێراوە دەڵێت: ((ئۆپێرا فۆرمێکی تایبەتە لە مۆسیقادا، بە شانۆنامەیەکی ئاواز بۆ دانراو ئەوترێ، ئەو شانۆنامەیەی ئەکتەرەکان لە جیاتی ئەوەی هەیانە بە حیوار بیڵێن، بە ئاواز دەریدەبڕن))(ئیبراهیم، ٢٠٠٣: ١١٥). لێرەدا لەڕووی هونەری مۆسیقاوە تەماشای هونەری ئۆپێرا دەکات و بە شانۆنامەیەک و فۆرمێکی مۆسیقیشی دادەنێت، بەڵام وەک هەردەقێکی شانۆیی و نواندن گوزارشتی لێدەکرێت و نمایش دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەشەوە هەردوو دەقی شیعریی و مۆسیقا دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و دوو بنەمای سەرەکین بۆ بنیاتی هونەری، هەردوو بابەتی شیعر و مۆسیقا دوو ڕەگەزی گرنگن لە نێو بونیاد و پێکهاتەی هونەری ئۆپێرادا و لەشێوەی نمایشێکی شانۆییدا دەخرێتەڕوو، کە تێیدا بەلای هەندێکەوە شیعر بە پلەی یەکەم دێت، پاشان مۆسیقا، بەڵام لە دوو توێی بەرگێکی شانۆییدا بەرجەستە دەکرێن و دەخرێنەڕوو. هەر لەم باسەیشەوە دەکرێ بڵێین ئۆپێرا لە ئەنجامی هەوڵی چەند شاعیرێک و مۆسیقا ژەنێک وەک لاسایی کردنەوەیەکی شانۆی یۆنانییەکان هاتەکایەوە، کە بریتی بوون لە خوێندنەوەی شیعر بە یاوەری و ئامادەیی مۆسیقا. لەم باسکردنانەوە دەتوانین بڵێن ئۆپێرا دەقێکی لیریکی شیعریی و کارێک و هونەرێکی شانۆییە تێیدا مۆسیقا شوێنێکی دیاری هەیە لەم هونەرەدا، لەکاتی نواندنی ئەکتەرەکاندا بەهۆی بەکارهێنانی مۆسیقا و بوون و ئامادەیی توانایەکی تایبەتی لە گۆرانی گوتن و نواندن، کە لەڕێی چەند ئەکتەرێکەوە پێشکەش بە بینەران دەکرێت، هەروەها بابەتێکی سەردەمیانەیە و وەک هونەرێکی شارستانی بەرز لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیان و ڕەوتی شارستانێتیدا ئەمیش هەنگاوی ناوە و بەرەو پێشچووە و توانیویەتی وەکو بابەتێکی گرنگ و پێویست سەرنجی شاعیران و مۆسیقاییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

**٢ .ئۆپەرێت:**

لە رووی زاراوەوە، وشەی ئۆپەرێت ((وشەیەکی ئیتالییە کورتکراوەی وشەی (ئۆپێرا)یە و وەک شێوەیەک لە شێوە پێشکەوتوەکانی ئۆپێرا هاتەئاراوە))(عەولا، ٢٠١١: ١٤٦). بەڕای زۆربەی زۆری شارەزایان و ڕەخنەگران ئۆپەرێت بە بەشێکی بچووککراو و دانەبڕاوی هونەری ئۆپێرا دادەنێن، واتە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئۆپێرا، سەبارەت بە بوون و سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هونەرە، بەهۆی ئەوەی هونەری ئۆپەرێت بچووکراوەی ئۆپێرایە، یان شێوەیەکە لە ئۆپێرا و بە ئۆپێرایەکی ئاسان دەناسرێت، دەبینین لە چاو ئۆپێرادا ڕەگەزی سەرنجڕاکێشی کەمە، تەنانەت هەندێکجاریش وەکو زاراوەیەکی کات بەسەربردنی مۆسیقی بەکاردەهێنرێت. زۆربەی سەرچاوەکانیش لەگەڵ ئەوەدان هونەری ئۆپەرێت بۆ یەکەمجار لەوڵاتی فەڕەنسادا سەریهەڵداوە، وەک هونەرێکی سەربەخۆ، کە خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی دیاریکراوی خۆی بێت لەسەدەی نۆزدەدا هاتۆتە کایەوە و سەرنجی زۆرێک لە شاعیران و هونەرمەندان ومۆسیقیەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. وەک پێناسەیەک بۆ ئەم جۆرە لە هونەر بە بروای (کمال الدین عید) ((ئۆپەرێت ئەوجۆرە شانۆگەرییەیە، کە بەهۆیەوە جۆرێک لە گۆرانی ئاسان و سەماکردن و نمایشکردن لە خۆدەگرێت، جگە لەوەش هەندێک لە دیالۆگەکانی بەشێوەی گۆرانی دەگوترێنەوە، ئەوانی تریشیان وەکو شانۆگەرییەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێت))(عەید، ٢٠٠٦: ١٦٩).

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی (ئۆپەرێت) (حەمەکەریم هەورامی) دەڵێت: ((ئۆپەرێت گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی لیریکی دڵدارییە، یان داستانێکی تراژیدیانەی پڕ لە خەم و کەسەرە، کەرەسە سەرەکییەکانی هۆنراوە و گۆرانی و گێڕانەوەی کارەساتەکە بە ئاواز و گۆرانی، ئیتر گێڕانەوەی چ بە کۆمەڵ بێت یان بەتاک، بەیاریدەی کۆرس بێت یان بەهۆی کۆنسێرتی مۆسیقییەوە بێ))(هەورامی، ٢٠٠٧: ٢٨٢). تێڕوانین و باسەکان سەبارەت بە هونەری ئۆپەرێت زۆرن، بەڵام ئەوەی کە زیاتر دیار و جێی ئاماژەیە ئەوەیە، کە (ئۆپەرێت بە شێوەیەکی گشتی لە ((دوو جۆری سەرەکی پێکدێت: ئەوانیش ئۆپەرێتی گەوران و ئۆپەرێتی منداڵان. مەبەست لە ئۆپەرێتی گەوران ئەو جۆرەیە کە بۆ چینەکانی کۆمەڵ دەنوسرێت و خاوەن پەیامێکە و گرفتی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی دەخاتەروو، هەرچی ئۆپەرێتی منداڵانە، مەبەست لێی زیاتر خۆی لە شانۆی منداڵاندا دەبینێتەوە، بریتییە لەو ئۆپەرێتەی کە بۆ منداڵان دەنوسرێتەوە و نمایش دەکرێت))(عەولا،٢٠١١: ١٦٥). جگە لەوەش ئەم جۆرەی ئۆپەرێت زیاتر لەلایەن منداڵانەوە نمایشدەکرێت و زۆرتر بە مەبەستی پەروەردەکردنی منداڵان و فێرکردن وئاشناکردنیانە بە بەها بەرزەکان ورەوشتبەرزی و هاندانیان بۆ کاری چاکە.

## تەوەری سێیەم: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی جیهانیدا

### ١-٣-١: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانیدا

#### ١. شیعری شانۆیی لە ئەدەبی یۆنانیدا:

وەک سەرەتایەکی مێژوویی دروستبوونی شیعری شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان و نیشتمانی یەکەمی ئەم ژانرە ئەدەبییە بەرزە وڵاتی گریک و دوای ئەوان ڕۆمانییەکانە، چونکە هەر کات کە باسێکی بنەڕەتی لە شانۆ و دەستپێکردن و سەرهەڵدانی بکرێت، وەک سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ شانۆی گریکی و دواتر شانۆی ئەورووپی. دەقی نووسراوی شانۆیی، شان بە شانی فەلسەفە و دەقە فەلسەفییەکان، لە گریکی کۆن سەری هەڵداوە.

بێگومان ئەم مێژووە دێرین و ئەم ژانرە گرینگەی ئەدەب و هونەر، پێگەیەکی بەهێزی بە ڕەوتی شانۆ لە ئەورووپادا بەخشیوە. شانۆی گریکی بووە تاکە پرۆژەی گەورە و بەنرخ لە دونیا، نمایشنامەکان گەیشتبوونە زۆر شوێن و جوگرافیاکانی تری دونیا، بۆیە تا ئێستاش هیچ کولتوورێک و هیچ ڕۆشنبیرییەک و شارستانییەتێک بە شێوەیەکی گشتی شانۆی گریکی وەک دەستپێک ڕەت نەکردووەتەوە، ئەمەش وەک دەرئەنجامێکی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی جۆرەکانی شیعر هاتە ئاراوە.

ئەگەر لەگۆشەنیگای مێژووی شانۆوە بڕوانین، تەماشا دەکەین بەدرێژایی چواردە سەدە شیعر نەک هەر دەستەمڵانی شانۆ بووە بەڵکو خودی خۆی شانۆ بووە، چونکە هەر لەیەکەم هەنگاوی دروست بوونی شانۆوە داستانەکان یەکەمین خۆراک و کەرەستەی بوون، باس و خواسەکان لەوێوە هەڵهێنجراون. سەبارەت بە سەرهەڵدانی، یان شوێنی لە دایکبوونی شانۆ، چەندەها ڕاوبۆچوونی جیاجیا هەیە، بەڵام ئەوەی بەتەواوی گەواهی زیندوویی و بەڵگەی سەلمێنەری هەیە، ئەوەیە کە وڵاتی یۆنان لە سەدەکانی پێنجەم و شەشەمی بەر لە زایین، بووە بنکەی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە.  هەرچەندە شانۆ لە ڕۆژئاوا و بە تایبەتی لە وڵاتی گریکی کۆندا سەری هەڵداوە، بەڵام کردەیەکی جیهانی و کەرەستەیەکی مرۆڤایەتییە .

هیچ شتێک لە جیهاندا هێندەی هونەری شانۆ دێرین نییە، مێژووی تیۆرەکانی شانۆ و درامای جیهانی بەشێوەیەک لەشێوەکان هێندەی سەرەتاکانی ئەدەبی درامی و دەقە شانۆییەکان کۆنە. ((مەبەستیش لە مێژووی دراما کتێبی (هونەری شیعر/ پۆیەتیکا) کە فەیلەسوفی گریکی ئەرستۆ نووسیویەتی و خۆشی لە ساڵەکانی (٣٠٠پ.ز)دا ژیاوە. کتێبێک دواتر دەبێتە سەرچاوە و دەروازەیەکی گرنگ و سەرەکی بۆ هەموو تیۆرەکانی تر، کە لەم بوارەدا نووسراون. لەلای

ئەرستۆ و لەم کتێبەدا پێناسەکانی دراما، وەکوو لقێکی سەربەخۆی ئەدەب، هاوشان لەگەڵ لیریک و داستانەکاندا کراوە))(رەئووف، ٢٠٢١: ١٣٧).

ئەگەر شانۆ وەک چالاکییەکی جیهانی وەربگرین، دەبێت ئاگاداری ئەو باشەیەی گریکەکان بین، کە گەورەترین خەڵاتیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە و ئەم ژانرەیان داهێناوە. ئەم گرنگییەی گریکەکان بۆ میللەتانی تر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و بە گرنگ دادەنرێت، کە لەسەر دەستی شاعیر و نووسەرەکانی شانۆی یۆنانیدا بوو کە توخمە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی شانۆ داهێنران، بەتایبەتی ئەکتەر و دیالۆگ.

نوسەر و شانۆکار (کاوە ئەحمەد میرزا) دەربارەی شانۆ دەڵێت: ((مێژوونووسەکانی شانۆ، ئایینی گریک و شێوەکانی خواپەرستی کردنیان بە سەرەتای بزوتنەوەی شانۆ دائەنێن. واتە شانۆ لە کۆشکی ئایینی گریکدا گۆشکرا، تا وای لێهات خۆی چەسپاند و بووە هونەرێکی سەبەخۆ، لە گریکەکانیشەوە شانۆ رووی کردە ئەوروپا))(میرزا، ٢٠١١،: ٩).

دەربارەی مێژووی دروست بوونی شانۆ (ئەحمەد سالار) دەڵێت: ((لەلای گریکییەکان دوو جەژنی ساڵانە و گەورە هەبوو یەکەمیان (لینایا) بوو، ئەم جەژنەیان لە بەهاراندا دەگێردرا، دوومیان جەژنی (دیۆنیزیا) کە لە پایزاندا سازدەکرا ئەو دوو بۆنە ئایینییە بوونە چاوگی هەرە گرنگی هەڵقولانی هونەری دراما))(سالار، ٢٠٠٥: ١٨٨). هونەری شانۆ داهێنانی ئەو گەل و شارستانێتییەیە و گەلانی تر لە گەلی یۆنانی و شارستانییەت و ئەدەبی یۆنانی وەریانگرتووە. نهێنی بەردەوامی و مانەوە و پەرەسەندنی شانۆ بۆ گەوهەری بوون و ژیاندۆستی هونەرەکە دەگەڕێتەوە، کە بریتییە لە زیندوویێتی ژیان و دەربڕینکردنی. هەر بۆیە ((شانۆ پوختترین جۆری دەربڕینی ژیانە، هەروەها هەموو ژیان بەتاڵ و شیرینەوە لەخۆدەگرێت، بەپێی سەردەمەکانی گونجان و ڕەنگ و ڕوخساری سەردەمەکەی نواندووەتەوە))(سمۆ، ٢٠٠٣: ٦١).

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا یەکەم نمایشی شانۆیی لای گریکەکان پیاوانی ئاینی بوون لە بۆنە و سروتە ئایینیەکانی کەنیسەدا بە وتنی سروتی ئاینی نمایشیان دەکرد. یەکەم وێستگەکانی دەرکەوتنی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ ((سەرەتاکانی لە دایکبوونی شانۆیی گریکی (ئێسخیلیۆس ٥٢٥ پ.ز – ٤٥٦ پ.ز) و (سۆفۆکلیس ٤٩٦ پ.ز – ٤٠٥ پ.ز پ.ز)، لە سەرەتاوە وەک دوو ڕابەری گەورەی شانۆ و درامای گرێکی، خۆیان بەکاری دەرهێنانی شانۆنامەکانیان هەستاون، مەشقیان بە ئەکتەرەکانیان کردووە و سەما و جووڵە و دابەشکردنی کۆرس و ڕێکخستنی پانتایی بیناسازی شانۆییەکانیان ئامادەکردووە. هەر خۆشیان ئەکتەرەکانیان هەڵبژاردووە و جلوبەرگەکانیان دەستنیشان کردووە))(رەئووف، ٢٠٢١: ١٦٧).

لە خۆرانییە یۆنانییەکان بە سەرقافڵەی هونەری شانۆ دادەنرێن، کەبایەخێکی زۆریان بە شیعری شانۆیی داوە. چونکە شاعیران ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لەپێشخستنی شیعری

شانۆییدا، چونکە هەر خۆیان دەقەکەیان دەهۆنییەوە و هەر خۆشیان وەکو ئەکتەر نمایشیان دەکرد، لەو پێناوەشدا زۆربەی شاعیر و نوسەر و فەیلەسوفەکانیان بەچاوی پڕ بایەخەوە تەماشایان کردووە و کاریان بۆ کردووە،

هەر لەبەردەوامی ئەم باسەدا (ئەرستۆ) ڕای وایە ((لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی لاسایکردنەوەکە ئەنجام دەدەن بە کردەوە کارەکەیان  پێشکەش دەکەن، دیمەنەکە دەبێ بە پلە، یەک بێ کە بەشێکی بنچینەییە لە تراجیدیدا. دوای ئەمە ئینجا گۆرانی و داڕشتن بە پلە دوو دێن کە ئەمانەش وەسیلەی لاسایکردنەوەن))(ئەرستۆ، و. گەردی، ٢٠٠٤: ٢٨).

وەک دەردەکەوێت شانۆ خۆی لەچوارچێوەی لاساییکردنەوەدا دەبینێتەوە. هەر بۆیە گومانی تێدا نیە، لاساییکردنەوەش کەسانی شارەزا و لێهاتووی دەوێت و کارەکتەر رۆڵێکی سەرەکی و دیاری تێدا دەبیبێت. کەواتە هونەری شانۆ هەر نمایشکردن نییە، بەڵکو گوزارشتکردنە لەتێڕوانین و بۆچوونەکانی مرۆڤ و چالاکیبە گرنگەکانی، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا گەشەیکردووە و بەستراوەتەوە بەئاستی ئاگایی و هۆشیاری و ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگاشەوە. واتە پانتاییەکە، تیایدا ئەکتەر لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەکات و پێکەوە کۆیان دەکاتەوە. بەردەوام هەوڵی بەئاگاهێنانەوە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەدات، ئەم هەوڵەیش بە ئامانج و پەیامی یەکەمی خۆی دەزانێت. هەر بەم شێوەیەیش شیعری شانۆیی وەکو دەرئەنجامێکی پێشکەوتنی کۆمەڵگای یۆنانی و گەشەسەندنی پرۆسەی شیعری لەو کۆمەڵگایەدا و گەورەیی و ئاستبەرزی شارستانییەتی یۆنانی دروستبووە.گەورەیی پەیامی شانۆیی بە شێوەیەکە، کە ((مرۆڤ لە توانایدا هەیە، لەگشت کات و جێگەیەکدا بەهۆی هونەری شانۆوە بەرگری لە بوونی خۆی بکات و خواستەکانی دەرببڕێت. کەواتە هونەری شانۆ چالاکییەکی جیهانییە و دەتوانێ دەورێکی کاریگەر و بەتوانا ببینێ لەکۆکردنەوەی ئامانج و یەکخستنی کۆمەڵانی گەورەی جیهاندا لەپێناوی ئاشتی گەلان و خزمەتگوزاری و سەرفرازی مرۆڤدا))(سالار، ١٩٨٤: ٧).

هەر لەگەڵ ئەم باسکردنە مێژووییەدا دەربارەی مێژووی شیعری شانۆیی و دراما لای گریکەکان (ئەرستۆ)، کە بەشێوازێکی زۆر ورد و تەواو زانستی و لۆجیکی باسی لەهونەری شانۆ کردووە و یاسا و دەستوری بۆ داناوە. (ئەرستۆ) لە کتێبی ((هونەری شیعر/شیعرناسی) بنەما و بناغەی زەمینەیەکی باش و دەوڵەمەندی تیۆری بۆ شانۆ و بنەماکانی نووسینی شانۆنامە و دیدێکی ڕەخنەگرانەیش دەربارەی  شانۆنامە باس دەکات.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوە باس بکەین کە هەموو نمایشێکی شانۆییش مێژووی دوو هەزار ساڵ هەوڵدان و کۆششی تیۆری لە پشتەوەیە. هەر لە سەرەتاکانی  شانۆوە لەلای گریکەکان، بابەتە تیۆرییەکانیش گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەبووە. (ئەرستۆ) یەکەم هەنگاوەکانی

دەستپێکردووە، هەر لەو دەمەدا هەوڵیداوە نمایشە شانۆییەکان شیبکاتەوە و ڕاڤە و خوێندنەوەیان بۆ بکات و بنەمایەکی تیۆری و فەلسەفییان بۆ دابڕێژێت.
بەدەر لەمانەیش ڕۆڵی شانۆ و پێگە و شوێنی شانۆ لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە ناو واقعی کۆمەڵگەدا باسدەکات و گرنگیان دەردەخات. ئەم بۆچوون خوێندنەوانەیش، وا دەکات بابەت و هونەری شانۆ گەورەتر و گرنگتر سەیر بکەین و شانۆ لە دەروازەیەکی زیاتر سەراپاگیر و لە مەودایەکی فراوانترەوە ببینین و خوێندنەوە و ڕاڤەی بۆ بکەین.

یەکێکی تر لە لەڕابەرانی شیعری شانۆیی یۆنان، ((سۆفۆکلیس (٤٥٩ -٤٠٦ پ.ز)ە، یەکێک لەکارە گرنگەکانی ئەو شاعیرە چارەسەرکردنی کێشەیەک بوو کە لەئەنجامی بوونی دوو ئەکتەر و کۆرس هاتبووە کایەوە، چونکە دەبوایە بەردەوام دوو ئەکتەر لەسەر شانۆ دیالۆگ بەڕێوەببەن، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ بێزاربوونی جەماوەر، بۆیە کۆرس بەشداری لەگەڵیاندا دەکرد و بەشێکی زۆری دیالۆگی بەردەکەوت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش سۆفۆکلیس ئەکتەری سێیەمی داهێنا بەمەبەستی فراوانتربوونی بەکارهێنانی دیالۆگ لەلایەن ئەکتەرەکان و کەمتربوونەوەی ڕۆڵی کۆرس لە وەرگرتنی بەشەکانی دیالۆگدا))(عەولا. ٢٠١١: ٧٨). ئەم هەوڵدان و بەرەو پێشچوونانەش لەناو شانۆدا زیاتر لە پێناو باشتر گەیاندنی پەیام و دەربڕینەکان بە بینەر و زیاترکردنی پانتایی دیالۆگ لەناو دەقی شانۆییدا، کە یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بونیادی دەقی شانۆیی هەوڵی بۆ دراوە. شیعری شانۆیی بە درێژایی پێگەیشتن و بەرەوپێشچوونی مێژووی خۆی لە چەندین وێستگەی جیاوازی بەردەوامبوونی خۆیدا ئەم ویستەی هەبووە لە گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانی، بەڵام ئەم پەیام و ئامانجانە بە پێی بارودۆخی کۆمەڵگاکان و سەردەم و کاتە جیاوازەکان گۆڕاون .

شاعیرێکی تر لە رابەرانی شیعری شانۆیی (ئەرستۆڤانیس)، ((کە بە باوکی کۆمیدیا ناوبانگی دەرکردووە و هەوڵیداوە لەڕێگای پێکەنین و ساتیرەوە ڕەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵگەکەی بگرێت. هونەری کۆمیدیا کە هاتە مەیدانەوە کە بریتی بووە لە جۆرە لاقرتێ و گەنجەفەکردنێک، مەبەست تیایان تەنیا شویلاک خاوکردنەوە بوو، بەڵام ئەرستۆڤانیس توانی پەیکەری هونەری نایاب بۆ کۆمیدیا بتاشێ و شان بەشانی درامای تراژیدی ڕای بگرێ، ئەرستۆڤانیس کۆمیدیای لەسەر پایەیەکی فەلسەفی پتەو دامەزراند پێی وابوو، کە کۆمیدیا تەنیا بۆ پێکەنین نانەوە نەهاتووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بەختەوەری بە سروشتی مرۆڤ ببەخشێ)(هەورامی، ٢٠٠١: ١٢٥).

هەر لە یۆناندا ئەرستۆڤانیس ((لەڕێگای دەقە کۆمیدییەکانییەوە کۆمەڵگەی گریکی شڵەژاندبوو، شانۆنامە کۆمیدییەکانی بوارەکانی ڕامیاری، ئاکار، بازرگانی، کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی دراما و شانۆیشی دەگرتەوە.))(ڕەئووف، ٢٠٢١: ١٦٤). بەدرێژایی مێژوو، لە هەموو سەدە و سەردەمێکدا، شانۆیی کۆمیدی ڕۆڵی شیاو و لەبەرچاوی خۆی هەبووە و لە ڕێی دەقی شانۆیی

کۆمیدی و نمایشە کۆمیدییەکانەوە گرفتە کۆمەڵایەتی و حاڵەتە ناخۆش و ئازارەکان لەگەڵ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە دەکات.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە بابەتێک بکرێت ئەویش ئەوەیە، کە لە سەرەتاکانی مێژووی دەستپێکردنی شیعری شانۆیی گریکیدا گرنگیەکی زۆری بە بابەتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و بابەتی ژن دراوە، کارەکتەری ژنیان لە بەشی گرنگی دەقەکانیاندا بەکارهێناوە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو شوێن و گرنگی پێدانەی درامای گریکی بە ژن، (وۆڵ) پێیوایە کە ((دەبێت ئەوە بزانین کە دراماکان هەموویان پیاو نووسەرەکانیانن، پیاوانی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ نواندنیان تیادەکرد، تەنانەت کارەکتەرە ژنەکانیش  پیاو رۆڵیانی دەبینی، کۆرسە ژنەکانیش هەر ئەکتەری پیاو رۆڵی دەبینی. نمایشەکانیش بۆ پیاوان نمایشدەکرا، هەموو پیاوە ئەسینییەکان دەبوو نمایشەکان ببینن، تەنانەت ئەگەر لەشەڕیش بوونایە، کە دەگەڕانەوە، دەبوو بچن نمایشەکان ببینن، بەڵام ژن ڕێگەی پێ نەدرابوو بچێت بۆ بینینی نمایشەکان)(ساڵح، ۲۰۲۱: ۲۹۲).

هەر لەم چوارچێوەیەشدا تەنانەت لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئامادەیی هەیە، بەوەی لەم پێشکەوتنە گەورانەی ئێستای مرۆڤایەتیدا و لە دونیای ئەمڕۆشدا، شانۆ پیشەیەکی پیاوانەیە، ((زۆربەی دەرهێنەرەکانی دنیا، بەڕێوبەری شانۆکان، شانۆنامەنووسە دیارەکان و ئەو شانۆکارە گەورانەیشی، کە تیۆرەیان بۆ شانۆ کردووە، هەر پیاون تەنانەت ڕەخنەگری شانۆکانیش هەر پیاون و زۆر بە دەگمەن لەسەر ئاستی دونیا ڕەخنەگرێکی شانۆیی ژن دەرکەوتووە. ئەم دیاردەیە جیهانییە و نەخشە و پلانی شانۆکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و وڵاتانی تری جیهان بێ جیاوازی دەگرێتەوە))(رەئووف، ۲۰۲۱: ۱۷).

ژن هەمیشە و بەردەوام لە پەراوێزدا بووە و لە ئەکتەر و چەند ڕۆڵێکی تری لاوەکی بەولاوە، هیچ پێگەیەکی دیاری لە شانۆدا نەبووە، تەنانەت شانۆنامەنووسەکانیش لە کلاسیکەوە بیگرە تا مۆدێرن، ڕۆڵی ئافرەتیان سنوردار کردووە، بێگومان لە هەندێ حاڵەتدا و لێرە و لەوێ لە مێژووی شانۆی جیهانیدا ڕۆڵی تایبەتمەندی ئافرەت دەرکەوتووە، لە چەندین شوێن و کاتدا توانیویانە چالاک بن، بەڵام شتێک نەبووە، کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ ڕۆڵی پیاودا و بەراورد بە پیاوان زۆر کەم بووە.

## ٢. شیعری شانۆیی لە ئەدەبی رۆمانیدا:

ڕۆمانییەکان لەدوای یۆنانییەکان دێن، کە ئەوانیش بایەخێکی زۆریان بە شیعری شانۆیی داوە، بەڵام بە ڕادەی یۆنانییەکان پێگەیەکی بەهێزی وەکو یۆنانییەکانیان نەبووە، بەڵکو لەچوارچێوەی لاسایکردنەوەی یۆنانیەکان بووە. دوای ئەوەی ڕۆمانییەکان، یۆنانیان داگیرکرد، کەوتنە ژێر کاریگەری ئەدەبی یۆنانییەوە و نموونەی گەورەیی و بەرزی ئەدەبی یۆنانی بووە پێشڕەو و ڕێنیشاندەریان. ((شیعری شانۆیی لای رۆمانییەکان لەسەر دەستی (لیفیوس ئەندەرنیکۆس ٢٨٠ پ.ز – ٢٠٠ پ.ز) دەست پێدەکات و بەیەکەم نوسەری شیعری شانۆیی رۆمانی دادەنرێت))(عەولا، ٢٠١١: ٨١). هەر بۆیە بەم شێوەیە لای ڕۆمانییەکان دراما ((بەشێکی باڵا و بە نرخی هونەر و ئەدەب بوو بۆیە ڕۆمانییەکان شیعری شانۆیی و شانۆیان پشتگوێ نەخست، بۆچونییان وابوو مەیدانی شانۆگەری و دراما ئەو گۆڕەپانەیە، کە کەڵەشاعیران بەهرە و توانای خۆیان تیا دەردەخەن))(هەورامی، ٢٠٠١: ١٤١). یەکێکی تر لە شاعیرانی رۆمانی کە شیعری شانۆیی نووسیوە شاعیری رۆمانی (سینکا ٦٥ پ.ز)یە، ((ئەم شاعیرە جگە لەوەی شیعری شانۆیی نووسیوە، فەیلەسوفیش بووە و نزیکەی نۆ بەرهەمی هەیە (هەرقلە شێت، ئافرەتی ترِوادە، ئافرەتانی فینیقا، میدیان فایدرا، ئۆدیپ، ئاگا مەمنون، هەرقل سەرلوتکەی ئاوێتا، ئۆکتافیا). ئەم بەرهەمانە کاریگەریان لەسەر هۆراس داناوە و لەسەر ڕێچکەی ئەرستۆ و بەهەمان ناوەوە کتێبی (هونەری شیعر)ی نوسیوە و بڵاوکردۆتەوە))(عەولا. ٢٠١١: ٨١).

(هۆراس) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا باس لەو بابەتانە دەکات و بابەتی ئەو بەرهەمانە لەڕووی دەق و نواندنەوە شیدەکاتەوە و مەرجەکانی نوسینی شیعری شانۆیی دەستنیشان دەکات،((هۆراس داوا دەکات لاسایی یۆنانییەکان بکەنەوە و دەڵێت ئەوەندە مەسەلەکە پەیوەندی بەئێوەوە هەیە شەو و ڕۆژ نموونەی گریکەکانتان لەبەرچاو بێت))(عەزیز، ٢٠٠٥: ٢٩).

لەو چوارچێوەیەشدا بنەمای تێڕوانینە شانۆییەکانی خۆی بنیات ناوە و سەبارەت بەهەندێ لە ڕەگەزەکانی و تایبەتمەندی شانۆ دواوە و بۆچوونی خۆی خستۆتەڕوو. بەلای هۆراسەوە نووسەر پێویستە وەستایانە و کارناسانە بەرهەمی شانۆگەرییەکانی پێش و دوای سەردەمی خۆی هەڵسەنگێنێت و ژمارەی ئەکتەرەکان دەستنیشان بکات. ئاوڕ لە تاقیکردنەوەکانی ژیان و شارەزایی و زیرەکی و زانینی گشتی بداتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا (هۆراس) دەڵێت: ((ئەگەر بتەوێ بینەر بەدەست بهێنێ، کە سڵاوت لێ ئەکات و چاوەڕێ بێت هەتا پەردە دادەدرێتەوە، پێویستە لە خاسییەتەکانی هەموو قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەن زۆر شارەزابێت، هەروەها دەبێت ڕووداوەکانی دراما لەسەر شانۆ ڕووبدەن، جگە لەوەش پێویستە شتێک لەسەر شانۆ پێشکەش نەکەیت کە بۆ پشت پەردە دەست ئەدات و دەبێ زۆرشتمان لێ بشارێتەوە، کە

پێویستە ئەکتەر لەکاتی خۆیدا لەبەرچاومان بیگێڕێتەوە))(سالار، ١٩٨٨: ٢٦). بۆ ئەو سەردەمە ئەمە یەکێک بووە لە تەکنیکەکانی شانۆ، کە نابێت هەموو شتێک بووترێت.

(هۆراس) لەماوەی ژیانیدا ((گەلێک ڕێ و شوێن و ڕێبازی بۆ بابەتەکانی ئەدەب و هونەر و مۆسیقا و دراما داناوە. ئەمەش وایکردووە، کە جۆرە ڕەسەنایەتیەکیان پێوە دیار بێت، سەبارەت بە هونەر و بابەتی دراما وەستایانە بەرهەمە شانۆگەرییەکانی سەردەم و پێش خۆی هەڵدەسەنگێنێ و نموونەیان لێدەهێنێتەوە و لەمەرجەکانی شانۆگەریی سەرکەوتوو دەکۆڵێتەوە، هۆمیرۆس دەکات بەسەر مەشق))(حسەین، ٢٠١٢: ٢٠٠). هەر لەبارەی هونەری شانۆگەرییەوە (هۆراس) لە نامەکانی تردا کۆمەڵە پرنسیپێکی داناوە لەوانە ((شانۆگەری لە پێنج پەردە زیاتر نەبێت و لەوپەڕی پێویستیدا نەبێت، نابێت هیچ هێزێکی سەرووی سروشت دەست بخاتە نێو ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە و بەلایەکداخستنی گرێیەکەی، هەروەها پێویستە ئەکتەری چوارەم لە دیالۆگدا بەشدار نەبێت))(عەزیز، ٢٠٠٥: ١٠).

دەشێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین بە بۆچوونی (هۆراس)، ((هیچ کەسێک نابێتە، نووسەرێکی باش، ئەگەر نەگەڕابێتەوە بۆ سەر گریکەکان، ڕێساکانی ئەوان فێر نەبوو بێت و شوێن پێی ئەوانی هەڵنەگرتبێت. هونەری شیعرەکەی هۆراس نووسراوێکی کورتە و تەنیا مامەڵە لەگەڵ دراما ناکات، بەڵکو، بە شێوەیەکی گشتی شیعر، درامایش بە بەشێک لە شیعر دانراوە، هۆراس بەشێوەیەکی ساکار و دوور لە قووڵبوونەوە و بنەما زانستییەکانەوە نووسیویەتی))(ڕەئووف، ٢٠٢١: ١٤٢). جیاوازی بۆچونەکانی هۆمیرۆس دەربارەی شانۆ، لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لەگەڵ شانۆی ئەمڕۆ، چ لە ڕووی ژمارەی کارەکتەر، کە تەنها کارەکتەری سەرەکی ڕۆڵ دەبینێ .... چ لە ڕووی گرنگترین توخمی ئەدەب کە خەیاڵە، فانتازیا کە ئەو ناوی دەبات بە هێزی سەرووی سروشت نابێت بوونی هەبێت لە شانۆدا.

ئەوەی جێگەی ئاماژەدانە لێرەدا ((ڕەخنەگرە کلاسیزمەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئەو یەکانەیان بەپێویست دەزانی، گەر تۆزقاڵێک نووسەرێک لادان و کەمتەرخەمی تیادا بکردایە بەڕوویدا دەتەقینەوە و بە تەواوی پەیرەوی یاسا و ڕێرەوەکانی هونەری کۆن و سەدەی بوژاندنەوەیان دەکرد، تا رادەی پەرستن، بۆیە لێدەرچونیان بە تاوان دەزانی))(سالار، ١٩٨٨: ٥٣).

هەربۆیە هەموو ئەو ڕاو و بۆچوونانەی هەریەکە لە (ئەرستۆ) و (هۆراس)، نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەوروپی تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم وەک بنەما و پرنسیپی ڕەوتی کلاسیکی کاریگەری خۆیان هەبووە و گەلێک دەقی درامی لە ئەورووپادا هاتنەکایەوە و بوار نەبوو بۆ ئەوەی کە، نووسەران و شاعیران، بتوانن لەو دەقە درامیانە لابدەن، پێویست بوو تەواو پابەند بن پێیانەوە و مەحاڵ بوو لێی دەربچوونایە و پەیڕەوی ڕێسا و کۆی یاساکانی هونەری کۆن و تازەی سەردەمی ڕێنیسانسیان بکردایە.

## ١-٣-٢: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کلاسیکی نوێی ئەوروپیدا

شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کلاسیکی نوێدا لە زۆربەی ئەدەبی وڵاتانی ئەوروپیدا وەک ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی، ((لەبۆتەی ئایینیدا سەریهەڵدا، لەنێو کڵێساکان و دەرەوەی کڵێساکاندا ئەو شانۆگەرییانەی کە نمایشدەکران مەبەستیان بڵاوکردنەوەی بیر و هزری ئایینی مەسیحی بوو، ئەمانەش لەشێوەی سرود و شیعرە ئایینیەکانەوە بوون، کە ئەم بابەتەش بە شیعری شانۆیی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا دەست پێدەکات، بەوەی لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانی ئینگلیزی هەموو ڕەگەزەکانی شیعری شانۆیی تێدا دەبیننەوە))(عەولا، ٢٠١١: ٨٣)..

شیعری شانۆیی ڕەگ و ریشەیەکی قووڵی لە ئەدەب و کولتووری ئەوروپیدا هەیە و ئەشێ بڵێن، کە دەقی شانۆیی کۆنترین ژانرەکانی ئەدەبی ئەوروپی و جیهانە، ئەم ژانرە گرنگەی ئەدەب و هونەر، پێگەیەکی بەهێزی بە ڕەوتی شانۆ لە ئەوروپادا بەخشیووە. شانۆیش هونەرێکە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستە بە گەشە و بەرەو پێشچوونی شارستانییەت و پێویستی بە بنەما و سەقامگیری و ژیانێکی شارستانی و دیموکراسی هەیە.

(ئەحمەد سالار) لە کتێبی (ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر)دا دەڵێت: ((کۆنترین شانۆنامەی مێژووی ئینگلیزی کە پێمان گەیشتووە بریتییە لە (سەرکەوتنەکانی هەنری پێنجەمی بەناوبانگ) کە لە ساڵی (١٥٨٨) زاینی دەرکەوتووە، کە بە پیتترین ڕۆژانی شانۆنامەی مێژوویی دادەنرێت))(سالار، ١٩٨٨: ٤٨). بێگومان ئەوە راستییەکە، کە شانۆ هونەرێکە، بەردەوام لەگەڵ مرۆڤ لە گفتوگۆ و دواندایە و بابەتێکی دیاری رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەکانە، ئامڕازێکی گرینگی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤە و هونەرێکە تایبەت بە مرۆڤایەتییە، جا لە هەر شوێن و سەردەمێکدا نمایشبکرێت. هەرلەبەر ئەوەیشە، چەندە هونەرێکی ئەوروپییە و دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری ئەوروپی، بەڵام بە شێوەیەکی تەواو بە نێو هەموو دونیادا بڵاو بۆتەوە و بۆتە هونەرێک بۆ هەموو نەتەوە و کۆمەڵگەیەک.

مێژووی دەسپێکردنی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کلاسیکی نوێی ئەوروپیدا، بەو شێوەیە دەستپێدەکات، لە ((ساڵی (١٥٥٩) زایینی ئیلیزابێس چووە سەرتەختی شاهانەی ئینگلیز و بایەخێکی زۆری بە شانۆ و شاعیرانی شانۆدا، ئەو سەردەمە کە بە سەردەمی ئیلیزابێسی ناسراوە، لەسەر دەستی سێکوچکەی شاعیرانی ئیلیزابێسی (کریستۆفەر مارلۆ و تۆماس کید و شکسپیر) شانۆ و شیعری شانۆیی گۆڕان و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیانەوە بینی، بەتایبەتیش شکسپیر، کە چەندین بەرهەمی تراژیدی و کۆمیدی ئاستبەرزی نووسی))(عەولا، ٢٠١١: ٨٤).

بێگومان یەکێک لە شاعیر و شانۆنامەنووسە گەورەکانی دونیا و شانۆیی کلاسیکی نوێی ئەوروپی (ولیام شێکسپیر١٥٦٤-١٦١٦) (William Shakespeare) شاعیر و شانۆنامەنوسێکی ئینگلیزە و بە گەورەترین شانۆنامەنووسی مێژووییان داناوە. شکسپیر یەکێکە لە گەورە شاعیر و نوسەر و شانۆنووسی مێژووی مرۆڤایەتی و ئەدەبی جیهانی، ئەم شاعیرە بە (شاعیری نیشتیمانی ئینگلتەرە) ناسراوە و ناودەبرێت. لەدوای چوار سەد ساڵ لە کۆچکردنی هێشتا بەرهەمەکانی بە زیندووی لەسەر تەختەی شانۆکانی دونیا ماونەتەوە، تاکو ئێستا شانۆییەکانی پڕ بینەرترین و پڕ داهاتن، شکسپیر، وەک پاشای بواری شانۆ و شیعر لەلایەن شانۆکاران و ئەدیبان و ڕەخنەگرانەوە دادەنرێت.

ئەم شاعیرە گەورەیە لە ((نیسانی ساڵی (١٥٦٤) زاینی لە شاری (سترانفورد) لە ئینگلتەرا لە دایکبووە، سەرەڕای ئەوەی کە شانۆگەریشی نووسیوە ئەکتەریش بووە، هەروەها بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە، لە ساڵی (١٦١٦) لە تەمەنی (٥٢) ساڵیدا دەمرێت))(بابان، ٢٠٠٩: ٩). شانۆنامەکانی شوێنێکی زۆر گەورەیان لە لای رەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری شانۆ و ئەدەبیات کردۆتەوە لە نموونەی شانۆنامەی (هاملێت، ماکبس، ئۆتیللۆ، رۆمیۆ و جولێت) و زۆر شانۆنامەی دیکەی شکسپیر لەلای شانۆکارانی جیهان دەچنە لوتکەی هونەری شانۆ و دراما. شکسپیر وەک شانۆنامەنووسێکی گەورە لە شانۆنامەکانیدا توانیویەتی ڕەهەندە قووڵەکانی بوون، وەسفی ورد و شیکردنەوەی دروستی باری دەروونی کارەکتەر و بوون و نەبوونی هونەر و حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤی لە هاملێت و شانۆنامەکانی تریدا بەرجەستە کردووە و ڕاڤە و خویندنەوە و شیکردنەوەی تەواو پڕ مانا بۆ دۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

((شکسپیر بەر لەهەموو شتێک ئەکتەر بووە و شانۆنامەکانیشی بۆ شانۆ نووسیوە، لە شانۆدا ژیاوە و لەگەڵ شانۆ کاریکردووە، وێنەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی تێکەڵاوکردووە، ئەو دنیا بێ وێنە و گەردوونەکەی خۆیمان بۆ دەخوڵقێنێت. ئەوەی نەمری دەبەخشێت بەم زمانە و ڕووداوانە و بەو شێوازی نووسینە، ئەوەیە کە هەموو سەردەمێک شەکسپیری خۆی لەم تێکستانەدا دەدۆزێتەوە))(رەئووف، ٢٠٢١: ٢٤١). ئەوەی کە شانۆنامەکانی شکسپیر نەمرن تا ئەمرۆ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و پڕ بینەرن.. چونکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتەکانی زیندوون، باسی خۆشەویستی، بوون، باری دەروونی و شیکاری دەروونی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ململانێی کورسی و دەسەڵات، تۆڵەکردنەوە دەکەن. بە مانایەکی تر هەموو بینەرێکی ئاسایی، خاوەن بڕوانامە بێت یان نەخوێندەوار، لە هەر ئاست و چینێکی کۆمەڵگادا بێت دەتوانێت لەم شانۆنامانەی شکسپیردا بەدوای خەون و خەیاڵی خۆیدا بگەڕێت و وا بکات ئاستە جیاوازەکانی بیر و هزری خۆی بجولێنێت.

هەروەها زمانی شەکسپیر، بەوە ناسراوە کە دەستەواژەکانی روون و سادە و ناوازە بوون، هەربۆیە خوێنەر و بینەر ڕستە و دەستەواژەکانی بە ئاسانی لە شانۆنامەکان و کارەکانییەوە وەردەگرن.

ئەوەی شایانی ئاماژە بێت لێرەدا ئەوەیە، کە شکسپیر تەنیا شانۆنامەی تراجیدی نەنووسیووە، بەڵکو سەرەتای ژیانی نووسینی بە کۆمەڵێک شانۆنامەی کۆمیدیی و مێژوویی دەستپێدەکات، ئەم بوارەی شانۆی کۆمیدیا لەلای شەکسپیر دەگاتە ئاستێکی بەرز و بەهایەکی گەورە لە خۆدەگرێت و بەشێکی گرنگی ئەو کولتوورە دەوڵەمەندە ڕۆشنبیرییەیە، کە ئەم شانۆنامەنووس و شاعیرە گەورەیە بۆ هەموو دونیا و مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە. شکسپیر جگە لەوەی کۆمەڵێک شانۆنامەی مێژوویی و کۆمیدی دەنووسێت، بە شانۆنامە تراژیدیاکانیشی دەگاتە ئاستی بەرزی بەناوبانگبوون و لوتکە.

جێی خۆیەتی  لێرەدا ئاماژە بە ڕای نووسەر و شانۆکار (دانا رەئووف) لە بارەی هاملێت و شانۆنامەکانی تری شکسپیرەوە بدەین، نووسەر لە بارەی شکسپیرەوە دەڵێت: ((هاملێت، شالیر، ریشاردی سێیەم، کەسانی سەر بەڕابردووی ناو کتێبە مێژووییەکان نین. ئۆتێللۆ و دەزدەمۆنە هەندێ کەسایەتی خەونە ئامێزی ڕۆمانسی، یان جیهانێکی ئەبستراک و فەنتازیا نین. ڕووداوەکانی ئەو شانۆنامانە ڕاڤەیەکی ڕاستەوخۆ و چارەنووسسازی ئێمە و ڕووداوەکانمانە، ژیانی ئەو کارەکتەرانە پەیوەندی بە ژیانی ئێمەوە هەیە، تراژیدیاکانیان تراژیدیای ئێمە و ئەم سەردەمەیە))(رەئووف، ٢٠٢١: ١٥٠).

ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەین و زیاتر لەسەری هەڵوێستە بکەین، هەر کاتێک باسی شانۆنامەیەکی شاکار دێتە ئاراوە، راستەوخۆ ناوی (هاملێت)، تراجیدیا بەناوبانگ و نەمرەکەی شکسپیر دێتە باسکردن و خەیاڵمانەوە. (شیکسپیر) لە شانۆنامەی (هاملێت: ١٦٠٢)دا کە بە شانۆنامەیەکی تراجیدی ناسراوە، ئەو دۆخە دەروونییەی (هاملێت) پێشان دەدات،  ((کە بە هۆی گەڕانەوەی تارمایی باوکییەوە بۆ ناو کۆشک بۆی دروست دەبێت. کاتێ لە دیمەنەکاندا تارماییەکە دێتەوە و کوڕەکەی ئاگادار دەکاتەوە لەوەی، کە (کلۆدیەس)ی برای کوشتوویەتی، تاکوو ببێتە پادشای دانمارک، بۆیە هانی (هاملێت)ی کوڕی دەدات تۆڵەی بۆ بکاتەوە. هاملێت یەکێکە لە شانۆییە تراژیدی و کلاسیکیەکانی ئەدەبی ئینگلیزی، ڕەخنەگران ئەم شانۆییە بە جوانترین شانۆی شکسپیر دادەنێن، لوتکەی هونەری نووسینی شانۆنامەی شکسپیر دەردەخات، زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کراوە بەتایبەت مۆنۆلۆگە بەناوبانگەکەی کە دەڵێت: (من هەم یان نیم، ئەوە پرسیارەکەیە). لە ساڵی (١٦٠٢) نمایشکراوە و یەکێکە لە درێژترین و بەناوباگترین شانۆییەکان، شانۆییەکە باس لە شازادەی دانیمارک (هاملێت) دەکات، هاملێت کوڕی شای دانیمارک دەبێت، باوکی لە پڕێکدا دەمرێت، گوایە بە هۆی پێوەدانی مارێک لە کاتی نووستندا لە

باخی کۆشکەکەی خۆیدا، هاملێت سەرەتا بەو چیرۆکە باوەڕ دەکات، بەڵام کە (کلۆدیۆس)ی مامی دەکرێت بە شا و (گێتروود) دایکی لەدوای دوو مانگ شووی پێدەکات، هاملێت جگە لەوەی زۆر پێی ناخۆش دەبێت، گومانێکی زۆریش دەکەوێتە دڵییەوە، کە مردنەکەی باوکی دەسکرد بووبێت، دواتر شەوێک لە شەوەکان تارماییەک دێت بۆ کۆشک و هاملێت دوای دەکەوێت، تارماییەکە بە هاملێت دەڵێت : من رۆحی باوکتم، من مار پێوەی نەداوم ئەوە درۆیە (کلۆدیەس)ی مامت لە کاتی نووستنەکەمدا، هات ژەهری رۆکردە گوێچکەمەوە و کوشتمی، بە جۆرە ئەو بێویژدانە ژن و تاج و مەملەکەتەکەی لێ داگیر کردم.دەمەوێت تۆ تۆڵەم بسەنیتەوە)) ((شێکسپیر، ٢٠٠٩: ١٦،١٥). بەم شێوەیە باوکی ڕایدەسپێرێت تۆڵە لە بکوژەکانی بکاتەوە، لەوێوە ڕوداوەکان دەستپێدەکەن. هەر لە سەرەتای پەردەی یەکەمەوە کێشە و وردەکاری ڕووداوەکان و بازنەی پەیوەندییەکان دەخاتەڕوو.

هەر لەم سەرەتایەشەوە ئەو تراجیدیا خوێناویەی بنەماکانی ئەم شانۆنامەیە پێکدەهێنێت، کە لە دەروازەی دیمەن و لەنێو دێڕ و وشە و دیالۆگ و مەنۆلۆگی کارەکتەرەکانەوە دەردەکەوێت. ((هەمیشە ئەو گەردوونەی شەکسپیر لە هاملێت دا دروستی کردووە، شێواز، زمان، تەکنیک و ئاستە جیاوازەکان، لە بەریەکەوتنێکی بەردەوامدان. بۆنموونە شیعر، شەهوەت، توندوتیژی، قۆرخکردن و حەزکردن بە دەسەڵات، پەیوەندییەکانی ژن و پیاو و خۆشەویستی، هەر لە فۆرمە ڕەشەکانی تراجیدیادا بەرجەستە نابن، بەڵکو چەمکە مۆدێرنەکانی شانۆ و هونەر دەبنە بنەما و بوونیادێکی بەهێز بۆ ڕاڤەکردنی شەکسپیر و بۆ رووبەروبونەوەی مرۆڤە جیاوازەکان))(رەئووف، ٢٠٢١: ٢٤٣).

(حەمەکەریم عارف) دەربارەی شانۆنامەی هاملێت دەڵێت: ((شانۆنامەی هاملێت لە نێو ئەم ئەستێرە پڕشنگدارانەی هونەردا، پرشنگ و شکۆ و درەوشانەوەیەکی تایبەتی هەیە و یەکێکە لە لووتکە هەرە بەرزەکانی زادەی هزر و بیری مرۆڤ، شکسپیر لە نووسینی ئەم شانۆنامەیەدا پەرجووی کردووە))(عارف، ٢٠١١: ٣).

شانۆی هاملێت بۆتە بابەتی هەموو سەردەمێک و لە هەموو ساتێکدا دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێز بەسەر هەموو ڕەوت و شانۆی هاوچەرخی دونیاوە بەجێبهێڵێت. گرنگی ئەم شانۆنامەیە لەوەدایە، کە شانۆ وەک چەمکێکی هونەری و وەک ئامرازێکی کاریگەر لە چەقی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندایە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت و لە بابەت و باسە دەروونییەکاندا ئامادەییەکی دیاری هەیە، مرۆڤ بەهەموو ڕووناکییە شاراوەکانییەوە، بە هەموو تاریکییە شاراوەکانییەوە، باس و بابەتە گرنگەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیرن.

(گۆته) شاعیر و فەیلەسۆفێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە ((نوسەری شانۆگەریی (فاووست) دەربارەی هاملێت دەڵێت: هاملێت بە جەوهەر، چیرۆکی مرۆڤێکی دڵناسک و دەروون پاکە، دەزانێت پێویستە چی بکات، بەڵام ئەو دەمارە پتەوەی نییە کە بتوانێت بیانهێنێتە دی))(بابان، ٢٠٠٩: ١٩).
لە درێژەی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کلاسیکی نوێی ئەوروپیدا و لە وڵاتی فەرەنسا بەو شێوەیە بوو، کە فەڕەنسییەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی و لاسایی ئەو ئەدەبە گەورانەیان دەکردەوە و بابەتەکانیان لە کەلەپوری ئەوان وەردەگرت. ((کاریگەربوونی فەڕەنسییەکان بە ئەدەبی گریکی و ڕۆمانی پێش ئینگلیزەکان کەوت، لەبەرئەوەی بارودۆخی فەڕەنسا لەسەدەی شانزەهەمدا لەڕووی سیاسیەوە جۆرە هێمنی و ئارامییەکی بەخۆیەوە بینی کە بووە مایەی گەشەکردنی ئەدەب و هونەر. ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە لەو سەردەمەدا لە فەرەنسا ئەوەیە، کە کۆمەڵەی (پلیاد-لەپلەیاد) دروستبوو، کە داوای فێربوونی بنەماکانی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی و لاساییکردنەوە نموونەکانی ئەوانیان دەکرد. ڕێبەرانی شیعری شانۆیی فەڕەنسی بریتی بوون لە (کۆرنێ (١٦٠٦-١٦٨٤)، ڕاسین (١٦٣٩-١٦٩٦)، مۆلێر (١٦٢٤-١٦٧٣))(عەولا، ٢٠١١: ٨٢).
(مۆلێر، Moliere ١٦٢-١٦٧٣) وەک ناوێکی دیار و گەورە لە شیعری شانۆیی کلاسیکی ئەوروپی نوێ و دونیای شانۆیی فەرەنسی، شانۆنامەنووس و شاعیرێکی دیار و ئەکتەرێکی ناسراوی فەڕەنسیە، مۆلییر هونەرمەندێکی گەورەی بەهرەدار بوو، شانۆنامەی کۆمیدی دەنوسی و دەیکردە شانۆگەری و هەر خۆی دەرهێنانی بۆ دەکرد و ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی. مۆلییر لە ساڵی ١٦٥٨، دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس، بۆ یەکەمجار نمایشێکی شانۆیی بۆ شا لۆدڤیکی چواردە پێشکەش دەکات، پادشا نمایشەکەی بە دڵ دەبێت، بۆیە دەیەوێت کارەکانیان لە کۆشکەکەیدا پێشکەش بکەن. بەم جۆرە دەبنە گروپی تایبەتمەندی کۆشکی شاهانە)(ڕەئووف، ٢٠٢١: ٢٧٩).

سەرکەوتنەکانی مۆلییر لە پاریس، لە دەرەوەی کۆشکی پادشایش بەردەوام دەبێت و گرووپەکەی دەبێتە جێگەی سەرنج و مایەی خۆشەویستی بینەران. مۆلییر توانی نەریتەکانی شانۆی میللی تێکەڵاوی ئەدەب و ئەدەبی شانۆیی بکات، بەمەیش یەکەیەکی تری بۆ زمانی شانۆ خوڵقاندووە. لەنێو شانۆی کلاسیکی فەڕەنسیدا تەنیا مۆلییر بەم شێوە بەرفراوانە بە دیدی جیاواز و خوێندنەوەی نوێ و هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەوە خراوەتە ڕوو.

لە نموونەی شانۆنامەکانی مۆلێر ((قوتابخانەی ژنان، قوتابخانەی مێردان، بەزۆر کراوە بە پزیشک، پیسکەی تەڕپیر، دوژمنی مرۆڤایەتی، نەخۆشی بەواهیمە، ژنهێنان بەزۆری). مۆلێر بەم شانۆنامە کۆمیدییانە بەرزترین پایەی لەجیهانی کۆمیدیای ئەوروپی وەرگرت.

خاڵێکی تری گرنگی مۆلێر لەوەدایە، کە بێ ترس و بەوپەڕی راشکاویی و زۆر ئازادانە کۆمیدیا ڕەخنە ئامێزەکانی نووسیوە، ((وشەکانی زۆر توند و رەقبوون، تەنانەت لەو سەردەمەدا، کە کەنیسە دەسەڵاتی لە ئاستی ترۆپکدا بووە، ڕووبەڕوویان بۆتەوە و پەردەی لەسەر دوو ڕوویی و ژیانە ساختەکەیان هەڵماڵیوە، ئەم ڕاشکاوییە، تووشی چەندین گرفت وبارودۆخی توندوتیژی کردووە. شانۆنامەی (تەرتوف) نموونەیەکی زیندووی ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەیە لە مێژووی شانۆی جیهانیدا، لەم شانۆنامەیەدا مۆلییر پیاوە ئاینییەکانی کەنیسە دەکاتە لێبوکێکی گاڵتەئامێز و رەخنەیان دەکات تەرتوف، کە کەسایەتییەکی قەشەیە، بەناوی ئاینەوە دەسەڵاتی پیرۆزی خۆی بۆ لە خشتەبردنی خەڵکی لە ڕووی ماددی و لە ڕووی مۆڕاڵیشەوە بەکاردەهێنێت))(رەئووف، ٢٠٢١: ٢٨١). شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کلاسیکی نوێدا، دوای ئەدەبی ئینگلیزی و فەڕەنسی، دێنە سەر باسی ئەدەبی ئەڵمانی و بە دیاریکراوی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، شیعری شانۆیی لە سەر دەستی هەردوو شاعیری گەورەی ئەڵمانی ( گۆتە (١٧٤٩-١٨٢٢)، شیلەر (١٧٥٩-١٨٠٥)،

(گۆتە) شاعیر و فەیلەسۆفێکی بەناوبانگ و نوسەری شانۆگەریی (فاووست)، کە یەکێکە لە هەرە شانۆنامە ناسراو و بەناوبانگەکانی دونیا، لەگەڵ شیلەر هەردوو شاعیر گەیشتە لوتکەی داهێنان و ڕوویان لە شیعری شانۆیی کرد بۆ دەربرینی مەبەستەکانیان، ئەمەیش ((دوای ئەوەی گەیشتنە ئەو بیر و بڕوایەی، کە شیعری شانۆیی باشترین نموونەی دەربرینی ئەدەبییە))(بەیکوک، ١٩٧٨: ٧٢). جگە لەوەیش ((هەردوو شاعیر نموونە شیعرییە شانۆییەکانی گریک و بەرهەمەکانی شکسپیر و دەقە شیعرییە شانۆییەکانی راسین کاریگەری گەورەی لەسەریان هەبوو))(عەولا، ٢٠١١: ٨٦).

### ١-٣-٣: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی عەرەبیدا:

شیعری شانۆیی بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی عەرەبی، ڕەخنەگرە عەرەبەکان سەرەتای دەستپێکردن و سەرهەڵدانی دەق و نواندن بۆ شیعری شانۆیی لەئەدەبیاتی عەرەبیدا دەگەڕێننەوە بۆ دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەوروپی، ئەویش دوای داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بەتایبەت لە لایەن فەرەنساوە، دواتر دروستبوونی پەیوەندی بازرگانی و کلتوری. سەرەتای مێژووی ئەم دەستپێکردنەش دەگەرێتەوە بۆ وڵاتی لوبنان. شیعری شانۆیی لە سەردەمی مۆدێرن لە ئەدەبی عەرەبیدا دەرکەوتووە، لێکۆڵەران و رەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەدەبی عەرەبی زۆر درەنگ ئاشنای شیعری شانۆیی بووە، مێژووی شانۆی عەرەبی دابەشی مێژووی شانۆی وڵاتانی عەرەبی بووە، وەک شانۆی لوبنانی و شانۆی میسری و شانۆی عێراقی.

سەرەتای دەستپێکی شیعری شانۆیی لە وڵاتانی عەرەبیدا، لە وڵاتی لوبنان بوو، لوبنان بەردی بناغەی شیعری شانۆیی داڕشت ، ((ئەم وڵاتە پێش وڵاتانی عەرەبی کەوت و لەلایەن (ماروون ئەلنقاش ١٨١٧–١٨٥٥)کە لە شاری سیدۆنی لوبنان لەدایکبووە و لە تارتۆس کۆچی دوایی کردووە، یەکەم شیعری شانۆیی بە ناوی (البخيل) لە ساڵی (١٨٤٧) نووسیوە، ئەلنقاش یەکەم نووسەر بوو کە هونەری نواندنی شانۆیی بە جیهانی عەرەبی ناساند))(ئیسماعیل، ٢٠١٢: ٢١). لە دوایی ئەم دەستپێکە لەساڵی (١٨٧٦)دا (خەلیل یازجی) دووەم شیعری شانۆیی بە ناوی (المروءةوالوفاء) بڵاوکردەوە))(عەوڵڵا ٢٠١١: ٩٧).

دوایی ئەم سەرەتا و بناغە داڕشتنەی لوبنان، وڵاتی میسر بووە پێشەنگ و سەرەتایەکی بەهێزی شیعری شانۆیی دەرکەوت، لەسەر دەستی شاعیری بەناوبانگ (ئەحمەد شەوقی) بوو، ئەحمەد شەوقی بوو بە رابەر و پێشەنگ و داهێنەری شیعری شانۆیی لەئەدەبی عەرەبیدا، شیعری شانۆیی گەیاندە لوتکە لەئەدەبیاتی عەرەبیدا و لەسەر دەستی ئەم شاعیرە گەورەیەی میسر، خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی دیاریکراو و چەسپا.
ئەحمەد شەوقی هەوڵی پەرەپێدانی ئەم هونەرە بەرزەی دەدا و بە شێوەیەکی بەرفراوان بیری لە گەشەکردنی دەکردەوە، ئەم شاعیرە بە شانۆگەرییە شیعرییەکانی ناوبانگی دەرکرد، لە راستیدا شیعری شانۆیی لە ئەدەبی عەرەبیدا زۆر نەناسرابوو تا شەوقی، بۆیە لە ئەدەبی عەرەبیدا (ئەحمەد شەوقی) بە ((باوکی شیعری شانۆی ناودەبرێت، ئەم هەوڵانە دوای شەوقی بەردەوام بوون و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا کۆمەڵێک شاعیری گەورەی عەرەب هاتنە ئەم بوارەوە، کە لە بابەت و ستایلەکاندا لاسایی شەوقییان دەکردەوە و وەک رابەر و داهێنەر بۆ ئەم جۆرەی شیعر وەریانگرت، دوابەدوای شەوقی ناوی بەناوبانگترینیان (عەزیز عەبازە و عەبدورحمان ئەلشرقاوي و سەلاح عەبدولسەبور، ڕابەری ئەم جوڵانەوە نوێیەبوون))(خشبە، ١٩٧٢: ٢٤٢).

شەوقی بە فەرهەنگێکی هەمەچەشن پەروەردە بووە، حەزی لە مێژوو بووە و شیعرەکانی بێبەش نین لە ئاماژەی مێژوویی کە تەنیا ئەو کەسانە دەزانن کە بە قووڵی لە لێکۆڵینەوەدان لە مێژوو، هەروەها لە مێژووی کۆن و مۆدێرن ئاگادار و لێکۆڵەرن. شەوقی ئەم هونەرەی لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەدەبی ئەوروپی وەرگرتبوو، بەتایبەتی لە ڕێگای وەرگێڕاندا و کاریگەری هونەر و ئەدەبی ئەوروپی بوونە هاندەر بۆی درامای شیعری بنوسێت)(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٣٦). ئەم شاعیرە پێشەنگە لەو ڕێنێسانسە ئەدەبی و هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شانۆییەی کە میسر ئەزموونی کردووە، سەبارەت بە شیعر، ئەم نوێبوونەوەیە لە زۆربەی شیعرەکانیدا دیارە، شاعیر بە گەشتەکانی بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سوودی بۆ خۆی هەبوو. زۆر کاریگەربوو بە هونەر و ئەدەبی ئەوروپی. ستایڵەکەی بە گرنگیدان بە چوارچێوە و

هەندێک وێنە و بیرۆکەی تایبەتمەندە کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و ئیلهام لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت، شانازی و وەسف و خاوەنی خەیاڵێکی بەپیت و شکۆمەندی داهێنان و ڕاستگۆیی لە هەست و قووڵی هەستەکاندا. ئەحمەد شەوقی بە بەهرەیەکی شیعری ناوازە دادەنرێت، هەستێکی زمانەوانی ناسک و غەریزەیەکی موزیکی لێهاتووی هەبوو لە هەڵبژاردنی وشەی ناو شیعرەکانی.

بەرهەمەکانی ئەحمەد شەوقی بریتی بوون لە (مردنی کلیۆپاترا، مەجنون لەیلا، قەمبیز، عەلی بەگی گەورە، عەنتەرە، ئەلست هودا)(مەندور،٢٠١٧: ٣٣). ئەحمەد شەوقی جگە لە فەرهەنگ و کلتوری عەرەبی، شارەزاییەکی باشی لە زمانی فەڕەنسی هەبوو، ئەمەش وایکرد کە زۆر باش ئاگاداری ئەدەبی فەرەنسی بێت و سوود لە هونەرەکانی وەربگرێت و کاریگەری شاعیرەکانی ئەدەبی فەڕەنسی لەسەر بێت. شیعری ئەحمەد شەوقی وەک شاعیرێک بەناوبانگە، کە لە ویژدانەوە لەسەر زۆر بابەتەکان دەنووسێت. بەتایبەت بابەتەکانی ئاین و سیاسەت و هەروەها لە کێشەکانی سەردەمی خۆیدا، وەک کێشەی خوێندکاران و زانکۆکان، حەسرەت بۆ منداڵان.

ئەحمەد شەوقی بەداهێنەری شیعری شانۆیی لە ئەدەبی عەرەبیدا دادەنرێت. شەوقی لەژێر کاریگەریی نووسەرانی ئەدەبی فەڕەنسیدا بووە، بەتایبەتی مۆلییر و ڕاسین. دەستپێکردنی بزوتنەوەی شانۆی عەرەبی لە عێراقیشدا، کە لێرەدا زیاتر مەبەستمانە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر قۆناغی یەکەمی شانۆی کوردیدا هەیە، بەو هۆکارەی کە سەر بە وڵاتی عێراق بووین، ڕۆشنبیری کوردستانی باشور زیاتر لە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و کلتوری عەرەبی و بە تایبەتی ڕۆشنبیریٔ عێراقیدا بووە. جوڵانەوەی شانۆیش لە عێراق بەپێی هەندێ بیروڕا سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ (چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەهەم، بە تایبەتی ئەو شانۆنامانەی کە لە کلێسا و دێرەکانی شاری مووسڵ لە (١٨٨٠ بە دواوە) لە لایەن (حەننا حەبەشی) یەوە نمایشکراوە، پاشان ناوی ئەدیب و وەرگێڕ و هونەرمەند (نعوم فتح الله سحار ١٨٥٥- ١٩٠٠) دێت، کە سەرەتای کارەکانی بە وەرگێڕان و چاپکردنی یەکەم تێکستی شانۆیی لە شێوەی کتێبی سەربەخۆ لە ساڵی ( ١٨٩٣) دا، دەستی پێکرد و شانۆگەری (لەتیف و خۆشابا) ی بڵاوکردۆتەوە و دوای دوو ساڵ لە (١٨٩٥)دا تێکستی شانۆگەری (میردیل)ی لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕاوە)(حوسێن، ٢٠٢٠: ٣١٥). تا دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقی لە (١٩٢١) دا بە شێوەیەکی گشتی، تیپی هونەری شانۆیی ئامادەیی نەبووە و زیاتر قوتابخانەکان لە بۆنە تایبەتییەکاندا، کاری شانۆییان ئەنجامداوە و شانۆیان پێشکەشکردووە.

### ١-٢-٤: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا

دەربارەی باسکردن و قسەکردن لەسەر مێژووی شیعری شانۆیی و شانۆگەری کوردی بە شێوەیەکی زانستی و ورد، بە پەرش و بڵاوی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وتار و کورتەنووسین بەرچاو دەکەوێ، بەڵام وەکو هەوڵی ئەکادیمی تایبەت بە مێژووی شانۆی کوردی و توێژینەوە و لێکۆلینەوەی زانستی، زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت.

مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی کوردی وەک هەموو میللەتان، بریتییە لە مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ، بۆیە لای کوردیش وەک هەموو میللەتان بریتی بووە لە کارە دراما میللییەکان، کە توخمی سەرەتایی شانۆیی لەخۆ دەگرێت، کە بریتی بوون لە هەندێ جۆری یاریی و سرود و بەزمگێڕان، ئەمەش بەجۆرێک لە نواندنێکی شانۆیی دەژمێردرێت. ((پێش ئەوەی شانۆی هاوچەرخ، یان نموونەی شانۆی ڕۆژئاوایی لە کوردستان بڵاوببێتەوە، کورد چەندین جۆر شانۆی میللی هەبووە، هونەری تەماشاکردن و پیشاندان هونەرێکی دێرین و باوی کوردەوارییە، بەر لە دایکبوونی مەسیح، گوتییەکان(٢٢٠٠ پ.ز) دەمامکی سالکەبەرانیان لەسەر دەکرد و دیاردەی نواندن و لاسایکردنەوەیان لەلاهەبووە، هەندێک لە سرودەکانی گاتاکان لەکتێبی (ئاڤێستا) شانۆنامەیەکی تەواون)(پیربال، ٢٠٠١: ١٧). دەکرێ لێرەدا پرسیارێک بکرێت کە ئایا کورد لە سەردەمی کۆن و رابردوویەکی دووردا شانۆنامە یان نمایشی شانۆیی بەو ستایل و مانایەی ئەمڕۆ کە شانۆ بوونی هەیە، یان ئەو شێوازەی کە لەسەردەمی گریک و رۆمانییەکاندا ئامادەیی هەبووە، بوونی هەبووە، یان نا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەشێ بڵێین تائێستا هیچ سەرچاوەیەکمان بەر لەو مێژووە لەبەر دەست نییە. ڕاستە دیاردەی شانۆییمان زۆر بووە، لە هەڵپەڕکێ و گۆڤەند و شایی و بووکەبەبارانە و کارکردنی دروێنە و ساوەرکوتان و زکری سۆفیانە و دەروێشی و میرمیران و نەورۆز. لە زۆر شوێن لە کوردستان، گۆرانی لەسەر هەندێک لەو دیاردانە هەیە. هەر وەک بەشەکانی گۆرانیش، کە حەیران و لاوک جۆرە درامایەک لەخۆیان دەگرن.

لای کوردیش ((بەشە گەورەکەی فۆلکلۆر و داستان و ئەفسانە، دەتوانین بە بەردی بناغەی درامای کوردی دابنێین، کە دوو توخمی سەرەکی دراما، کە تراژیدیا و کۆمیدیای لەخۆگرتووە، هەر بۆیە ئاوڕدانەوەمان لەباری ژیانی کوردەواریی بۆمان دەردەکەوێت کوردستان هەر لەدێر زەمانەوە وڵاتێکی کشتوکاڵی بووە و هەمیشە پشتی بە باران بەستوە، لە وەرزی بارانبارینداو یاخود قاتوقڕی باراندا چەندین سرووددی ئایینی، یان تایبەتی لەو بوارەدا نمایشکراوە، کە گیانێکی دراما ئاسایی لەخۆگرتووە لەخۆشی و لەو ئاهەنگانەدا هەندێ بینراوی تەمسیلی بچووک و سەرپێی کراوە، کە هەندێ لە ڕۆشنبیران دەڵێن لەوەیە ئەمە بناغەی شانۆی کوردیمان بێت))(سمۆ، ٢٠٢١: ٢٥٠).

دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا رەخنەگرانی ئەوروپی و عەرەبی دان بەوەدا دەنێن کە، سەرەتای سەرهەڵدانی دراما لە لای گریکە کۆنەکان بووە لە بۆنە ئایینیەکاندا نمایشیان کردووە، دەکرێت لای ئێمەی کوردیش نمایشی دەروێشان لە تەکییە و خانەقاکاندا لە دێر زەمانەوە کراون بە سەرەتای شانۆ دابنرێت. هەر لەگەڵ ئەمەشدا بەباسکردن بۆ ئەو کار و جوڵە و بابەتە میللییانەی کە دەکرێت لە شێوەی شانۆ، بەتایبەتی لە دیارترینیان یارییە میللییەکان و کارە هەرەوەزییەکان و کۆبونەوە ئایینیەکان، هەموو ئەم حاڵەتانە و چەندانی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە بەدرێژایی مێژوو لە کۆنەوە لای کورد هەبووە، ((دەکرێت بە شێوە نواندنێکی میللی بژمێردرێن و شانۆ لە کوردستاندا بەو شێوەیە و لەناو ئەم جۆرە چالاکییانەدا ئامادەیی هەبووە. (شانۆ بەو چەمکە ئەوروپاییەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە ژانرێکی تازەیە و لە ڕێگەی شەپۆلی ئەدەبیاتی تورکی و ئەوروپییەوە هاتۆتە ناو ئێمە))(پیربال، ٢٠٠٢: ١٠٦).

لەم ڕووەوە هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و نووسینەوەی مێژووی شیعری شانۆیی، دەبێت مێژووی شانۆیی کوردی و ئەدەبی شانۆیی و هونەری نواندنی شانۆیی لەبەرچاو بگیرێت، چونکە هەر دەقە ئەدەبییەکە بەتەنیا بەس نییە.

سەبارەت بەڕەوتی درامای کوردی (سەلام فەرەج کەریم) دەڵێت: (درامای کوردی لەسەرهەڵدانییەوە تا ئێستا لەمێژووی گەلی کوردا دانەبڕاوە و بەپێی گەشەسەندنی باری ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلی کورد ئەمیش گەشەی سەندووە، گەر باری گشتی کورد تووشی قەیران بووبێت، ئەوا درامایش کەوتۆتە قەیرانەوە)(کەریم، ٢٠٠١: ١٨).

هەر سەبارەت بەم دەستپێک و سەرەتایەی شانۆی کوردی (حەمەکەریم هەورامی) دەڵێت: (گەلێ بەدوای سۆراخکردنی ئەو شانۆگەرییانەدا کە لە سەرەتای بزووتنەوە، تا ساڵەکانی پەنجا گەڕاین، چ تێکستێکی وەهام دەست نەکەوت کە ڕێگەی چاپکردنی گرتبێتە بەر و کەوتبێتە بەر دەستی خوێندەوار و تا ئێمەش بێنین و بیکەین بەنموونە و هەندێ لەسەری بکۆڵینەوە)(هەورامی، ٢٠٠١: ٢٠٤).

دروستبوونی شانۆنامە و هاتنە ناو دونیای ئەدەبی و هونەری ئێمە لە ڕێگەی شەپۆلی ئەدەبیاتی تورکی و ئەوروپییەوە بووە. (سەردەمی (تنظیمات) و شۆڕشی (تورکە لاوەکان) هەلێکی لەبار بۆ هاتنە کایەی یەکەمین دەقی شانۆی کوردی لە لایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شانۆنووسی کوردی تورکیا بە ((ناوی (مەمی ئالان) هاتەکایەوە، لە ئەستنبوڵ لە ساڵی (١٩١٩)دا لە ژمارە (١٥– ١٦)، گۆڤاری (ژین)دا بە پێنوسی (عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری) بڵاودەکرێتەوە، کە بە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ژانری شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەژمێرێت))(پیربال، ٢٠٠٢: ١٠٩).

له هەمانکاتدا له ڕێگەی (پیرەمێرد) ی شاعیرەوه که ئەو کاته له ئیستەمبۆڵ له ژێر کاریگەری ڕەوتی ئەدەبی (سەروەتی فنون) و شانۆنامه نووسەکانی ئەوکاته دابوو، ئەم خولیا و حەزه پاڵی به (پیرەمێرد)ەوه نا له دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی له دوای یەکەمین جەنگی جیهانی زۆر به پەرۆشەوه ڕوو له کەلەپور و سامانی نەتەوەیی خۆی بکا و بیکاته کانگایەکی ڕوون و گەش بۆ داهێنانه ئەدەبیەکانی خۆی له نووسینی شانۆنامەی مێژووی و فۆلکلۆری، که ئەدیب و شانۆنامه نووسەکانی تورکیای سەردەمی (تنظیمات) پێوەی ناسرابوون))(حوسێن، ٢٠٢٠: ٣١٧) ئەوەی تێبینی دەکرێت ((دەقی شانۆی کوردی، بەتایبەت له سلێمانی به بەراییەکانی تەوژمی سەرهەڵدان دەژمێردرێت شانۆگەریی قوتابخانەکان له ساڵانی بیستی سەدەی بیستەم به سەرەتای ئەم چالاکییه دادەنرێت، سەرەڕای ئەمەش ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لەم بوارەدا دیاره)(سمۆ، ٢٠٢١: ٢٤٥).

دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی جوڵانەوەی شانۆی کوردی له باشوری کوردستان بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوه، بەتایبەت بۆ ئەو هەموو گۆڕانکارییه گەورانەی له سەرەتای ئەو سەدەیەدا له ناوچەکەدا ڕوویاندا و هاتنەکایەوه، له هۆکاره گرنگەکانی گەشەکردنی هونەری شانۆن لەناو میللەتی کورددا. هەر ئەو گۆڕانکارییانه بوونه ڕێگا خۆشکەری ئەوەی که هونەری شانۆ وەک هۆشیارییەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری سەیر بکرێت و دەست به بزاوتی هەوڵدان و کارکردنی خۆی بکات. دەکرێت لێرەدا ئاماژه بەوه بدەین پیرەمێردی شاعیر توانی سوودێکی باش له مانەوەی له شاری ئەستنبوڵ وەکو ڕۆشنبیر و کاربەدەستێکی گەوره وەربگرێت و ئەم شەپۆله ئەدەبی و ڕۆشنبیرییه نوێیەی که له تورکیا و لەژێر کاریگەری ئەوروپادا دروستبوو بوو، پیرەمێرد ئەمانەی کرده کەرەستەیەکی باش و بەرەو کوردستان بیانهێنێت و بەرەو پێشچونێکی باشی به شانۆی کوردیدا. پێویسته ئەوه بڵێن که (پیرەمێرد) ئەو بڕوایەی لەلا دروست بووه، که شانۆ دەتوانێت هاوشانی گەلانی پێشکەوتوو بڕوات و کاریگەری گەوره لەسەر کۆمەڵگا و نەتەوه دروست بکات، بۆیه زۆر به گەرمی و گیانێکی لەخۆ بووردوانەوه چەندین دەقی وەک ((مەموزین و مەحموود ئاغای شیوەکەڵ و شەریف هەمەوەندی و دوانزه سوارەی مەریوان) ی نووسیووه و بڵاوکردۆتەوه. له راڤەکردن و خوێندنەوەی دەقەکانی پیرەمێردا، ئەوه دەردەکەوێت که ئاوڕدانەوەی شاعیر له کەلەپوور و هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەش بۆ خۆی مەبەستێکی گەورەی لەپشتەوه بووه و دەرگا واڵاکردنێکی نوێی پێویست بووه. ئەمانەی وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و خەمی هۆشیارکردنەوه و به ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگا سەیر کردووه.

(گۆران)ی شاعیر له ساڵی (١٩٥٠) دا لەگەڵ یەکەم کۆمەڵه شیعری خۆی که به ناوی (بەهەشت ویادگار) بوو له بەغدا بڵاوکردەوه، له ناو ئەم کۆمەڵەیەدا ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)

تێدایە و چەندین جار لە چەندین شوێن نمایش کراوە، وەک یەکەم بەرهەمی گۆران کە دەچێتە خانەی شیعری شانۆیی. گۆران بە کۆشش و هەوڵدانی بە داهێنەر و ڕابەر دادەنرێت لە شێوەی ئەدەبی ئۆپەرێت دا شایانی باسکردن و گرنگیدانە کە چەندین شیعری شانۆیی نووسیووە وەک ( ماستاو، جۆقی یۆنسکۆ، جق و نق، موحاکەمەی مام چەوەندەر)(محەمەد، ٢٠٠٠: ٤٢).

ئەزمونی شیعری شێرکۆ بێکەس بە ڕادەیەک دەوڵەمەندە، کە گەلێک شێواز و فۆرمی شیعری تاقیکردۆتەوە، تەنانەت ئەوەی کە هێشتا لە جیهانبینی شاعیراندا پەی پێ نەبراوە و تاقی نەکراوەتەوە، شێرکۆ رۆڵی دیاری لە پراکتیزەکردنیدا هەبووە. لێرەوە شاعیر شیعری شانۆیی وەکو فۆرمێکی نوێی شیعری قۆناغەکە دەبێتە جێی بایەخی شاعیر و چەند بەرهەمێکی نایابی لەو لایەنەوە بە ئاکام گەیاندووە.

# بەشی دووەم

## بنەما بیرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

تەوەری یەکەم: بیری سیاسی

تەوەری دووەم: بیری نیشتیمانی و نەتەوایەتی

تەوەری سێیەم: بیری فەلسەفی

تەوەری چوارەم: بیری ئیرۆتیکی

## بەشی دووەم

## بنەما بیرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

بیر یەکێکە لە رەگەزەکانی دەقی ئەدەبی، بنەما و هەوێنی هەموو دەق و بابەتێکی ئەدەبی و هونەرییە، هەر شاعیر یان نووسەرێک بە هزر و بیرکردنەوەی خۆی دەتوانێت بیرکردنەوەکانی خۆی و ئەو مەبەستانەی کە هەیەتی  بیکات بە کەرەستەی هەناوی دەقێکی شیعری شانۆیی و لە رێگەی زمانی نوسینەوە دەرییبڕێت. دەتوانین بڵێین هەموو دەقێکی ئەدەبی چنییە، بیر لە سەرەتای چنییەکەوە دەست پێدەکات هەتا کۆتایی، هەموو دەقەکە بەئاراستەی ئەو بیرە دەڕوات. بیر ((ئاوێتە و ئەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤە سەبارەت بە جیهانی دەرەوە و ناوەوەی، بیرکردنەوەش هەڵبەت گرنگترین دیاردەیە لە ئادەمیزادا، کە بە هۆیەوە لە هەر بونەوەرێکی تر جوداتر بێت))(عەبدولرەحمان، ٢٠٠٩: ٩). کەواتە بیر ئەو پەیام و بیروباوەڕەیە کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەر، تیایدا تایبەتمەندی خۆی و جیاوازی بیرکردنەکانی خودی خۆی لەگەڵ ئەوانی دی دەردەخات.

هەر بۆیە ((بیر وەک چرۆی درەختێکی تازە پشکوتووە و خەندەی ئایندەیەک و داهاتوویەکی پڕ گەڵای سەوز و بەری جوانی پێوەیە، بەڵام ئەم چرۆیە پەروەردە نەکرێ ئەوا هەر زوو دەچێتەوە ناو قاوغی خۆی و زەرد هەڵدەگەرێت و وشک دەبێتەوە))(عیسا، ٢٠٠٩: ٤٨). شاعیران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووداوێک یان حاڵەتێک یان دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگەکەی سەرنجی ڕادەکێشێت و کاریگەر دەبێت پێی، لە بیر و هزریدا پەنگدەخواتەوە و دەبێتە خولیای سەری، هەوڵدەدات ئەم بیرە بەشێوەیەکی باش لە هزری خۆیدا کۆ بکاتەوە و پەروەردەی بکات، دواتر بابەتێکی  لێدروست دەکات، پاشان هەوڵدەدات لە چوارچێوەی دەقەکەیدا، گیانێکی شانۆیی بەبەردا بکات، ئەمەش دەبێتە یەکەم هەنگاوی شاعیر لە نووسینی دەقە شانۆییەکەیدا.

لە ناو هەر دەقێکی شانۆییدا ئەوەی خاڵی گرنگە کە ((بیر کرۆکی درامایە و خاڵی دەستپێکردنی دەقە و بزوێنەری هەموو ڕەگەزەکانی درامایە))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١٤٩). چونکە بیر یەکێکە لە بابەت و ڕەگەزە سەرەکی و گرنگەکانی بنیاتی دەقی شیعری شانۆیی و بە هەنگاوی سەرەتای نووسینی دەقی شانۆیی دادەنرێت.

دەقی شانۆگەری ((هەر چۆنێک بێت لە هەناویدا بیرێک هەیە، لە رێی ئەو وشانەی کە ئەکتەرەکان دەیڵێن، دەردەکەوێت، بیر هەندێ جار بە بیری سەرەکی ناودەبرێت و واتای گشتی شانۆگەرییەکە دەگەیەنێت))(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٦٠). لە دەقی شانۆییدا بیر ئاوێتەی دەق دەبێت و بە شێوەیەک، هەرگیز نابێت راستەوخۆ بگەیەنرێت و لە کۆتاییدا دەگەیەنرێتە خوێنەر یان بینەر. هەندێک کات لە پشتی سیمبوڵەکانەوە دەشاردرێنەوە و هەندێ جاریش لە زاری

کارکتەرەکانەوە دەردەبڕێت و ڕاستەوخۆ دەربڕینی لێدەکرێت. لەم چوارچێوەیەشدا شیعری شانۆیی لە سەرەتای پەیدابوونیەوە مەبەستی بووە لە ڕێی بابەت و بیرەکانییەوە، وێنەی بارودۆخی واقعی کۆمەڵایەتی و دەروونی و خوڕەوشتی مرۆڤی کۆمەڵگەکەی باسکردووە.

هەر دەربارەی ئەم بنەمایە (عەتا ڕەشید حسین) دەڵێت: ((بیر بنیاتنەر و داینەمۆی دەقی درامایە، ئەوەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تێڕوانین و ئەندێشەی تێڕامانەکانی درامانووسەوە هەیە، دەقی درامی بێ بوونی هیچ بیرێک دروست نابێت و نایەتە بەرهەم، واتە بۆ نووسینی هەر دەقێکی درامی دەبێت بیرێک هەبێت، تا تەلاری ئەو دەقەی لەسەر بنیات بنرێت، بیر بزوێنەری ڕووداوەکانە و لە ناو هەناوی ڕووداوەکاندا لە دایک دەبێت))(حسین، ٢٠١٢: ٣٨،٣٧).

لەم چوارچێوەیەشدا کاتێک باس لە بنەما بیریی و هزرییەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا دەکەین، زۆربەی بنەما بیر و بیرۆکە و ناوەڕۆکەکانی گوزارشتە لە واقعی کۆمەڵی کوردەواری، بۆیە واقیع و بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردیی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر خوڵقاندنی دەقەکانی شیعری شانۆییدا هەبووە، ئەگەرچی دەقە کوردییەکان لە سەرەتاوە سادەبوون و هەڵگری بیرو پەیامێکی دیار نەبوون و کەمتر بارگاوییبوون بە مەعریفە و ڕۆشنبیریی. لەبەر ئەوە دەقەکان لەم قۆناغەدا ((چەند پەیوەندی بە کێشەیەکی سیاسیەوە هەیە، هێندەش پەیوەندی بە خاسیەتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و دەروونی مرۆڤی کوردەوە هەیە))(پیرباڵ، ٢٠٠١: ٥٣).

شاعیران وەکو چینێکی ڕۆشنبیر و دەستەبژێری نێو ئەو کۆمەڵگەیە، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیاربکەنەوە و هەروەها ئامانج و پەیامەکانی خۆیان بە میللەتی کورد بگەیەنن، تەنیا بەوە رازی نەبوون، کە شیعری کوردی نوێبکەنەوە و بە شێوازێکی نوێ و ستایلێکی تازە پێشکەشی نەتەوەی کوردی بکەن، بەڵکو بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان، چەندین شێوە و ژانری دیکەی ئەدەبی و رۆشنبیری و چەندین بابەت و ڕەهەندی تریان وەک ئەرکی ئەدەبی بە شیعر سپاردووە، هەر وەک (گۆران) شاعیر لە بارەی ئەرکی ئەدەبەوە دەڵێت: ((هەر ئەوە تاوێک ئەبێ بە زمانی ئاین و تاوێک ئەبێ بە زمانی فەلسەفە و تاوێک بە زمانی سەرکردەی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی، گەل لە بێداریمان ئەوروژێنێ، ئەمانکا بە گژ جەور و ستەما))(ئاشنا، ٢٠٠٢: ٥). لەپێناوی زیاتر گەیاندنی پەیام و بیرکردنەوەیەکی دروست و پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و زۆرینەی کۆمەڵ ئەم هەوڵانەیان داوە. ((لەم ڕووەوەش ئاوڕدانەوە لە کەلەپور و بیروباوەڕی دێرینی میللەتی کورد، یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی شاعیرانی نوێخوازی ئەو سەردەمە. ئەمەش بۆ ئەوەی تا کورد شانازی بە باب و باپیرانی خۆیەوە بکات و مێژووی خۆی لە یاد نەکات و بیروباوەڕی نەتەوەیشی بەهێزتر بکات، بۆیە بابەت و مێژووی کۆنی کورد کرانە هەوێنی چەندین بابەتی شیعری شانۆیی))(عەولا، ٢٠١١:

٢٦٩). ((شاعیرانی کورد پەیامدارانە و وشیارانە ڕوویان لە چەند بابەتێکی شیعری کردووە تا ئەرکێکی دیاریکراویان پێ ببینن، وەک ئەرکی سیاسی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ئایینی.... هتد))(ئیسماعیل، ٢٠١٠: ١٠٩). شاعیر لە ئەنجامی ئەزموونەکانی ژیانیدا تووشی کۆمەڵێ ڕووداوی زۆر دەبێت و لەناویاندا دەژی، حاڵەت و بابەتی زۆر دەبینێت ململانێیان لەگەڵدا دەکات، لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەی ئاشنا دەبێت زیاتر تێگەیشتنی دەبێت بۆیان.

بە ڕای سیاپۆش ((شیعر، چرایەکە تاریکی ڕێی ژیانمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە، یارمەتیمان ئەدات لە دۆزینەوەی راستیدا، ئاوێنەیەکە ناشیرینی تیا جوان ئەبینرێ، شیعر پەچە لەڕووی جوانییەکی شاراوە لائەدات. شاعیران ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵن))(سیاپۆش، ١٩٣٢: ٢). (سیاپۆش) شیعر بە ژیان و کۆمەڵگە دەبەستێتەوە و ڕای وایە کە شیعر دەبێت ئەرکی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگاکەی پێ ببینرێت، بارودۆخ و واقعی خەڵک چۆن بێت، پێویستە رەنگدانەوەی لەناو دەقی شیعریدا ببینرێت. بێگومان شیعری شانۆ پێویستە ببێتە ئاوێنەی واقع و بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگە. هەروەها پێویستە شاعیر لە نووسینی دەقەکەیدا پشت بە بابەت و ناوەڕۆکی گونجاو و سەرنجڕاکێش ببەستێت، چونکە بابەت و ناوەڕۆکی دەق مەبەستە گشتییەکەیە، کە لە پێکهاتەی هەر دەقێکی ئەدەبیدا دەردەکەوێت و دەقی شیعری پێ دەناسرێتەوە.

شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی کاریگەر بووە و سوودی وەرگرتووە لە ڕەگەزەکانی شیعری وەک زمانی شیعری و وێنەی شیعری، وەکو بەشێکیش لە شانۆ سوودی لە توخمەکانی شانۆ بینیوە. هەر بۆیە شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا لە چوارچێوەی سنووری بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و پەروەردەییەکاندا، هەوڵیداوە ناسنامەیەک بۆ خۆی دەستەبەر بکات و تێگەیشتنێکی بە ئاگایانە دروستبکات و ببێتە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی مرۆڤی کورد و تاکەکانی کۆمەڵگە. لەدوای ئەم سەرەتایەش دەتوانین بڵێین هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە لەگەڵ گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەییدا ئەو بابەتانە هاتنە ئارا کە ڕەنگدانەوەی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد بوون، بە تایبەت لە ساتە وەختەکانی شۆڕشی ئەیلول و نسکۆی شۆڕش و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ، کە بێگومان واقیعی ئەو قۆناغەی ئەدەبیات و شانۆیی کوردی زیاتر خوازیاری بابەتی سیاسی و نەتەوایەتی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی بوو.

دەکرێ لێرەدا ئەوە بڵێن باسکردن و خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ دەقە شیعرە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس)، تێڕامان و دونیابینی بابەتی بیرکردنەوەکانی (شێرکۆ بێکەس)ە دەربارەی ئەو سەردەم و شوێن و بارودۆخ و ژینگەیەی کەتیایدا ژیاوە. جیهانبینی و بیرکردنەوەی شێرکۆیە دەربارەی بنەما بیرییەکان و بابەت و (بیری سیاسی، نەتەوەیی و نیشتیمانی، فەلسەفی، سۆز و ئەوین و ئیرۆتیکی).

## *ژياننامەی شێرکۆ بێکەس:

شێرکۆ بێکەس (کوڕی فایەق بێکەس) ی شاعیر و شەفیقە سەعیدی وەستا حەسەنە، لە ١٩٤٠/٥/٢ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایکبووە. کاتێک تەمەنی هەشت ساڵان بووە بێکەسی باوکی کۆچی دوایی دەکات.

منداڵی و لاوێتی شێرکۆ بێکەس پڕ بووە لە ئازار و ژانی بێکەسی و نالەباری رەوشی ئابوری. لە ناو هەلومەرجی سەخت و بێکەسیدا قۆناغی ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە. لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکەمین شیعری لە رۆژنامەی ژین بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی (١٩٦٥) دەبێت بە پێشمەرگە و لە رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لە ئەشکەوتی (سەردێمان) دەست بە کاردەکات. لە ساڵی (١٩٦٨) یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوی تریفەی هەڵبەست بڵاو دەکاتەوە. ساڵی (١٩٦٩) لەگەڵ خاتوو (نەسرین میرزا) ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت.

شێرکۆ بێکەس لە ساڵی (١٩٧٠) دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری ئەدیب و نووسەریدا، (بەیانی روانگە لە پێناوی نوێکردنەوەی ئەدەب و نووسینی کوردی) بڵاوکردەوە. بزوتنەوەی ڕوانگە لە بارودۆخێکی تایبەتی ئەو کاتەی میللەتی کورددا، توانی چالاکی و گۆڕوتینێکی دیارو نوێی بە بە کاریگەری نوێخوازی ئەدەبیاتی دراوسێ و ئەدەبیاتی جیهانی، بە ناوەندی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ببەخشێت و کاریگەری لە دوای خۆی بە جێبهێڵێ، کە (شێرکۆ بێکەس) لە دامەزرێنەران و ئەندامە چالاکەکانی بوو. (( بیرۆکەی ڕوانگە بۆ کۆتایی ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە کاتێ کە کۆمەڵێ ڕۆشنبری کورد لە بەغدا دەژیان لەوانە (کاکە مەم بۆتانی، حسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس))(حوسێن، نازم، ٢٠٢٠: ٣٢٢).

شاعیر لە ساڵی (١٩٧٤) دووبارە دەبێتەوە بە پێشمەرگ، پاش تێکچوونی شۆڕش بەرەو خواروی عێراق و شاری رومادی دووردەخرێتەوە. لە ساڵی (١٩٧٩) دەگەڕێتەوە سلێمانی. لە ساڵی (١٩٨٤) بۆ پشتگیری شۆڕش و هێزی پێشمەرگە جارێکی تر روو لە چیاکانی کوردستان دەکاتەوە و دەبێت بە پێشمەرگە. لە ساڵی(١٩٨٦) بە هۆی تێکچوونی باری خراپی کوردستان و هێرشە بێئامانەکانی کێمیابارانەوە، پێشنیازی بۆ دەکەن بەرەو دەرەوەی وەڵات بچێت. لە هەمان ساڵدا دەگاتە ئیتالیا .

لە ساڵی (١٩٨٧) لە سوید خەڵاتی (تۆخۆلسکی) وەردەگرێت. خەڵاتەکەی لە لایەن سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی سوێد (ئیگڤار کالرسۆن)ەوە پێشکەشدەکرێت. پاشتر هەر لەو وڵاتە دەمێنێتەوە و مافی پەنابەرێتی وەردەگرێت.

لە ساڵی (١٩٩٢) لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە وەزیری رۆشنبیری. ساڵی (١٩٩٨) لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی نووسەر و رۆشنبیریدا دەزگای چاپ و

پەخشی سەردەم دروستدەکەن و دەبێت بە سەرۆکی ئەو دەزگایە. لە ساڵی (٢٠٠٩) سەرجەمی بەرهەمەکانی لە هەشت هەزار لاپەڕەدا چاپکردووە.

(شێرکۆ بێکەس) خاوەنی چەندین ئەزموونی جۆراوجۆرە لە نووسینی شیعردا. بە شیعر شانۆنامە، پۆستەر، داستان و گەلێ بەرهەمی تری ئەدەبی نووسیووە. بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی هاوچەرخی کورد دادەنرێت و خاوەنی چەندین نامیلکە و دیوانی شیعرییە و زۆرێک لە شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی جیهانی وەکو ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، سویدی، عەرەبی، تورکی، فارسی وەرگێڕدراون، شیعرەکانی شێرکۆ زۆرجار باسی لە نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی ئاو و خاک و بابەتە مرۆڤایەتی و مێژووییەکان کردووە. شێرکۆ بێکەس لە رۆژی ٢٠١٣/٨/٤ لە وڵاتی سوید و بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچیدوایی کرد و لە پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی، لەسەر وەسێتی خۆی بە خاک سپێردراوە.

((شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە شیعرەکانی جیانابێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵیداوە خۆی بەشێک بێت لە دەقەکانی، واتە کارەکتەری شێرکۆ و واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم شاعیرە لەناو دەقەکانیدا بوونی هەیە))(میرە، ٢٠٢٠: ١٠٦).

پێویستە ئاگاداری ئەوە بین ئەو سەردەمەی کە شێرکۆ بێکەس تێیدا دەژی و دەبێت بە ساتی سەرەتاکانی نووسینی شیعر و چوونە ناو دونیای ئەدەب و سیاسەت بخەینە بەر چاوی خۆمان و لەسەری هەڵوێستە بکەین، چونکە سەردەمێکی ئاڵۆزو ناسەقامگیرە چ لەڕووی باری سیاسی و چ لە باری کۆمەڵایەتییەوە، بە تایبەت جوگرافیای کوردستان کە دووگیان بوو بە رووداوی گەورە و نوێ و تاڕادەیەک نا ئەزموونکراوی سیاسی، وەک رێکەوتنی یانزدەی ئازارو دواتر تێکچوونی ئەم رێکەوتنە و سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی کوردستان و تێکچوونی رێکەوتننامەی یانزەی ئازارو دەستپێکردنەوەی شۆڕش و دووبارەبوونەوەو دەستپێکردنەوەی شەڕوشۆڕەکان، لەگەڵ ئەمەشدا نزیکی خودی شاعیر لە شۆڕش و بکەرانی شۆڕش. (شێرکۆ بێکەس) وەک شاعیرێکی بەرەنگاری و سیاسی بە هەڵوێستی نەتەوەییەوە سەرەتاکانی شیعری خۆی بە ستایلێکی نوێ و شێوازێکی تازەو مۆدێرنی دیارو کاریگەرییانە دەست پێدەکات.

## تەوەری یەکەم:  بیری سیاسی

بارودۆخ و ڕەوشی سیاسی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بارودۆخی خەڵک و بابەتی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە و بیری تاکەکانی کۆمەڵگە و باری ئەدەبیات و هونەر بە شێوەیەکی گشتی هەیە، لە بارەی پەیوەندی ئەدەب بە سیاسەتەوە (سامان عیزەدین سەعدون) دەڵێت: ((پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت کاتێک دێتە ئاراوە کە چەمکی ئەدەب بە دەوروبەر و واقیعە سیاسییەکەوە ببەستینەوە، کاتێ ئەدەب ئەرکی وشیاری دەبینێت و بانگەشەی شۆڕش و تێکۆشان و بە گژاچوونەوە و یاخیبوون دەکات))(سەعدوون، ٢٠١٨: ٣٨٥).

کاتێک کوردستان لە ژێر چەپۆکی ڕەشی داگیرکاری و چەوساندنەوە و پارچەپارچەکردن و زوڵم و زۆرداریدابوو، هەر لەو سەردەم و ساتەدا ڕۆحێکی گەورەی ئاڵنگاری و بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر ئەم ستەم و داگیرکارییە لەناو دەروون و ڕۆحی زۆرینەی مرۆڤی کورد دا ئامادەیی هەبوو. بوونی ئەم حاڵەتە لە ڕۆحی بەرگری و بەرەنگاریی و ئەم ڕابوونە نەتەوەییە و ئەم گیانە پڕ لە تێکۆشانە لە ناو میللەتی کورد و کۆمەڵگەی کوردستاندا، هەروەها ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە و ئەم گیانە نەتەوەییە، بە دڵنیاییەوە لە ناو گیان و بیرکردنەوە و سایکۆلۆژییای شاعیران و نوسەرانی کورد زیاتر و گەورەتر و هۆشیارانەتر ئامادەیی هەبوو.

لەم تێڕوانینەوە بۆ چەمکی سیاسەت دەکرێ بڵێین: کە شیعری سیاسیش بۆخۆی جیهانبینیی و هەڵوێستی شاعیرە بەرامبەر دەسەڵات و ڕووداوە سیاسییەکان و لەم ڕووەوە (ئەحمەد ئەلشایب) پێناسەی شیعری سیاسی دەکات و دەڵێ: ((بریتییە لەو هونەری ئاخاوتنەی کە پێوەندی بە سیستەمی ناوەوەی دەوڵەت و پێوەندی و پایەی لەنیوان دەوڵەتاندا هەیە)) (ئەلشایب، ١٩٧٦: ٤). سیاسەت زانستێکی مرۆڤایەتییە و بەشێکیش لە ڕۆشنبیری نەتەوەش سیاسەتە، لەڕووی چەمکیشەوە مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکی خودی یان گشتییە، لەهەمان کاتیشدا زانست و هونەرەو پەیوەندی هەیە بە بەڕێوەبردنی وڵات، لەگەڵ ئەوەشدا گونجاندن و ڕیکخستنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانە لەسەر ئاستی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی وڵات.

لەڕووی چەمکەوە دەتوانین بڵێین کە سیاسەت بۆ خۆی ((زانستێکی فەرمانڕەوایی و هونەری پەیوەندییە فەرمانڕەواییەکانە، وەک زاراوە بۆ ئەو کۆمەڵە کاروبارەی کە بۆ دەوڵەت بایەخی هەیەو بۆ ئەو ڕێگایەی کە فەرمانڕەواکان دەیگرنەبەر بەکاردەهێنرێ))(مستەفا، ٢٠١١: ٨٩).

وەک پێناسەیەک بۆ شیعری سیاسی ((مەبەست لە شیعری سیاسی ئەو شیعرەیە، کە ئەرکی دەربڕینی ئەو بیر و باوەڕانەی پێبینراوە کە پەیوەندییان بە حوکم و دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و وڵاتەوە هەیە، هەروەها باسکردن لە قەوارەیەکی سیاسی وڵات و خۆشەویستی نەتەوە دەگرێتە خۆی))(ئیسماعیل،٢٠١٠: ١١١).

شاعیران و روناکبیران وەک توێژێکی دەستەبژێر و دیاری ناو کۆمەڵگە نەک هەر تەنیا بە پشتگیریکردن لەم ڕۆحی لە ئاڵنگاری و نەتەوەییە، بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وەستانەوە، جگە لەم هەڵوێستە بەڵکو هەر خۆشیان بە بەشداری سیاسی و بەشداربوونی راستەوخۆیان لە ڕاپەرین و شۆڕشەکاندا ئامادەییان هەبووە و چونەتە ناو ریزەکانی شۆڕشەوە و بەشداری چالاکانەیان هەبووە. بە بیری سیاسی و نەتەوەیی و لە جۆشدانی هەستی نیشتمانپەروەری رۆڵەکانی میللەت و تاکەکانی کۆمەڵگەیان لە ماف و داوا ڕەواکانی خۆیان هۆشیارکردۆتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا بۆ پێناسەو سەرنج و تێڕوانین دەربارەی شیعری سیاسی سەبارەت بەم جۆرەی شیعر (د.محمد دلێر ئەمین میسری) دەڵێ: ((شیعری سیاسی زیاتر لە پڕوپاگەندەی سیاسی نزیکە و زمان و داڕشتنی زمانی ڕاگەیاندنە، یان ورد بڵێین ڕۆژنامەنووسییە، لە دروشم و ئایدیای سیاسییەوە نزیکە، لە دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و دەوڵەتدا زیاتر دەچەسپێ و گەشە دەکات)) (میسری، ٢٠٠٤: ٨٩). بەم فاکتەرانەش دوان و قسەکردن لەسەر بابەتی سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسییانە هاتەکایەوە و تیایدا زیاتر بیر و هزری شاعیر لە ناوەڕۆکی دەقەکاندا دەردەکەوت، هەروەها تیایدا شیعری سیاسیش بۆ خۆی ئەو پەیامەی دەگەیاند، کە هەڵوێستی شاعیرە بەرامبەر دەسەلات و فەرمانڕەوایی و ڕووداوە سیاسییەکان.

شاعیرانی کورد و شانۆکارانیی کورد بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە و هاوتەریب لەگەڵ ئەم ئاڕاستەیە لە هەوڵدان وتێکۆشانی بەردەوامدا بوون، بۆیە (تەلعەت سامان) ڕای وایە ((زۆربەی شانۆکارانی کورد لە دەروازەی سیاسەتەوە هاتونەتە سەر شانۆ، شانۆیان کردۆتە کەرەسەیەک و خەباتی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتیان بەهۆیەوە ئەنجام داوە))(سامان.، ٢٠٠١: ٦٣).

هەر لەمبارەیەوە عەبدوڵلا ئاگرین دەڵێ: (لەبەر ئەوەی کورد تا ئێستا خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆی بۆ خۆی دابین نەکردووە، شیعرە سیاسیەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵەیەتی و هانی رۆڵەکانی دەدا کۆشش و خەبات لە پێناو دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستاندا بکەن, بەپێی ویست و بەرژەوەندی بەرز و گشتی گەلی کوردستان و بەڕێوەبردنی دەسەلاتی حوکم و حکوومەت دیاری بکەن)(ئاگرین، ١٩٩٦: ٤٥).

کەواتە شیعری سیاسی کوردی لە ئاکامی داگیرکاری و داگیرکردنی کوردستان و نەبوونی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی کوردی سەری هەڵداوە. ئەوەی دیارە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، قۆناغ و بارودۆخێکی نوێیان لە جیهان و لە کوردستانیشدا دروستکرد و هێنایە کایەوە لە ڕووی سیاسییەوە زەمینەی ئاڵوگۆڕێکی گەورەیان رەخساند، بابەت و بیری سیاسیش ڕاستەوخۆ و بەشێوازێکی نوێ و سەردەمییانە چووە ناو ئەزموون و دنیای شیعرییەوە، و

هەربۆیە رەنگدانەوەی بیری سیاسی لەناو دەقەکاندا دەبینرێت و ئامادەییەکی تەواو سەرنجڕاکێشی هەیە.

هەرچی بۆچوون و تێڕوانینی ئێمەشە سەبارەت بە شیعری سیاسی کوردی لەو بۆچوونە خۆی دەنوێنێ، کە دەکرێت بڵێین چەمکی شیعری سیاسی هەڵوێست و ڕای شاعیرە بەرامبەر بە دەسەڵات، کە لە تێڕوانینی هاوڵاتی بۆ جۆری دەسەڵات و حوکمڕانی سەرچاوەی گرتووە و لە پاڵ مەبەستە شیعرییەکانی تردا گەشەی کردووە، بەتایبەتیش لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە زیاتر گەشەی سەندووە. درووستبوون و ئامادەیی ئەم هەڵوێستە وەک جۆرێک لە ئاگایی و هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کاریگەرییەکی دیار و ئاشکرای لەسەر قۆناغەکە دەرخستووە. بۆیە بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان فاکتەری هاتنەکایەی شیعری سیاسییە، کە ئەویش لەژێر کاریگەری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا پەنگی خواردۆتەوە و شاعیران هەوڵیانداوە لە ڕێگەی گوزارشتی شیعرییەوە چارەسەرێکی بابەتیانە و زانستیانەی گونجاو بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە و تاکەکانی کۆمەڵگە و خەڵکیان لە بارەیانەوە هۆشیاربکەنەوە و بە ئاگایان بهێننەوە، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوە و هەوڵدان و کارکردن بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، شاعیران کاریان لەسەر بیرە سیاسی و بابەتە نەتەوەییەکان کردووە، ئاوڕدانەوە لە کەلەپور و بیروباوەڕی ڕابردووی میللەتی کورد یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی شاعیرانی نوێخوازی ئەو سەردەمە، بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد شانازی بە مێژووی رابردووی باپیرانی خۆیەوە بکات و مێژووی خۆی لە یاد نەکات و بیروباوەڕی نەتەوەیشی بەهێزتر بکات، لەبەر ئەم فاکتەرانە بابەت و مێژووی کۆنی کورد کرانە هەوێنی چەندین بابەتی شیعری شانۆیی و شاعیران بەهۆی ئەو شیعرانەوە بیروباوەڕ و پەیامی خۆیان ڕووندەکردەوە و بابەتەکانی کۆنیان کردە پردێک بۆ نوێبوونەوە و گەیاندنی پەیامە تازە و هاوچەرخەکانیان.

لە هەمانکاتدا شاعیران بە مەبەستی پەروەردەکردنی نەوەی نوێ و پێگەیاندنیان لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی و گیانی بەرەنگاری و کوردپەروەری، هەروەها ئەو بارودۆخە سیاسییە ئەوەی خواستووە وەک پێداویستییەکی هەنووکەیی ئەو کاتە، بونەتە هۆکارێکی سەرەکی کە چەندین بابەتی سیاسی و نەتەوەیی و پەروەردەئامێزیان نووسی و پەیامی فێربوون و نەتەوەیی بوون و هۆشیاری سیاسیان بۆ رۆڵەکانی میللەت و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕووندەکردەوە و هۆشیاری و بیری سیاسییان لە ڕێی کاری شانۆییەوە پێشکەشدەکردن.

بۆیە دەشێ بڵێین زۆرجار سیاسەت و بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لە ((هەڵبژاردنی بابەتە شانۆییەکان و پێشکەشکردنی نمایشە شانۆییەکان بۆ نموونە وەک (کەرەلۆتی مەنووچەر) لە نووسینی برایم ئەحمەد و دەرهێنانی رەئوف یەحیا و

ڕەفیق چالاک، کە لە (١٩٤٨/٣/٢١)دا (حزب التحرر الوطنی) سەرپەرشتی پێشکەشکردنی کردووە))(پیرباڵ، ٢٠٠١: ٤٤).
ئەم بەرهەمە بەناوی (تێکۆشانی ڕەنجبەران) پێشکەشکراوە و دوای (٩) ڕۆژ لە نمایشکردنی جەندرمەکانی میری ئەو سەردەمە هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەندامانی بەرهەمەکەو لەگەڵ هەزارەها ڕۆڵەی تری کورددا لە بەندیخانە توندکران)(تەنیا،١٩٨٥: ٥٩).
وەک گەڕانەوەیەکی مێژوویی ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکرێت و باسبکرێت، ئەوەیە کە یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا لە ژێر کاریگەری و ڕۆشنایی بیری سیاسی و نەتەوەییدا هاتۆتەکایەوە، دەتوانین بڵێن : شیعری (ئینتیباە) وەک یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لە شێوەی ئۆپەرێتدا لە ژێر کاریگەری بیر و هزری سیاسی و نەتەوەییدا لە لایەن (شێخ نووری شێخ ساڵەح)ەوە نووسراوە و گوزارشتە لە حاڵەتێکی سیاسی ئەوسەردەمەی کوردستان)(عەوڵلا، ٢٠١١: ٢٧٠). (شێخ نوری شێخ ساڵح)، لەبواری ئەدەبیات و ڕێچکەی شیعری نوێدا لە ڕێبەرانی تازەکەرەوەی شیعری کوردییە، شیعرەکانی خزمەتێکی گەورەی بەگەشەکردنی زمانی پاراوی کوردی کردووە.
بەسەرنجدان لە نووسین و شیعرەکانی چەندین بابەت وتاری سیاسی و لێکۆڵینەوەی ئەم شاعیرە بەرچاودەکەون کەدەرخەری ئاستی هۆشیاری سیاسی و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری ئەم شاعیرە گەورەیە دەردەخەن، تەنانەت لەبواری نووسینی ئۆپەرێت و دەقی شانۆگەریدا ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە.

**شیعری شانۆیی (ئینتیباهـ) نموونەیەک بۆ بیری سیاسی:**

**دلاوەران:**

**ئەولادی وەتەن ئێمە کەوا میللەتی کوردین**
**بۆ غایەیی ئاسایشی میللەت هەموو گوردین**
**شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین**
**بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕا بووین**
**لە پێشمانەوە هەروا، بەیداخی زەفەر ئەڕوا**
**ڕیشەیی عەدوو با دەربێنین، حەق بە دەستی خۆمان بستێنین**
**بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جەنگی**
**تەپڵی بازیان لێدا بە شۆخ و شەنگی**

**باوک:**

**لەم وەزعە گەر ئەی دوشمنی کورد ئێوە ئەپرسن**

**ئەم هەمهەمەیە میللەتە هەڵساوە بترسن**
**کفن بۆ خۆتان ببڕن، هەر لە ئێستاوە بمرن**
**لازمە لەبەر غەم و حەسرەت، ببن ئەشک ڕێژی مەزەللەت**
**ئەی دلاوەرانی وەتەن، وەرنە ئیمداد**
**باوک بە پەرۆش لێتان ئەکا ئیستیمداد**
**کوردانی غەزەنفەر شکەنی مەعرەکە ئاغووش**
**نابێ بکەن ئەم باوکی خۆتانە فەراموش (عەبدولواحید، ٢٠٠٨: ٤٩٩).**

شاعیر لێرەدا باسی ئەو ئامادەییە دەکات کە رۆڵەکانی میللەت تیایاندایە دەربارەی خۆبەختکردن و بەخشینی خوێن و گیانیان بە وڵات و بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان و نەتەوە بەرامبەر داگیرکەران، سەندنەوەی مافی خۆیان و وەستانەوە بەرامبەر هەموو چەوساندنەوەیەک و غەدرێک کە دەرهەق رۆڵەکانی گەل و تاکەکانی نەتەوە کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ویستویەتی حاڵەتێکی سیاسی و نەتەوەیی دەرببڕێت و باسی ئەو بارودۆخ و واقعە بکات کە لەو زەمەن و سەردەمەدا لە کوردستاندا ئامادەیی هەبووە و خەڵک و نەتەوەی ئێمەی تیایدا ژیاوە. ئەوەی پێویستە لێرەدا هەڵوێستەی لەسەر بکەین و بابەتێک کە باسی بکەین ئەوەیە ئەو سەردەمەی کە شێرکۆ بێکەس تێیدا دەژی و سەرەتاکانی نووسینی تیایدا دەست پێدەکات، سەردەمێکی تەواو ئاڵۆز و تەواو ناسەقامگیرە لە باری سیاسی، ناسەقامگیر و تاڕادەیەک شێواو (شێرکۆ بێکەس) وەک شاعیرێکی بەرگری و بەرەنگاری سیاسی، بە هەڵوێستە نەتەوەییەکانیەوە سەرەتاکانی شیعری خۆی بە ستایلێکی نوێ و کاریگەرییانە دەست پێدەکات. دروست هەر وەک بە بۆچوونی (خلیل مطران) دەڵێت: ((شیعر دەبێت وێنەی ژیانی سەردەمەکەی بکێشێ، دیارە ئەمەش بنەمایەکی سەرەکییە لە ڕێبازی واقیعی و هەنگاوێک بوو بۆچوونە ناو ئەم ڕێبازە))(ئیسماعیل، ١٩٧٣: ٣٢).

ئەوەی گرنگە و پێویستە لێرەدا باسیبکەین ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ ئەزموونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس) ببەستینەوە بە واقع و ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان و ساڵانی دوای ڕێکەوتن و تێکچوون و ئاڵۆزبوونەوەی بارودۆخ، چونکە شاعیر لە تێکڕای ئەو ڕووداوانەی سەردەمەکەیدا ئامادەبوونی بەرچاوی هەبووە و وەک بەشداربووییەکی ناو ئەو رووداو و بارودۆخە سیاسی و نەتەوەییانە کاریگەربووە پێیان و لەژێر کاریگەرییاندا بووە.

(مەریوانی وریا قانع) دەربارەی (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت: ((ئەگەر بکرێت ئەزموونی ئەدەبی شێرکۆ بێکەس لە ڕستەیەکدا کورت بکەمەوە، دەکرێت بڵێم : ئەوەی ئەم شاعیرە لەناو ساڵە

تاریکەکانی سەدەی بیستەمدا ئەنجامیداوە، گواستنەوەی ئەزموونی کوردبوونە بۆ ناو شیعر، بەڵام کوردبوون بە چ مانایەک و لە کام دیدو گۆشەنیگاوە، بێگومان کوردبوون بە مانا ناسیۆنالیستە بەرتەسکەکەی نا، بە مانا ئەتنییە داخراوەکەی نا، بەڵکو کوردبوون وەک دۆخی دەرکردنی کۆمەڵێک مرۆڤ بە زۆر بۆ دەرەوەی مێژوو و دەرەوەی زەمەن، وەک گوناهێکی گەورە بەرانبەر بە مرۆڤ وەک هێما بۆ پرۆژەیەکی گەورەی وێرانکردنی مرۆڤ لە دونیای هاوچەرخدا))(قانع، گ.ژ. ٧٦: ١١). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (شێرکۆ بێکەس) بە ئاستێکی بەرز و بەرچاو لەناو بارودۆخ و ژیانی میللەتەکەیدا ئامادەیی هەبووە و بەردەوام لەناو ئێش و ئازار و کارەسات و ڕووداوەکانی نەتەوەکەیدا ژیاوە و ئامادەییەکی دیار و ئەکتیڤی هەبووە، بە بۆچوونی (عباس تۆفیق) ((شاعیر ئەو کەسەیە کە بە شیعرەکانی وێنەی ئێش و ئازاری خەڵکە گشتییەکە دەکێشێ و نەتەوە هەموو پێی کاریگەر دەبن و شیعرەکانی بەهۆش و ئازاری میللەت ئاو دەدا و دەینەخشێنێ)(تۆفیق، ١٩٧٨: ١٥٨).

لەم چوارچێوەیەشدا باسکردن و ڕووکردنە بیری سیاسی لای شاعیران و رۆشنبیرانی کورد، بۆ ئەم حالەتە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە ڕاوبۆچوونی رۆمانووس و ئەدیبی جیهانی (گابریل گارسیا مارکیز) بکەین، کە زۆر باش کۆمەکمان دەکات بۆ ئەم باسە، کاتێک دەڵێت: ((شتێکی ئاسان نییە لە ئەمریکای لاتین بژی و پێچەوانەی سیاسەت بیت، چونکە واقیع و سیاسەت پێکەوە گرێ دراون، کە پاڵت پێوەدەنێت نەک هەر بۆ پابەندبوونی حیزبایەتی، بەڵکو بۆ بەشداری کردن بەشێوەیەک لە شێوەکان، هەروەها سیاسەت هەمیشە مانای پابەندبوونی حیزبایەتی نییە))(دەشتی: ٢٠٠٩: ٥٦). دروست و نزیک لەم باسەوە، هەر لەگەڵ ئەم ڕایەی مارکیزدا شاعیری کورد (هێمن) لەو بارەیەوە دەڵێت: ((من پێم وانییە ئەدەب لە سیاسەت دووربێ و هەرکەس دەتوانێ نەوعێک لە ئەدەب بۆ خۆی هەڵبژێرێ... بەڵام هەموو ئەدەبێک کەم و زۆر لە خزمەتی سیاسەتدا هەر هەیە))(دەشتی، ٢٠٠٩: ٤٥). (شێرکۆ) بە ئامانجی تێکۆشان لە پێناوی میللەت و لە سۆنگەی ئەو واقیع و پاشخانە مێژووییەی نەتەوەکەیەوە بە ئاراستەی بیری سیاسی و بەشداربوون لە کایەی سیاسەت و کارکردنی لە حیزبدا هەنگاوی ناوە، دواتر بە کردەوە و بە بابەت و بە بیر و هزری جیهانبینی خودیانەی خۆی و بە شیعر و ژیان و تەواوی هەڵوێست و هەستەکانییەوە، چۆتە ئامێزی سیاسەتەوە و خەبات و تێکۆشانی لەناو ڕێکخراو حیزبی سیاسیدا دەستپێکردووە، لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا بەردەوام خاوەنی ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی ڕاشکاوانە و دیاری خۆی بووە.

داستانی (کاوەی ئاسنگەر)ی (شێرکۆ بێکەس)، کە داستانێکی هۆنراوەیی سەر شانۆیە لە (٩) تابلۆ پێکهاتووە، ئەم دەقە بە تەنها شانۆنامەیەکی شیعری نییە، بەڵکو داستانێکی مێژووییە و

سەر بە مێژووی رابردووی میللەتی کوردە، بەستراوە بە سەردەمێکی مێژوویی نەتەوەی کورد. کە تا ئەم ساتەش لە خوێن و هەستی نەتەوایەتی میللەتی کورددا بە گەورەیی و هەستێکی بەرز و دیاری کوردانە و نەتەوەییانەوە لەناو بیر و دەروون و ناخی زۆرینەی تاکەکانی نەتەوەی کورددا ئامادەیی هەیە و هەمیشە زیندووە. بەدەر لەوە ئەم داستان و رووداوە ئەفسانەییە میللییە لە چوارچێوەی هۆنراوەدا، گرنگییەکی تر و بەهایەکی تایبەتیتر بۆ دەقە شیعرییەکە دروستدەکەن،

لە گێڕانەوەیەکی کورتی ئەم شانۆنامەیەی (شێرکۆ بێکەس)دا، سەرەتای ئەم دەقە بە تابلۆی یەکەم و وەک شوێن لە گۆڕستانێکدا ڕووداوەکانی شانۆنامەییەکە دەست پێدەکات، (زێمری و زاماوا) دوو کەسایەتی ناو شانۆنامەکەن و خەریکی گۆڕهەڵکەندنن، بە دیالۆگ و سەیرکردنی ئاسمانێکی مانگە شەو دەست دەکەن بە گفتوگۆ لە نێوان خۆیاندا، دیالۆگەکانیان سکاڵاکردن و باسکردنی ژیانی خۆیان و ئەو نەهامەتی و نادادپەروەری و چەوساندنەوەیەیە، کە پڕە لە ناخۆشی و زۆرداری و ستەم و چەوساندنەوە. ئەم حاڵەتە ژیانی خۆیان و هەموو خەڵکی وڵاتەکەی گرتۆتەوە، سکاڵاکردن لای یەکتری دەربارەی بارودۆخی وڵاتەکەیان بە دەست ستەمکار و زۆردارێکی وەک ئەژدەهاکەوە، کە چۆن دەناڵێننێ.

تا لە ساتێک لە ساتەکانی بەردەوامی لە گۆڕهەڵکەندن، سێ کاسەسەر کە کوڕی (کاوەی ئاسنگەر)ن پێشتر کوژران، لە ژێر زەوییەوە دێنەدەرێ، دوای ترسانی زۆری (زێمری و زاماوا)ی گۆڕهەڵکەن، هەردوکیان تەواو ئەشڵەژێن بەم دیمەنە، دواتر لەگەڵ کاسەسەرەکان دەکەونە گفتوگۆ، کاسەسەرەکانیش دەست دەکەن بە گێڕانەوەی ژیانی خۆیان چۆن ئەوانیش ئازار دراون و کوژراون و کراون بە خۆراکی مار بۆ بەردەوامی ژیانی ئەژدەهاک.

لە بەشێکی تری داستانەکەدا دەرکەوتنی پاڵەوانی داستانەکە کە (کاوەی ئاسنگەر)ە لەگەڵ دواهەمین کوڕیدا کە تەنها ئەو لە ژیاندا ماوە بە ناوی (گۆردۆ)، چەندین کارەکتەری تری وەک (کاردا) و (مادیا) جوتیار و (کارون) شوان و (کاروخ) ئاشەوان، بەیەکەوە بڕیار دەدەن دەست لەناو دەستی یەک بکەن و دەست بکەن بە شۆڕش و تێکۆشان دژی دەسەڵاتی ئەژدەهاکی خوێنمژ و زۆردار، ڕاپەرین دەکەن و لەگەڵ خەڵکانی تری ستەملێکراوی وڵات و میللەتدا پەلاماری کۆشکی زوحاک دەدەن، ئەژدەهاک لە ناو کۆشکدا لەلایەن (کاوە)وە دەکوژرێت و تۆڵەی کوشتنی شەش کوڕەکەی خۆی و ڕۆڵەکانی تری خەڵکی لێدەکاتەوە، تا لە کۆتایی شانۆنامەکەدا کۆتایی بە ژیانی ئەژدەهاک دەهێنرێت و شۆڕش و ڕاپەرین و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک سەردەکەوێت.(شێرکۆ بێکەس، کاوەی ئاسنگەر: ١٩٧١)

لێرەدا ئەم نموونە شیعرییە دەخەینە ڕوو، کە تیایدا بیر و ناوەڕۆکێکی سیاسی و خەمی تاکەکانی میللەت لە فەزای دەقەکەدا تەواو ئامادەیی هەیە، کاتێک چەند کارەکتەرێکی سەرەکی ناو شانۆنامەکە لە یەکتر نزیک دەبنەوە و دەستیاندەخەنە سەر چەکەکانیان و بەیەکەوە لە دوای (کاوە) کە پاڵەوانی شانۆنامەکەوە دەیڵێنەوە، وەک (کاوە ئاسنگەر) دەڵێت:

**کاوە:**

**سوێندە، سوێندی کورد پەرستی**

**سوێندی سەر شۆڕی نەویستی**

**سوێندی بڕوا و خۆشەویستی**

**سوێندی لە خۆ ... داماڵیینی،**

**بەرگی نۆکەری و ژێر دەستی**

**سوێندە سوێندی کورد پەرستی**

**سوێندە بۆ خۆری سەربەستی**

**سوێندە  هەموو ئەیلێینەوە**

**سوێندە... کە ناگەڕێینەوە**

**سوێندە بەو خوێنانەی ڕژان**

**بوون بە چراوگی ڕێی ژیان**

**سوێندە بەو سکانەی سووتان**

**سوێندە بە فرمێسکی دایکان...** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ١٦٦)**

(شێرکۆ بێکەس) لەم شیعرە شانۆییەدا، بڕوا بە ماف و هێزی وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراو و سووربوون لەسەر وەرگرتنەوەی مافی ئازادی و سەربەستی و بەجێهێشتن و دەرچوون لە دیلی و کۆیلەیەتی، لەناو بیر و هزری شاعیردا، کۆی هەموو پانتایی دەقە شیعرییەکەی گرتووە. ((پەنا بردنە بەر ئەدەب بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە، هەنگاوێکە یەکەمجار شاعیران بەردی بناغەیان داناوە))(سەعدون، ٢٠١٨: ٣٨٦).

پەنابردن بۆ دەقی شیعری شانۆیش لای (شێرکۆ) بڕوا و متمانە بە وەرگرتنەوەی ماف و سووربوون لە سەری و هەوڵدان و تێکۆشان بۆ وەرگرتنەوەی لە لایەن کارەکتەرێکی وەک کاوە و هاوبیرەکانیەوە لە بەرزترین سۆز و گەرمترین گوزارشتدا دەبینرێت و بەرز دەبێتەوە. ئازاری وڵات و کامێرای چاو و بیرکردنەوەو مەعریفەی عەقڵ، یەک میکانیزم و هزرو بیر هەڵیيان دەسوڕێنێ، ئەویش بیری سیاسی و کوردایەتییە، زەمینەی ئەم بیرو هزرو جیهانبینییە، سەرەتای لەدایکبوون و دروستبوونی بەشی هەرەزۆری بەرهەم و شاکارەکانی شاعیرە و

بیرکردنەوە و دونیابینی و تێڕامانی سیاسی و نەتەوەیی (شێرکۆ) زۆر ورد و کاریگەرییانە دەردەخات. ((پێش ئەوەی دوا تابلۆی داستانەکە دەست پێبکات، پێش هەڵسان و شۆڕش و خوێن ڕشتن، بڕوا بەهێزی هەق و سووربوون لە سەری، لە لایەن کاوە و هاوبیرەکانییەوە لە بەرزترین سۆز و گەرمترین سروود دا بەرز دەبێتەوە))(فوئاد، ٢٠٠٦: ١٤).

**کاوە:**

**سوێندە ئەیخۆین بەو زمانەی**

**بوونی کوردی پێ پژاوە**

**سوێندە ئەیخۆین بەو وڵاتەی**

**کوردستانی دایکی ناوە**

**بەشاخ و داخ و نزاری**

**بە هەموو مشتە خۆڵێکی.....**

**بە ئاو و بەرد و داری (بێکەس، ٢٠٠٩: ١٦٧).**

لای (شێرکۆ بێکەس) هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە بابەتی خاک و زمان بەردەوام بەشێک بووە لە بیری سیاسیانەی شاعیر، خەمی خاک و زمان بووە بە بابەت و کێشەیەکی سەرەکی و هەمیشەو بەردەوام لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا ژیاوە، کە لەناو جەرگەی ژیانی میللەتەکەیدا بەرپابوون هاتوونەتە پێش و کاریگەرییان هەبووە لەسەر خاک و زمانی ئەم گەلە. خەمی زمانی نەتەوەو خاکی کوردستان و جۆگرافیای وڵاتی کورد بەشێکی دانەبڕاو بووە لە بیرکردنەوەو ژیانی رۆژانەی شاعیردا، شاعیر بەو ئەندازەی پەیوەستە بە خاک و زمانەوە، ئەوەندەش پەیوەستە بە خەڵکەوە. ئەمەش دووانەیەک پێکدەهێنێت، کە دووانەی خاک/ خەڵکە، کە دووانەیەکی پێکەوە نزیک و پەیوەستن و هیچیان بێ بوونی ئەویتریان بوونی نییە هەردووکیان پەیوەست و ئاوێتە بەیەکتر مانا دەدەن.

شاعیر هەر چۆن خەمی خاک و زمان بووەتە خولیاو خەمی هەمیشەیی بەهەمان شێوە خەمی خەڵکیش هەڵدەگرێت. بێگومان ئەم خەمەش دەچێتەوە ناو چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی سیاسییانە. لەلای شاعیر بیری سیاسی و بابەتی سیاسی ئەو مەشخەڵە بووە کە پێویست بوو لە بەردەم ڕێبازی خەباتی گەلەکەی و بەرەوپێشەوە چوونی ئەو خەباتە ڕۆشن بکرێتەوە و بەردەوام وەک ئاسۆیەکی روون بۆ ئازادی و سەربەستی و پاراستنی زمانی نەتەوەو خاکی کوردستان کاری تێدا بکات بۆ خامۆش نەبوونی و بەردەوام بە بڵێسەداری مانەوەی.

ئەشێت بڵێن (شێرکۆ بێکەس) هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی رۆشنبیری و روناکبیری و ژیانی سیاسییەوە، لە دەروازەی شیعرەوە چۆتە ناو دنیای سیاسەت یان لە

دەروازەی سیاسەتەوە هاتۆتە نێو دنیای شیعر و ئەدەب، بەوەی چونکە بەهەر دوو بۆچوونەکەدا دروست دەبێت، لەبەرئەوەی شاعیر هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە، هەست و سۆزو هونەرو بەهرەی شاعیرانەی بە ئاگایی و هۆشیاری سیاسی و گیانی نەتەوەپەروەرانە دروستبووە. لەڕاستیدا ئەم دەقە شانۆنامە شیعرییە، شایانی لەسەر وەستان و دیقەت لێکردنە، چونکە دەقێکە لە کایەی مێژوو و بابەتی کۆمەڵایەتی وبیرکردنەوەیەکی سیاسیانەدا، ئیشی خۆی دەکات و لە خودی خۆیدا، نیشاندەری لایەن و خەسڵەتەکانی بەرەنگاری و سیاسییە، ئامادەییەکی گەورەی گیانی ئاڵنگاری بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەر و چەوسێنەر، وەستانەوەیە بەرامبەر ویستی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤی کورد، هەوڵدان بۆ دەرچوون لەو دیلییێتییە لەم دەقەدا زۆر ورد دەبینرێت. وەک شاعیر، شێرکۆ لە پانتایی و مەیدانی نووسینی شیعردا لێهاتوو و دیار و سەرکەوتوو بوو، چونکە دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر زمانی نەتەوەکەیدا دەشکا. هەر وەک چۆن ئاگاییەکی باشی دەربارەی زمان و هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی هەبوو، بە هەمان شێوەیش، شارەزاییەکی کارامەی وشە و دەربڕینە زمانەوانییەکان بوو،

(شێرکۆ بێکەس) شارەزایەکی پسپۆڕئاسای مێژووی نەتەوەو رابوردووی کوردو جوگرافیای کوردستان و فەرهەنگی کوردەواری بوو، دوژمن ناسێکی باش بوو. ناسۆرو ئازاری میللەتەکەی زۆر کاریگەرییانە هەست پێدەکرد. بەهرەو سەلیقەی شاعیرانەی گەورەو بە هەست بوو، چاوی کامێرای بەئاگابوو، ورد سەرنجی لە رووداو و بەسەرهاتە سیاسی و نەتەوەییەکان دەداو شیکردنەوەو خوێندنەوەی هۆشیارانەی بۆ دەکردن، لە رێگەی زمانی شیعرەوە بە جۆرەها فۆرمی جیاوازی شیعری و ئەدەبی گوزارشتی لێدەکردن. خەمی هۆشیارکردنەوەی نەوەکانی میللەت و تاکەکانی کۆمەڵگەو نەتەوە خەمێکی بەردەوامی شاعیر بووە لە هەر سات و سەردەم و شوێنێکدا بوو بێت.

شاعیر زۆر ئازایانە و واقعبینیانە بەڵێنی دەرچوون لە ژێردەستی و کۆتوبەندی دیلی و کۆیلایەتی، دواتر درووستبوونی ئیرادەی تێکۆشان و شەڕکردن تا حاڵەتی وێرانکردن و سوتانی کۆشکی تاوان و تێکشکاندنی تاریکی شەو و رزگاربوون و گەیشتن بە ماڵی ئازادی و سەربەستی، لە ڕێگەی خەبات و تێکۆشان و شۆڕشکردن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەم ویست و واقیعە، بیری سیاسیانەو خەبات لای شێرکۆ دەردەخات لەم دەربڕین و گوزارشتکردنەدا.

**لە تابلۆی چوارەمدا کاوە بە تورەیی و توندوتیژییەوە**
**بەڵێن بێ بتی ئەفسانەی**
**دیلی و ڕسوایی بشکێنم**

**تەخت و تاراجی ژێر دەستیی**

**لە بنەوە هەڵ تەکێنم**

**قەڵاو زیندانی ئەژدەهاک**

**بڕوخێنم....**

**بەڵێن بێ کۆشکی تاوانی...**

**لەگەڵ خۆیدا بسوتێنم**

**سەری ئەم تاریکە شەوە**

**بنەوێنم...**

**خۆری سەربەستی و ئازادیی**

**بە دەستی خەبات هەڵبێنم** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٦١)**

واقیعبینی هەر ئەوە نییە شاعیر وێنەی ئازار و ناسۆر و ژانەکان کۆپی بکاتەوە، لە وشە و رستەی جوان و شێوازی ئەفسووناویدا باسی بکات و پێشکەشی بکات، بەڵکو پێویستە شاعیر ئەو دونیایە بەجێبهێڵێ و ئەو هیوا و ئاسۆیەش بەدی بکات، کە مژدەبەخشی ژیان و دونیایەکی نوێیە، دەرخەری هاتنی قۆناغێکی نوێیە لە گۆڕانکاری. لەمەوە شێرکۆ مژدەی ئەو جیهانە ڕادەگەیەنێت کە لە سبەینێی و لە ئایندەدا میللەت هەوڵ و کۆششی بۆ دەدا و لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامدایە بۆی. هەر لەگەڵ ئەم باسەدا بە بڕوای (ئەحمەد میرە) ((شێرکۆ بێکەس بۆ جوانییەکانی ژیانی خۆی و نەتەوەکەی دەنووسێت، وەک چۆن بۆ ئازارو نەهامەتییەکانی ژیانی خۆی و نەتەوەکەشی دەنووسێت. شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی، بەدرێژایی قۆناغەکانی شیعر نووسینی، دژی دۆخی باوی چەوساندنەوەو زوڵم بووە، بەڵام لە هەر قۆناغێکدا بە جۆرێکی جیاواز ژیان و ژینگەیی ژیانی ئەو ڕەهەندی یاخیبوونەیان لەلا بەرجەستەکردووە، هەرگیز نەیویستووە گیانی خۆڕادەستکردنی تێدا سەرهەڵبدات))(میرە، ٢٠٢٠: ١١٧).

لە شانۆی کاوەی ئاسنگەردا و لە تابلۆی یەکەمدا کاتێک سێ کاسەسەر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (زێمری)دا دەبن لە وەڵامی زێمریدا کاسەسەری یەکەم و دووهەم بە یەک دەنگ وەڵامی دەدەنەوە:

**کوڕی کاوەین**

**حەوت برا بووین**

**پێکەوە زنجیر کرابووین**

**شەشمان بۆ مار بووین بە خۆراک**

**تا چاك بێتەوە ئەژدەهاك**

**بەڵام بێسود، مار تا ئەهات**

**نەوسن و برسی تر ئەبوو**

**بۆ مێشكی تر هارتر ئەبوو**

**ئێستاش ئێمە:**

**تەنها یەک برامان ماوە**

**زاماوا: كاوەی باوكیشتان هەر ماوە؟**

**زێمری: ڕاستە جارێ ئەویش ماوە** **(بێكەس،٢٠٠٩: ١٧).**

(شێركۆ بێكەس) زۆر بە ئاگایانە و بەڕوونی لە دەقەكانیدا لەسەر هەردوو ڕەهەندی مێژوویی و ئەفسانە كاریكردووە، كە ئەم ڕەهەندانە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی قوڵیان بە ژیانی تاك و كۆمەڵگاوە هەیە، شێركۆ بێكەس چەندە خاوەنی خەیاڵێكی قووڵی شاعیرانەیە، هێندەش بەئاگایە لە مێژووی نەتەوەو داستان و ئەفسانەكانی ناو كۆمەڵگەی كوردی .
وەک بابەتی شانۆ، لەم بەرهەمەدا بە دەستپێكێک و پێشەكییەكی زۆر ورد و گەڕانەوە بۆ مێژووی داستانی كاوەی ئاسنگەر داڕێژراوە، كە وردە وردە خوێنەرو بینەر ڕائەكێشێت بۆ ناو گەرمەی بابەتەكەو بەشێكی بەسەرهاتەكەی دەخاتە ناو دەروونییەوە، پێشكەشكردن و گەرانەوە بۆ مێژوو كارەساتەكان، كە دوان لەم كاسەسەرانە كوڕی كاوە بوون، بە شێوەیەكی كاریگەرو زوڵم و زەبروزەنگی ئەژدەهاكمان بۆ ڕووندەكاتەوە، لایەنی بەزەیی و هاوبەشی خەم و پەژارەمان تیا ئەجوڵێنێ هەر لەمەشەوە، بیرو ئایدیای سیاسی و هۆشیاری سیاسی لەلای مرۆڤی كورد دەربارەی جۆری ژیانی زوڵم و چەوساندنەوەو بەندێتی تیادا دروست دەكات .
هاوتەریب تا ئەو رادەیە، ئەوەندەش واقیعبیینانەو بەشێوازێكی ئەدەبییانەی بەرزو دیار مامەڵەی لەگەڵ كەرەستەكانی ناو دەقە شیعرییەكاندا كردووەو مانای نوێ و بیری وردی پێ بەخشیون، بە مانایەكی تر شاعیر بابەتی مێژوویی و ئەفسانەی ئاوێتەی یەكتركردووە و زۆر بە قووڵی و وردی پابەندبوونی خۆی بە مەینەتی و ئازاری ژیانی تاك و كۆمەڵگە و میللەتەكەیەوە باسدەكات و دەخاتەڕوو.

شێركۆ بێكەس لە دەقی (دیوار و دەنگی خوێن)یشدا كە تابلۆیەكی هۆنراوەیی سەر شانۆیە، لە (ژمارە٢ گۆڤاری روانگە، وەک نامیلكەی روانگە)، لەساڵی (١٩٧١) بڵاوكراوەتەوە))(ڕوانگە، ٢٠٠١: ١٣٦)، لە گێرانەوەیەكی كورتی ئەم شانۆنامەیەدا، سەرەتای دەستپێكردنی دیمەن، شوێن

بەندیخانەیە و کات شەوە، سێ ژووری زیندانی لە ڕیزی یەکەوە دیارن، دەقەکە باس لە (سێ) زیندانی دەکات، کە لەناو زیندانێکدا بەندن و هەر یەکێکیان لە ژوورێکی تەنیادان و لە بەردەمی هەر ژوورێکدا یاساوڵێکی چەتەوڵی ڕووگرژ و مۆن ڕاوەستاوە. زیندانییەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ یاساوڵەکانی زیندان دەکەونە گفتوگۆ و دیالۆگکردن، هەر زیندانییەک بە شێوەیەک باس لە ژیانی پشتری زیندان و بیرکردنەوە و تێڕامانی ڕابردووی خۆی بۆ ژیان و واقع و ئەو بارودۆخەی کە هەبووە لە دەرەوەی زیندان باس دەکات.
بێ سڵەمینەوە و ئازایانە و چاونەترسانە ویستە ئازادییەکانی خۆیان لەناو زیندان دەربڕن و گوێ بە هیچ بوونێکی زیندان و یاساوڵەکان نادەن. لە هەندێ شوێن و قسەکردندا باس لە ژیانی ڕابردووی سەروەری خۆیان و میللەت دەکەن لە هەندێ کاتی تردا باس لە ئازار و نەهامەتییەکان دەکەن، بەڵام بەردەوام بە هیواوە گێڕانەوەکان بەردەوامی پێدەدەن، بە هیوا و تەمەننای ئازادبوون لە دیلی و زیندان بەردەوامی بە گفتوگۆکانیان دەدەن، بەڵام یاساوڵەکانی زیندان گاڵتەیان بە وتن و قسەکردنەکانیان دێت و زۆر بێ بەهایانە لە دەربڕین و دەستەواژەکانیان دەڕوانن، ئەوانیش لە پێکەنین و گاڵتەهاتن پێیان بەردەوام دەبن. تا لە کۆتایی شانۆنامەکەدا مۆسیقایەکی مارشی سەربازی لێ ئەدرێ و یاساوڵەکان ئەشلەژێن و دواتر بە پەلەپروزێ دەرباز دەبن. زیندانییەکە دەشکێت، بەندییەکان کۆت و زنجیری دەست و پێیان ئەپچڕێنن و دیواری زیندانییەکە دەڕوخێنن و هەرسێکیان باوەشی یەکگرتنەوە بەیەکدا دەکەنەوە، لە کۆتا دیمەندا خۆر هەڵدێت.(دیوار و دەنگی خوێن:١٩٧٠).

**بەندی یەکەم:  خۆرێکی تر، دەنگێکی تر .. ئەخوڵقێنم**
**نەوەیەکی بێگومانی ماندو نەبوو**
**بە ڕووتا ڕاپەڕێنم،**
**دیسانەوە لە نووکەوە دەست پێ ئەکەم**
**گەڵای کۆنی درەختی پیر ئەوەرێنم**
**هەر لە زەویی ئاوێستاکەی لەوەو بەرا**
**دیسانەوە ...  خوێن ئەچێنم**
**خوێنی تازە.**
**ئەوسا .. ئەوسا**
**تووی خوێنم .. گوڵە گەنمی .. بەیان ئەگرێ**
**زامی زەویم .. دەخڵی مژدەی تیا سەوز ئەبێ**
**هەوری ئاسمانی شۆڕشم**

**بەناو لێزمەی بارانی خوڕ**
**دڵۆپی .. گڕ**
**بەسەر شەونمی دێمی تینووی چاوەڕوانیما،**
**ئەبارێنێ (بێکەس، ٢٠١١: ١٤٢).**

شاعیر لەم شیعرەدا ئەو پەیامەمان پێدەگەیەنێت، کە باس لە چاوەڕوانی و هیوای هاتنی رۆژێکی نوێ، کە تیایدا مژدەی هاتنی ئازادی و تەمەننای دەرچوون لە ستەم و ژێردەستی ودیلێتی، بەڵێنی دروستبوونی نەوەیەکی تازە و خوێن گەرم و بە جۆش، بە گیانێکی پڕ وزە و بە توانا  بە ویست بۆ ئازادی و بە ئاگا و داکۆکیکەر لە ویست و ماف و سەربەستییەکانی خۆی باس دەکات و رادەگەیەنێت. چونکە ((ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی وا دەکات جێگای ئومێدی خەڵک بێت، هەر لەوێوە هەوڵەکانی بخاتە کار بە مەبەستی بەرجەستەکردنی خواستەکانی و هێنانەدی خەونەکانی لە ئازادی و سەربەخۆیی))(سەعدون، ٢٠١٨: ٣٨٦).
بیری سیاسی و هەڵوێستی سیاسی و هۆشیاری سیاسی، هەموو ئەمانە زۆرجار دەبێتە ناوەڕۆک و شەقڵی دەقێک و سیمای سیاسەت بەخۆیەوە دەگرێت، دەبێتە بنەمای بیرکردنەوەیەکی قوڵ و دیاری سیاسیانە، کە ئەمەش بۆ خۆی ئەرکێکە لە ئەرک و هەوڵدانەکانی دونیای ئەدەب خۆی، چونکە ئەدەب پێویستە لە زۆر ساتی ژیانی کۆمەڵگەدا لە خزمەت سیاسەت بێت، یاخود لە تەوەری سیاسەتدا بخولێتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگا و نەتەوانەی کە لەژێردەستی داگیرکاری و چەوساندنەوە و مەینەتی و ساتی لەناوبردن و ستەمکردندان، بیری سیاسی و بابەتی ستەم و چەوساندنەوەی میللەت و هەوڵدانی خەڵک و تاکەکانی کۆمەڵگا بەدەرچوون لە ئازار و ئەو نەهامەتییانەی کە تووشی بوون و گەیشتن بە سات و رۆژەکانی ئازادی و دەرچوون لەم ستەم و ئازارە، لەم دەقە شانۆییانەدا ئامادەییەکی دیارو وردی هەیە بە جۆرێک، کە کۆ و سەرلەبەری فەزای دەقەکەی داپۆشیوە.

## تەوەری دووەم: بیری نیشتمانی و نەتەوەیی

بیر بابەتێکی تری شیعرییە، کە زۆرجار تەنیا لەژێر ناونیشانی شیعری نیشتیمانیدا کۆدەکرێتەوە و هەندێ جاریش پۆلێنکاری دەکرێت لە نێوان شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی باسدەکرێت. مرۆڤ لەدوای بەرکەوتن لەگەڵ ئەو شوێن و جۆگرافیایەی کە تیایدا لەدایکبووە و لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە لەناویدا گەورە دەبێت، دواتر گەشەکردنی جەستە و بیر و سۆزی تیایدا هەستی خۆشەویستی بۆ ئەو پارچە زەوییە یان ئەو ژینگە و خاکەی کە لەسەری دەژی دروست دەبێت، ئەم خۆشەویستییە و ئەم هەستە بە تایبەت لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە خێزان و کۆمەڵگە ڕۆڵدەگێرن لە دروستکردنی ئەم نەریتەدا و بەردەوام دەبن لە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی ئەو هەستە و وابەستەبوون و پەیوستبوونیان بەو شوێنەوە یان ئەو شارو وڵاتەوە کە تێدا دەژین و ئامادە نابن هەروا بەئاسانی بەجێبهێڵن و ویستیانە پارێزگاری لێبکەن. ((خۆشەویستی نیشتیمان هەستکردنە بە خۆشەویستی وڵات، دڵسۆزی و هەست و سۆزی شاعیری تیا دەبینرێ بەرامبەر بە وڵاتەکەی و بتوانێ لەڕێگەیەوە کار لە خوێنەر بکات و ئەو هەستەی تیا ببزوێنێ))(وەهبە، ١٩٧٤: ٣٩٣).

هاو تەریب لەگەڵ بابەتی شیعری نیشتیمانی و نەتەوەییدا شانۆیی کوردیش بەدەرنەبووە لەم هەوڵدان وتێکۆشانەو بەشێکی زۆری ئەم هەستەو ئەم بیرکردنەوەیە، لە ڕیگەی دەقی شانۆیی و کاری شانۆییەوە گوزارشتی لێکراوە، شانۆیی کوردی لەژێر هەژموونی هەڕەشە و پشێوی و شەڕە یەک لەدوای یەکەکان و چەوسانەوەی میللەتەکەمان و ناسەقامگیریی بارودۆخی ناوچەکەدا بووە، زۆرجار شانۆ لەلای ئێمە ناچار بووە، کە بچێتە نێو ژێرزەمینەکان و نهێنیانە کارەکانی خۆی بکات و ببێتە بەشێک لە خەبات و بەرگریکردن. زۆرینەی مرۆڤ سۆز و خۆشەویستییەکی لە رادەبەدەر و بێسنوریان هەیە بۆ ئەو نیشتیمان و شوێنەی کە تێدا دەژین و تێدا پەروەردە بوون و گەورەبوون، هەر لەم سۆنگەیەشەوە داکۆکی و پارێزگاری لەو خاک و نیشتیمان و زەوییەی خۆی کردووە و بەردەوام هەوڵی پاراستنی داوە، ئەگەرچی بێگومان ئەم خۆشەویستیی و هەستی نیشتیمانپەروەرییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و جۆری دەربڕین و گوزارشت لێکردنی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازی هەیە و دەگۆڕێت.

هەر لەم سۆنگەیەشەوە لەناو بزوتنەوەی سیاسی گەلی کورد و ئەدەبیاتی کوردیدا هەردوو زاراوەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی تێکەڵی یەکتر و ئاوێتەی یەکترین، زۆرجار زاراوە نیشتیمانییەکە هەڵگری چەمکە نەتەوایەتییەکەیە، بۆیە ئەوەی گرنگە لێرەدا هەر دوو زاراوەکە بەیەک چەمک ئاوێتەیان دەکەین و لەناو یەک باسدا قسەیان لەسەر دەکەین، هەربۆیە لەم تەوەرەیەدا بە بیری نیشتیمانی و نەتەوایەتی باسەکە دەخەینە بەردەست، چونکە لەهەندێ

بواری کەمدا نەبێت، بەتایبەتی هەمیشە نیشتیمانپەروەری هەڵگری چەمکی نەتەوایەتی بووە، شاعیران و نوسەران و ئەدیبانی کورد هەر لە (ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی) و دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا (گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و بێکەس و دڵدار و پیرەمێرد و ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح و ڕەفیق چالاک و شێخ مارف بەرزنجی) و چەندانی ترەوە، هەریەکەیان لە ڕێگای توانا ئەدەبییەکانی خۆیانەوە خۆشەویستییان بۆ نیشیمانەکەیان، کە کوردستانە دەربڕیوە، ئەگەرچی توشی گرتن و زیندانی کردنیش بووبێتن، بەڵام بەردەوام بوون لەو ئاڵەنگارییە و هەمیشە پەیامی خۆیان گەیاندووە. ئەم شاعیرانە نیشتمانیان کردە چەقی شیعریی خۆیان، بە بابەت و ناوەڕۆک و بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی کۆیی دەربڕینە شیعرییەکانیان دەگەیاندە ڕۆڵەکانی میللەت.

سەبارەت بە پێناسەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی کۆمەڵێک تێڕوانین و پێناسەی هەمەجۆر دەخەینە بەردەست لەسەر ئەم چەمکانە، لای (موحەمەد سادق عەفیفی) شیعری نیشتیمانی و نەتەوایەتی ((بریتییە لە خۆشەویستی نیشتیمان و هەستکردنە بەو پێوەندییە دەروونییەی کە هاوڵاتی دەبەستێت پێیەوە، وای لێدەکات خۆشی بوێ و شانازی پێوەبکات و لە پێناویدا قوربانی بدات))(عەفیفی، ١٩٧٨: ٦٣). بە بڕوای (مارف خەزنەدار) شیعری نیشتمانی ((بۆ خۆشەویستی نیشتیمانە و هەستکردن بەو پەیوەندییە دەروونییە دەگەیەنێت کە هاوڵاتی دەبەستێت پێیەوەو وای لێدەکات خۆشی بوێ و شانازی پێوەبکات و لە پێناویدا قوربانی بدات))(خەزنەدار، ١٩٧٢: ٤٥).

هەر دەربارەی شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی بەلای (عەبدوڵڵا ئاگرین)ەوە ((شیعری نەتەوەیی و نیشتیمانی، بۆن و بەرامەی خاک و خۆڵی وڵاتی لێ بەرزدەبێتەوە، دەنگی ڕەسەنایەتی هەستە پیرۆزەکەی ڕۆڵەکانی نەتەوەیەو بە دنیای ئەگەیەنێ و هەوێنی پاکێتی و دڵسۆزی تیا ئەژی))(ئاگرین، ١٩٩٦: ٤٨). ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوێستەی لەسەر بکەین، ((تەنانەت زۆر جاریش وشەی گەل مەبەست لەگەلی کورد بووە لە هەموو کوردستانی گەورەدا، مەبەست لە چەمکی نیشتیمانیش کوردستانی گەورە بووە بەهەموو پارچەکانییەوە نەک گەل لە بەشێکی کوردستاندا یا نیشتیمان وەک بە شێکی کوردستان لە ناو هەموو کوردستاندا بەم پێیەش مەبەست لە شیعری نەتەوایەتی ئەو شیعرانەیە کە ڕەنگ پێ دەرەوەی پێوەندی نێوان تاکە کەس و ئەندامەکانی تری نەتەوە و نیشتیمانە چ وەک بیرو هەڵوێست و چ وەک هەست و سۆز))(مستەفا، ١١٨).

بە دڵنیاییەوە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کاتێک کە هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی لای زۆرینەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکرد، گەلی کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانەو ئەدەبی کوردیش ڕاستەوخۆ سیمای بیرو هەست و سۆزی بیری نیشتیمانی و نەتەوایەتی

وەرگرت. د.دلێر ئەمین میسری لەم بارەیەوە دەڵێ: ((بەهۆی بوژانەوەی بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوی کوردی، ئامانجی نەتەوەیی زیاتر گەشەی کردووە، لە هەموو سەردەمێکدا شاعیر پێوەندی خۆی بە نیشتیمان و پێناسەکەیەوە تێکەڵ کردووە و لە ژێر هەر دەسەڵاتێکدا بووبێ ئەو خۆشەویستیەی نەشاردۆتەوە))(میسری، ٢٠٠٤: ١٠٣).

بە بڕوای (دڵشاد عەلی) ((جوانی سروشت و وێنەگرتنی دیمەنەکانی تەنها لایەکی ئەو موعادەلەیە بوو کە خۆشەویستی نیشتیمان تەواوکەری بوو، جوانی سروشت لەو سنورە تێپەڕی کرد کە تەنها خۆشەویستی شاعیرەکان خۆیان پیشان بدات بەرامبەر کوردستان، بەڵکو ئەمجارەیان ڕێگایەکی تری گرتەبەرو بوارێکی تری هەڵبژارد بۆ هاتنە ناوەکەی، ئەویش هۆشیارکردنەوەی گەل بوو بۆ ڕێزگرتن و خۆشەویستی نیشتیمان و قوربانیدان لە پێناویدا))(عەلی، ١٩٨١: ٨). بە واتایەکی تر غەمی شاعیران لەگەڵ باسکردن و وەسفکردنی سروشتی جوانی چیاو دەشت و دیمەنی جوانی کوردستاندا، دروستکردنی هەستی نیشتیمانی و خۆشەویستکردنی جوانی و جۆگرافیای کوردستان و گەورەکردنی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی بووە. شاعیرانی کورد لە پاڵ وەسفکردنی سروشتدا بە مەبەست زیاتر جوانی نیشتیمانیان باسکردووە و لەگەڵ گوزارشتە شیعرییەکانیاندا جوگرافیای وڵاتیان خۆشەویستتر کردووە لای ڕۆڵەکانی نیشتیمان، لەپاڵ ئەم دەربڕینانەدا ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان بۆ نەتەوەی کورد کێشاوە و شیعریان کردووە بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی گەل و چەکوشەکەی کاوە بۆ وردو خاشکردنی دوژمنان. سەرەنجام دەبینین شاعیرانی دوای خۆیان بە سوود وەرگرتن لەو سەرچاوە ڕووناکانەی کە لەدڵی ئەوانەوە هەڵقوڵاوە جوانترین شیعر و هۆنراوەی نیشتیمانی دەربڕیوەو خولقاندووە.

بە مانایەکی تر ((شیعری نیشتیمانی دەبێتە ئاوێنەیەکی بێگەردی هەڵوێستی هاوڵاتی، هەروەک چۆن هەست و سۆزی هاوڵاتیشە بەرامبەر بە نیشتیمان، بەڵام هەرچی تایبەتە بە شیعری نەتەوەیی بیری نەتەوەیی واتە خۆشەویستی نەتەوە، بە تایبەتی ئەو بارودۆخانەی بواری نەتەوەیی تێدا تەسک دەبێتەوە لە بەرامبەر نەتەوەدا لەمپەڕ درووست ئەبێ و خواست و ئارەزوەکانی نەتەوە لە لایەن بەرامبەرەکەیەوە بەهەند وەرناگیرێن)) (عەلی، ٢٠١٥: ٩٥).

هەر بۆیە هەست و سۆزی نیشتیمانی و نەتەوایەتی و ئامادەیی هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر ئەم هەستانە، ساتی دروستبوونییان هەیە و مەرجە شیعری نیشتیمانی و نەتەوایەتی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و چاکەی گشتی و باشی خواستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا بێت. وەک گەڕانەوەیەک بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی و بەسەرنجدانێکی کورت لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا دەرئەکەوێ کە ((سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی بۆ سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم ئەگەڕێتەوە، بە تایبەت لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دا کە سیمایەکی

قوولّی ئەو بیرەی پێوە دیارە، ئەگەر وردتر سەرنج بدەین هێماکانی ئەم بیرە نیشتیمانی یە بەر لەخانی و لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا بەدیدەکەین بەلاّم وەک ئەحمەدی خانی نەبۆتە باسێکی سەرەکی لەناو بەرهەمەکانیدا هەروەک دەبینین مەلای جزیری دەلّێت :

**گولّی باغی ئیرەمی بۆتانم          شەڤ چراغی شەڤی کوردستانم (عەلی، ٢٠١٥ ٩٧).**

(ئەنجامی ئەژدەهاک) کە دەقێکی شیعریی (گۆران)ە، نموونەیەکی شیعری شانۆیی تایبەت بە ناوەڕۆک و بیری نیشتیمانی و نەتەوایەتی وەک نموونەیەک بۆ ئەم باسە بهێنینەوە .

**(ئەنجامی ئەژدەهاک، گۆران)، پەردەی یەک**
**بازاڕی ئاسنگەران**
**(نیوەی یاساولاّن لاوەکان ئەدەنە بەرو ئەیانبەن)**
**مێشکی کوڕ و کچ لای مار،**
**لای ئەژدەهاکی زۆردار**
**هەر یەکە، هەر یەک بێگومان!**
**ئێتر بۆچ بێبەش بن کچان**
**لە خەبات و قوربانی دان**
**بۆ نیشتمان، بۆ کوردستان؟**
**(ئاسنگەرەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ)**
**یەکەم:**
**داوەشینە! داڕزینە!**
**خەلّکینە کەی ئەمە ژینە؟**
**زۆربە:**
**خەلّکینە کەی ئەمە ژینە؟**
**شاگردێک:**
**وەستا هەلی ڕاپەڕینە!**
**هەندێک:**
**ڕاستە، هەلی ڕاپەڕینە!          (گۆران، ١٩٨٠: ٣٥٢).**

(شێرکۆ بێکەس) یەکێکە لەو شاعیرانەی هەر لە سەرەتای دەستپێکی شیعرنووسین و چوونە ناو دونیای ئەدەبەوە، ئەم هەست و خۆشەویستییە بۆ نیشتیمان و بیرکردنەوەو هزرە

نەتەوەییەکانی، گەیشتۆتە تا ڕادەی توشبوونی بە کێشەو دوورخستنەوەی لەشارو وڵات و نیشتیمانی خۆی. لەسەر هەڵوێستە بەرزەکانی بەردەوام بە ژیانی خۆی و خێزانەکەی ئازار و نەهامەتی زۆری ئەم بیرکردنەوانەو ئەم بیروباوەڕانەی خۆێ داوە .

شێرکۆ بێکەس کە بە دیوانی (تریفەی هەڵبەست) لە ساڵی (١٩٦٨) دەستی پێکرد، هەر لەسەرەتاوە گوزارشت و هەستێکی گەورەی نیشتمانی لە شیعرەکانیدا دەبینرێت و نیشتیمانی وەک مەعشوقێک بینیوە و بە چەندین شێوە و فۆڕمی جیاواز دەربڕینی شیعری هەبووە، لەگەڵ بەرەو پێشچوونی دونیای نووسین و شاعیربوونیدا بە چەندین فۆرمی شیعر نووسین گوزارشتی لەم بیر و هزرەی خۆی کردووە و لە شیعرەکانیدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە.

**لە تابلۆی شەشەم، لە نێوان (کاردا و کاوە)**

**کاردا:**

**ئەنجام... پاکە**

**ئەمرین بۆ ئەوەی دەغڵ و دان**

**بە پیت تربێ**

**شیری ناو دەنکی پڕتربێ**

**ئەمرین بۆ ئەوەی کە ژیان**

**بۆ نەوەی هاتوو خۆشتر بێ**

**ئەمرین ... بۆ ئەوەی کە مناڵ**

**بزەی لێوی بژی و نەمرێ**

**کاوە: ئەگەر مردین بە لەش ئەمرین**

**بۆیە ماڵ ئاوایی ناکەین**

**بۆیە ناگرین....**

**بۆیە فرمێسکی زەبوونی**

**هەرگیز ناسرین...**

**ئەگەر مردین، لە پاش خۆمان ... ئەمان بینن**

**بە گیان دەست لە ملتان ئەکەین**

**ئەژین لە ناو دەروونتانا**

**لەناو بیلبیلەی چاوتانا**

**لە دەنگتانا... لە هەڵبەست و وتارتانا**

**لە پایزو بەهارتانا**

**ئێمە ئەژین لە گەڵتانا** (بێکەس،٢٠٠٩: ٩٤).

شێرکۆ بێکەس لەم دێڕانەدا لە زمانی کاوەوە، باس لە ئازایەتی و گیانبەخشینی رۆڵەکانی نەتەوە و ئامادەییان بۆ گیان بەختکردن دەکات، بۆ ئەوەی نیشتیمان جوانتر بێت، بۆ ئەوەی داهاتوو باش بێت، ژیانی نەوەی داهاتوو خۆش و پارێزراو بێت، ئامادەیی گیان بەخشینن. گرنگی شاعیر هەر لەوەدا نییە، شاعیرێکی زمان پاراو و نیشتماندۆستە. بەڵکو لە روانینی (شێرکۆ بێکەس)ەوە خەبات بۆ نیشتمان و گیان بەخشین بە نیشتیمان، وەک ئەرکێک سەیر دەکات لە پێناو خۆشی و جوانی و ئاوەدانی نیشتیمان و ژیانێکی شایستە بۆ نەوەکانی ئایندە و بۆ رۆڵەکانی داهاتووی میللەت.

شاعیر لەم دەقەدا لای خۆیەوە ئەرکی بۆ شیعر دەستنیشانکردووە، بەوەی شیعر گەرووی زوڵاڵی نەتەوەیە و دەربڕی ئێش و ئازارەکانی گەلەو غەمە قووڵەکەشی بریتییە لە ئازاری گەلێک و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە سەربەستی و ئازادی و هیواو تەمەننای وڵاتێکی سەربەخۆ و ئاوەدان و نەتەوەیەکی سەربەست لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم دێڕانە وەک سەرمەشقی بیرو گووتارێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەمێنێتەوە کە چاوی خەڵک و نەوەکانی نەتەوە بۆ ئازادیی دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ستایلێکی شیعریی نوێی دادەمەزرێنێت لەو سەردەمەدا. ئەگەر (شێرکۆ بێکەس) نیشتمانی کردبێتە سەنتەر، ئەوا ئەو نیشتمان سەنتەرییە دەگاتە دوا پلەی خۆی و توخمی زاڵی ناو شیعرەکانی بیری نیشتیمانییە.

**کارون:**
**ئەو دیوی شاخ هەمووی پڕن**
**لەسەر تێزی ڕاپەرینن**
**داخ لە دڵن**
**چاوەڕوانی دەرفەتێکن**
**چاوەڕوانی فەرمایشتی،**
**رابەرێکن** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ١٠٢)**
**کاوە:**
**چەمکێ ئازایی و پیاوەتی، بە لادا کە**
**بچۆرەوە بۆ شاخ و کێو**
**خەڵک هۆشیار کە**
**نووستو هەمووی، خەبەردار کە** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ١٠٠)**

شێرکۆ بێکەس لێرەدا گوزارشت و باس لەو پەیامە دەکات کە خەڵک و کۆی تاکەکانی نەتەوە لە سەرلەبەر و هەموو شوێنەکانی نیشتیماندا پڕ و توڕەن و ئامادەیی راپەرین و هەڵمەتن بۆ رزگارکردنی وڵات و دەرچوون لە ستەم و دیلێتی. خەمی شاعیر خەمی هۆشیارکردنەوەو بە ئاگاهێنانەوەی خەڵک و رۆڵەکانی  نەتەوەیە، لە تەواوی هەموو جوگرافیایەکی نیشتیماندا، بە جۆرێک هۆشیارییەکی تۆکمەی نەتەوەیی و نیشتمانیی وابێت، کە لە توانایدا هەبێت نەوەیەکی نوێ بەئەرکێکی نوێ و گیان لە خۆبردوو بە ئاگا دروستبکات .

شێرکۆ لێرەدا زۆر بە هۆشیاریی و ئاگاییەوە کاری لەسەر داستان و سیمبول و مێژوو و ئەفسانە کردووە، کاوەی ئاسنگەر کە ناوەڕۆکەکەی چیرۆکێکی ئەفسانەییە و سودی لەو هێمایانە وەرگرتووە و هەوڵیداوە بە دۆخی سیاسی و هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارانەی کوردستانەوە ببەستێتەوە. لە سۆنگەی ئەوەی هێما جۆر بەجۆرەکان و مێژوو و کولتور توخمێکی بنەڕەتیی پێکهاتن و فۆرمگرتنی نەتەوەن. هەر لە سیمبوڵە کەسییەکانەوە بیگرە تا هێماکانی ئازایەتی و قارەمانێتی، دەتوانین بڵێن شێرکۆ دەیەوێت بەرگێکی کوردانە بکات بەبەری دەقەکەدا و تەنها کورد بکاتە خاوەنی داستانی کاوەی ئاسنگەر و نەورۆز و تەواو کوردانە بۆمان باس دەکات دەگێڕێتەوە. ئەو هەوڵانە لای شاعیر تەنیا بۆ بابەتی شیعری و ئەدەب نەبوون، بەڵکو ئەوەندەی هەوڵ و کارکردن بووە بۆ بەردەوامی ژیان و پێداگرتن بوو لە خودی خۆمان وەک کورد، مانەوە و  پاراستنی بوون و شوناسی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی میللەتی خۆمان.

بەو پێیەی هەبوونی هەر نەتەوەیەک بنیادێکی ئەفسانەیی هەیە سوود و گرنگی و گیانی بەردەوامی لە رابردووی نەتەوەو داستانەکان و مێژوو وەردەگرێت. لە داستانی کاوەی ئاسنگەردا بە ڕوونی ئەم بیرو پەیامە نیشتیمانی و نەتەوەییە دەبینرێت. شێرکۆ تەنیا شیعری وەک گەمەیەکی زمانەوانی رووت چاو لێنەکردووە، بەڵکو وەک ئامرازێکی کاریگەری سیاسی تەماشای کردووە لە پرۆسەی نەتەوەسازیی و بەرەنگاری و پوختکردنەوە و تۆخکردنەوەی ماناکانی نیشتمانیبوون و نەتەوەییبووندا کاریگەربوون و بەردەوام رۆڵی گەورەی گێراوە.

## تەوەری سێیەم: بیری فەلسەفی

یەکێک لەو ڕەگەزانەی کە دەکرێت ئەدەب لەخۆیی بگرێت، بیر و هزری فەلسەفییە، کاتێک شاعیر بەر دیاردە و ڕوداوەکانی ژیان و کۆمەڵگە دەکەوێت و کەناڵەکانی هەستکردنی دەهەژێت، دەبێت لەکاتی نووسین وگوزارشت لەو بەرکەوتنانەدا، بیرو تێڕوانینی فەلەسەفی خۆیشی بۆ ئەو بەرکەوتن‌و دیاردانەی ژیان، لە دەقەکەیدا بخاتەڕوو. بەو پێیەیەی فەلسەفە خۆیشی، وەک کایەیەکی مەعریفی فراوان لە چییەتی شتەکان و بنەچە و پەیوەندییان بە یەکترەوە دەکۆڵێتەوە. بە درێژایی مێژووی شیعر، ئەم ژانرە ویستویەتی هەریەک لە کایەکانی فەلسەفە و سیاسەت و پەروەردە و ئایین، لە بەرەو پێشچوون و خزمەتی خۆیدا بەکاربهێنێت. هەموو ئەو کایانەش لە گرنگی شیعر تێگەیشتوون، هەر بۆیە هەر یەک لەو کایانەیش ویستوویانە شیعر وەک کەرەستەی گەیاندنی ئامانجەکانی خۆیان بەکار بهێنن، چونکە لەوە تێگەیشتوون شیعر برووسکە ئاسا بە هەموو ڕووبەرەکانی بیرکردنەوەوە و دەروونی مرۆڤ و خەیاڵ و هزریدا گوزەر دەکات و کاریگەری دروست دەکات.

بابەت و بیری فەلسەفی بەدەر لە فەیلەسۆفان بەردەوام جێی تێڕامان و گرنگی بەشێکی زۆری ئەدیبان و شاعیران بووە، لەناو ئەدەبدا بەگشتی و لەناو شیعردا بەتایبەتی بەشێکی زۆری بابەتە فەلسەفی و پرسیارە فەلسەفییەکان باسکراون بە تایبەتتر بابەت و چەمکی مردن و تێڕامان لە ژیان و ئازارەکانی مرۆڤ، بە درێژایی مێژوو جێگەی گفتوگۆو تێڕامان و بیرکردنەوەی زۆرێک لە فەیلەسۆف و شاعیران و بیرمەندان بووە. ((پەیوەندی نێوان فەلسەفەو شیعر بەبەردەوام هەمەجۆرو گفتوگۆئامێز بووە، ئەم پەیوەندییەش، کە دەشێ ناوبنرێ لکانی فەلسەفە بە شیعرەوە، ئەم لکانە لە رۆژئاوا لە یۆنانی کۆنەوە هەبووە))(حەمە، ٢٠٠٧، ٢٠١).

هەمیشە کاری فەلسەفە و ئەدەب تێڕامان بووە لەجەوهەری مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە بەردەوام بەشێکی بیرکردنەوە و خەیاڵاتەکانی سەیرکردن و بەراوردکردن بووە، کەتیایدا بیری فەلسەفی بەشێوەیەکی بەردەوام ناکۆک لەنێوان هێز و لاوازیدا، لەنێوان ژیان و مردندا یاریدەکات. ((پەیوەندی نێوان فەلسەفەو ئەدەب وەنەبێ شتێکی روخسارەکی و دیاردەیەکی نوێ بێت، هەر لە سەردەمی ئەفلاتونەوە سەرنج بۆ ئەم لایەنە ڕاکێشراوە))(عەزیز،٢٠٢٠: ٧٣).

ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی قوتابخانەیەکی مەزن و بەرزی ئەدەبی کوردییە و هەمیشە بۆ گەڕان بە دوای هزر و جوانی مانا و قوڵی بیرکردنەوەکان و چەمکە هزری و فەلسەفییەکان، وەک باسکردنێکی مێژووییانە، دەگەڕێینەوە سەر ئەو قوتابخانەیە، بیری فەلسەفیانەیش وەک چەمکێکی دیار، هەمیشە لە ئەدەب و بەرهەمی بەشێک لە شاعیرانی کلاسیک ڕەنگیداوەتەوە،

لێرەدا وەک نموونە هێنانەوەیەک بۆ  بیری فەلسەفی ئەم دەقە شیعرە ناسراوەی شاعیری گەورە (مەحوی) دەهێنینەوە و باس دەکەین.

**ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق**
**لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینێ وەلوەلەی مەخلووق**
**بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببووایە باوەڕیان**
**دەبوو قەت بەم حەدە نەبووایە بۆ دنیا پەلەی مەخلووق**
**دەخاتە فکری ئەهلی مەعریفەت شێوەیی جەجاڵ الحق**
**دەبینی بەعزە ئەشخاسێ بە دوویا خەرگەلەی مەخلووق**
**وەها پڕ فیتنە بوو عالەم کە ئیبلیسێکی وەک ئیبلیس**
**نەماوە مەئمەنی غەیری کڵێشە و کەڵکەڵەی مەخلووق**
**لە پەردەی جیلوەیەکتا ڕوونمایە شۆری سەد مەحشەر**
**نیقابێ لا دە لەو چیهرە، ببینە زەلزەلەی مەخلووق**
**بە ئاوی تێ گەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو**
**هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق**
**لە سووقی دەهردا دووکانی هەر کەس موددەتی عومرە**
**گوهەر دانە بە پشکڵ دانە مەحوی، مامەڵەی مەخلووق**        (مەحوی، ١٣٩١: )

وەک باسکردن و شیکردنەوەیەک بۆ ئەم دەقە هزرییەی مەحوی دەتوانین بڵێن بابەتی ژیان و مردن، وەک بابەتێکی فەلسەفی بەردەوام بیرکردنەوەی شاعیران و بیرمەندان بووە، مردن وەک سامناکترین و بەهێزترین حاڵەتە کە لەسەرخۆ و بە وردی مێژووی ژیان و بوون دەنووسێتەوە، هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونی ژیانەوە هەڵوێستی ڕۆژانەی مرۆڤەکان و بیرکردنەوەیان و ترس و دڵەڕاوکێیان بەرامبەر بە کۆی ژیان و چەمکی مردن وای کردووە، کە هەمیشە هەوڵیان داوە مەرگ لە خۆیان دووربخەنەوەو بڕوای پێی نەکەن، بە دەیان شێوازو میکانیزم و ڕێگەی تایبەتییان گرتووەتەبەر تاوەکو بتوانن بەردەوامی بەژیان بدەن و بژین بێ بیرکردنەوە لە مردن. هەر لەم باسەوە دەتوانین بڵێن ناوەڕۆکی مردن بریتیە لە ئەزمونکردنی تاک بەتەنها بۆ تێگەیشتن لێی، واتە تاک خۆی دەبێت بمرێت بۆ ئەوەی لە مردن تێبگات، هەرکاتیش مرد ئەوکات بواری باسکردنی مردنی نابێت، بەڵام ئێمە کە باسی مردن دەکەین لە مردنی کەسانی دیکەوەو لە بینینی مردنی مرۆڤەکانی تر باسی مردن دەکەین، نەک خودی مردن خۆی و ئەزمونکردنی خودی خۆمان لە مردندا، بەڵام لەم باسکردنەشەوە دەکرێت

نزیکبینەوە لە مردن، ئەم نزیکبوونەوەیە دەتوانێت هەندێک ڕووکاری مردنمان بۆ دەربخات نەک خودی مردن خۆی.

هەر ئەم حاڵەتەش وا دەکات قورستر و زیاتر بە ترسەوە سەیری ئەم پرسە بکەین. کەواتە هەموو تێگەشتنەکان لە کۆنەوە تا ئێستا ترس بووە لە دوای مردن، کە ئەنجامی ئەوەبووە کە کەس نەیزانیوە چی روو دەدات بە کوێ دەگات. بەدڵنیاییەوە ئەوەی تا ئێستا وەک راستییەکی قبوڵکراو وەرگیراوە، سوڕی ژیانی هەموو زیندەوەران بەگشتی و تەمەنی ژیانکردنی مرۆڤ بە تایبەتی ماوەیەکی کورت و کاتیی و کورتخایەنە.

لەپێناو ڕاگرتنی باڵانسی بەردەوامی ژیان، واتا لە نێوان بوون و نەبووندا، مردن هەمیشە وەک پێویستییەک خۆی نمایش دەکات. لەم روانگەیەوە ژیانی هەموومان وەکو هەوارخستن وایە لەسەر ئەم ئەستێرەیە، کە بۆ ماوەیەکی کاتی دەمێنینەوەو پاشان بۆ هەتاهەتایە بەجێیدەهێڵین. بە واتایەکی تر تەمەن و ژیان ماوەیەکی کورتەو دەڕوات و مردن هەموو شتێک رادەماڵێت و لەگەڵ خۆی هەموو هیواو خەون و نەوتراوەکانی ناو ناخی مرۆڤەکان دەبات، مرۆڤ تا کۆتا کاتی بوونی هەمیشە قسەیەکی ماوە بۆ وتن بیڵێ و هیوایەک و تەمەننایەکی بۆ هاتنەدی ماوە، مردن دێت و کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنێ لەگەڵ خۆیدا ئاوات و نەوتراوەکان دەبات و ناتوانێت بیاندرکێنێ.

هەر لە بارەی مردنەوە (بەختیار عەلی) دەڵێت: ((مرۆڤ پڕۆژەیەکی ناتەواوە، هەمیشەش بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، واتا هەمیشە شتێک هەیە کە بۆ خۆی و بۆ دنیای بکات... مرۆڤ کە دەمرێت، کۆمەڵێک شتی تەواونەکراو بەجێ دەهێڵێت. تەنیا ئەوانەی خەیاڵیان نییە، دەتوانن باس لە کۆتاییهێنانی کارەکانیان بکەن... هەموو کتێبەکانی من و کتێبەکانی دونیاش ناتەواون، چونکە هەمیشە شتێکی دی هەیە بۆیان زیاد بکەین و بیدرکێنین، هەر ئەوەش ناکۆتایی ئەدەب دروست دەکات))(عەلی، ٢٠٠٦: ٢٥). هەمیشە باس و بابەتێکی وەک مردن بیر و بابەتێکی گرنگی فەلسەفە و ئەدەبیات بووە، بەردەوام بیرکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی فەلسەفی و هزری و ئەدەبی بووە. هەر لەم تێڕوانینەوە (شێرکۆ بێکەس) لە دەقی شیعری شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر)دا باس لە مردن و ژیان بە دیوە هزری و فەلسەفیەکەی دەکات، (شێرکۆ) زۆر زیاتر لەوە دەڕوات و باس دەکات، کە تەنها باسکردن بێت لە ترسانی خودی ئەژدەهاک لە مردن. پرسیارو گومان دەخاتە سەر کورتی و ماوەکەمی ساتی ژیانکردنی کۆی مرۆڤەکان، لە لایەکی تریشەوە، بیر و بابەتی فەلسەفییە گرنگەکان دەربارەی ژیان و مردن و ئامانجی ناڕوونی ئەوەی لەم نێوانەدا چی ڕوو دەدات، باس دەکات و دەخاتە ڕوو .

تارمایی مردن:
ئادەمیزاد لە دایک ئەبێ
وردە .... وردە بۆ گەورە بوون
هەنگاو ئەنێ
دێتە کۆری ژیانەوە...
ئەرک ئەکێشێ
ئارەق و ڕەنج و تەقەلای
زۆر ئەڕێژێ...
چاو ئەبڕێتە ... بەرزی هیوا
دەست... ئەکوتێ
قاچ... ئەکوتێ
شان... ئەکوتێ
دێت و ئەچێ
بەبێ سرەوتن، ئەڕەتێ
بۆ نان، بۆ مناڵ، بۆ ژیان...
ئەکەوێتە گەرمەو کێشە...
بۆ تەمەنێ....
کەمی خۆشە، زۆری ئێشە
لە ئەنجاما ... دێ بۆ لای من...
منی مردن (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٧٢)

شێرکۆ لێرەدا وەک بابەتێکی فەلسەفی باسی بابەتی مردن دەکات، کە کێشەیەکی سایکۆلۆژی و بیرکردنەوەیەکی بەردەوامی مرۆڤ بووە بە گشتی. لە وتن و قسەکانی ئەژدەهاکدا، بە شێوەیەکی گشتی مردن وەک دوژمنێکی گەورەی مرۆڤ و ژیان دەبینرێت، لە ڕەتدانەوە و ڕووبەڕوو وەستانێکی فەلسەفییدا خراوەتە بەرچاو و گوزارشت لە دیدیکی زۆر هزری و فەلسەفی دەکات. بەشێوەیەک، کە زۆر لەو باسە قووڵترە کە تەنها پەیوەندی بە ئەژدەهاکەوە هەبێت، بە تایبەتی ئەم ڕووبەڕوو وەستان و دڵەراوکێی و شڵەژان لە قسەکانی تارمایی مردندا دەبینرێت، پرسیار و گومان دەخاتە سەر بێمانایی خودی ژیان، مرۆڤ دوای ئەم هەموو هەوڵدان و خەونانەی کە هەیەتی و ئیشکردن بۆ بەدیهێنانی هیواکانی، بەڵام مردن وەک خاڵی کۆتایی ژیانێکی سروشتی و گەڕانەوە بۆ دۆخێکی تر لە دواجاردا بۆ هەموان بێ

جیاوازیکردن کۆتایی ژیانی و هاتنی مردن دەبێت. لەم حاڵەتەشەوە لەوە تێدەگەین ژیان بەبێ مردن بوونی نییە، چونکە تەنها ئەوە مردنە مانایەک بە ژیان دەبەخشێت نەک بەو بیرەی کە ژیان هەیە، کەواتە دەبێ مردنیش هەبێت. گرنگی و بایەخی ئەو بیرکردنەوەیە زیاتر دەردەکەوێت کە ژیان و لە پاشاندا مردن هاوسەنگی و مانەوەی ژیان خۆیەتی لەسەر ئەم ئەستێرەیە. دەتوانین بڵێین بیری فەلسەفی لای (شێرکۆ بێکەس) و لەم دەقە شانۆییانەی شاعیردا زۆر ورد و قووڵ، هەم لەگەڵ دیدێکی فەلسەفیدا ڕووبەڕوو دەبینەوە و هەم لەگەڵ شیعرییەت و گێرانەوەیەکی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش، هەندێ جار کارەکتەرەکان بە زمانێک و دەربرینێکی فەلسەفی قسەمان لەسەر ژیان و مردن، هەوڵدان و بەتەنگەوەبوون، یان جوانی و ئازار و باشە و خراپە بۆ دەکەن، کە تەواو بیر و کەشێکی هزری و فەلسەفی لە فەزا و دونیای دەقەکاندا دەبینرێت و ئامادەییان هەیە.

**بەڵام ... بەڵام ... ئەم مردنە**
**تێکی داوە...**
**ئەم مردنە ئێسک قورسە**
**تارمایی هەر لەبەر چاوە...**
**هەر بە تەنیا ئەو ... لە بەر دەمما**
**ڕەپ وەستاوە ....**
**هەر تەنیا ئەو داوای بووردن لە من ناکا....**
**هەر تەنیا ئەو، کڕنووش نابا** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٦٥).

هەمیشە کاری فەلسەفە و ئەدەب تێڕامان بووە لەجەوهەری ململانێی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە لەنێوان هێز و لاوازیدا، لەنێوان ژیان و مردندا یاریدەکات. بینینی پادشا و سەرۆکەکان وەک کەسانێکی سادە و ئاسایی، کە بیرکردنەوە و ترساندنیان لە مردن و لە کۆتاییبوون هەیە، کە لە زۆر ساتی تردا خۆیان وەک نەمرو ئەبەدی دەبینن، بەڵام کە دەشکێن، کە دەبنەوە بە مرۆڤی ئاسایی و هەمان ترس و حاڵەتی مرۆڤەکانی تر بیر دەکەنەوەو دەژین، بابەتێکە لەبابەتە گرنگەکانی هزرە فەلسەفییەکان، بیرکردنەوەیەکە لە بیرە گەورە و دڵڕفێنەکانی ئەدەب و بیرکردنەوەی فەلسەفی. هەر بۆیە یەکێک لەو دیاردانەی کە هەمیشە مایەی تێڕامانێکی گەورەیە خۆ بەگەورە زانین و نەمرییە ئەمە یەکێکە لەو تەلیسمە سەیرانەی بۆ ئەدەب شوێنی تێڕامانێکی گەورەیەو هەرواش دەمێنێتەوە. لەئەدەبدا و بە تایبەتتر لە شیعردا

ئەم بابەتە زۆرتر دەبینرێت، ستەمکارێکی وەک ئەژدەهاک نایەوێت لەو راستییە زانستییە تێبگات کە دواجار ژیانی ئەویش وەک هەموو مرۆڤەکانی تر تەواوبوون و بە کۆتاییهاتنە، پێیوایە کە ئەو لە مردن گەورەترە .بەڵام لەگەل ئەوەشدا ناتوانێت ئەو ترسە بشارێتەوە، کە بەردەوام مردن وەک تارماییەک بەسەر سەرییەوە دروستی کردووە.

ئەوەی لەپیاوە جەللادەکانی ناو ئەدەبدا زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە هەمیشە لەنێوان دوو نهێنی و حاڵەتدا دەسوڕێنەوە، نهێنییەک کە پابەندی ئامادەیی تارمایی مردن لەدونیای دەوروبەریاندا و ترس و ئاڵۆزی و هێزێکی نادیاری دەرونییە، هاوشان بەنهێنی و حاڵەتێک کە ئەم بوونەوەرێکی نەمرە و لەسەرروو مردنەوەیە. ئەژدەهاک نمونەی ستەمکار و جەلادێکە کە لەنێوان ئەو دوو نهێنییەدا دەسوڕێتەوە. ئەوانیش تاریکیەکی ناو ڕۆحی و تێنەگەیشتنی لە خودی خۆی. ئەوی دیکە تاریکی جیهان و نەتوانینی تێنەگەیشتنی لەشتەکان و لە سروشتی ژیان خۆی وەک ئەوەی کە لە واقیعدا بوونی هەیە.

**دڵم لە لێدان ئەکەوێ....**
**گوێم کپ ئەبێ ... هیچ نابیستم**
**نە قسەی خۆش ، نە سۆز و ساز**
**نە گۆرانی کچی دەنگخۆش**
**نە دەنگ و باس**
**نەخوڕەی ئاو ، نە خوێندنی**
**باڵندەی چیا و دارستان**
**نە پێکەنینی ، شۆخی جوان**
**هیچ نابیستم.. هیچ نابیستم**
**کاتێ دەمرم** **(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩:  ٦٧)**

بەڵام  لێرەدا تەواو هەست بە رووە ئینسانییەکەی پادشا و ستەمکار دەکەین، هەست بە دوودڵی و ترسەکانی دەکەین، هەم دڵی عاشقانەی و ژیاندۆستییەکەی دەبینیرێت، هەم خەم و ترس بۆ لە دەستدانی جوانییەکانی ژیان دەخوێنینەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئەدەب هەتا لەساتی ستایشی جەللادێک و ستەمکارێکیشدا  بۆ ژیان، لەوە ناکەوێت دیوە ئاسایی و سادەکەی مرۆڤ پیشان نەدا و مرۆڤ وەک مرۆڤێکی ئاسایی و باش، تیایدا دەربکەوێت، باس و دوان لە سروشتی ژیان و بەشە دڵرفێن و جوانەکەی ژیان و ماناداری ژیان خۆی بکات. دەتوانین بڵێین ژیان خۆشەویستە، هیچ

شتێک لە ژیان خۆشەویستتر نییە، سەلماندنیش بۆ ئەم خۆشەویستییە لەوەدایە هەموو مرۆڤ و گیانلەبەرێک هەوڵئەدات ئەوەندەی لە تواناداا بێت ئەو ژیانە درێژخایەن بێت و لە هەر بارودۆخێکدا بێت مردن زیاتر دوا بخات.

لە پرسی پەیوەست بە بابەتی ژیان و مردندا کە وەکو دوانەیەکی دژو وەک چەمکی ژیان و مردنیش ئامادەبوونی بەرچاوی هەیە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەسدا. لەم چەند دەقەدا کە باسمانکرد ئەم جیهانبینیە فەلسەفییە دەبینرێت و دەبەسترێت بە ململانێی نێوان مەرگ و ژیانەوە وەکو دوانەیەکی دژ، کە هاوسەنگی و هارمۆنیای سروشتی ژیانی دروستکردووە،

بەگشتی دەکرێت بڵێین کە ئەمەش ماناداری و بێمانایی ژیانە. ئەمەش واتە ئەم ململانێیە رەهەندێکی فەلسەفی هەیە و بیرێکی فەلسەفی قوڵی لەناو دەقە شیعرییەکانی شاعیردا دروستکردووە و تیایدا بە تێڕامانێکی مرۆڤانەی زۆرقوڵ و هزرێکی فەلسەفییانەوە گوزارشت لە ڕارایی و ترس و دڵەراوکێی مرۆڤ دەکات بەرامبەر مردن و چارەنووس و کۆتایی هاتنی ژیان و بوونی لەم جیهانەدا.

دەقی شانۆنامەی (ئاسک)ی شێرکۆ بێکەس، کە لە پێنج تابلۆدا ساڵی (١٩٧٨) بڵاوکراوەتەوە، شاعیر بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە سوودی زۆری لە بابەتی کەلەپوری کوردی وەرگرتووە، شانۆنامەکە گەڕانەوەیەک و ئاوڕدانەوەیەکە لە سەردەمە تاریکەکەنی ڕابردووی دوور و گێڕانەوەی کارەسات و بەسەرهاتی واقعی تاڵی ژیانی پێشووی دڵداران و ئەویندارانە. شاعیر دەستپێکی شانۆنامەکە و کلیلی کردنەوەی دەرگای بابەت و باسەکان دەداتە دەست حیکایەتخوان، دەستپێکی شانۆنامەکە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەوین و عەشقی پاکی نێوان (پیرۆت)ی شوانی کوێخای گوند بۆ (خاوەر)ی کچی کوێخا و بیرکردنەوە و و خەم و ئازار و خۆشی (پیرۆت) بۆ یار و خۆشەویستەکەی باس دەکات.

لەناو ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا و لە گوندەکەدا (ئاسکە موبارەک)ێک هەیە لە دوای (خاوەر) زۆر ئازیز و خۆشەویستی (پیرۆت) دەبێت، هەموو خەڵکی گوند بە سەرچاوەی خێر و بەرەکەتی دەزانن و باشی و خۆشییەکانی خۆیان لە (ئاسکە موبارەک)دا دەبیننەوە، تا لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکاندا و لە یەکێک لە ڕۆژەکان (ئاسکە موبارەک) لەسەر لوتکەی شاخێکی سەخت و بەرز، کە بە ترۆپکی (رەوەزی قەلەڕەش) ناسراوە عاسی دەبێت و گیردەخوات، بۆ داگرتن و رزگارکردن و هێنانە خوارەوەی چاونەترسترین و لە خۆبووردووترین کەسی گوندی دەوێت، (پیرۆت) شوانی کوێخا لە خۆشەویستی بۆ (ئاسکە موبارەک)، ناچارانە ئەم کارە دەکات و پێ بە جەرگی خۆیدا دەنێت و لە خۆشەویستی (خاوەر)ی یار و ئەوینیدا و بەم کارە هەڵدەستێت و ڕوو دەکاتە ئەو لوتکە عاسی و پڕ مەترسییە و ڕێگای هات و نەهات دەگرێتەبەر، بەڵام شاعیر لە کۆتایی شانۆنامەکەدا ئەنجام

نادات بەدەستەوە و چارەنووس و بابەتی (ئاسکە موبارەک) و ( پیرۆت) بۆ خوێنەران بەجێ دەهێڵێت.(ئاسک: ١٩٧٨).

(شێرکۆ بێکەس) لە دەقی شانۆنامەی شیعری (ئاسک)دا لە دیالۆگێکی نێوان کەسەکانی ناو گوندی (خەزان) بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک و کەسێکی فریادڕەس بۆ ڕزگارکردنی (ئاسکە موبارەک)، کاتێک لە ترۆپکی (ڕەوەزی قەلەڕەش) گیر دەخوات.

**پیرباڵ:**
**مام وسوو... ئەو پیاوە لە کوێوە بهێنین**
**بۆ ئەوەی ئەمەی تۆ ئەفەرمووی**
**بیکات و هەناسەی ڕەحەتی هەڵکێشین**
**وسوو:**
**کەس نایە .. پیربال گیان ... کەس نایە**
**ئەو.. پیاوە هەر ئێمەین**
**کردمان وا ئەیکەین و نەشمان کرد**
**چاوەڕێی کەس مەکەن**
**کەس نایە** **(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٨٨).**

ئەم بۆچوون و تێگەیشتنەی شاعیر دەربارەی بیر و هزری فەلسەفی و هەڵبژاردنیان بۆ نووسینەوەی دەقی شیعری شانۆیی بەرەو ئەو خوێندنەوەیەمان دەبات، کە یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی شیعرنووسین لە لای (شێرکۆ بێکەس)، لە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانەوە بۆ ژیان و هەوڵدان سەرچاوە دەگرێت، هەر ئەویش دەبێتە هاندەر و هەر ئەویش دەیجولێنێت. ئەم دەقە شیعرە بیرکردنەوەیەکی مەعریفی و عەقڵێکی فەلسەفی لە پشتی وێنە و دێڕ و مەدلولەکانییەوە ئیش دەکات .

شاعیر چۆنیەتی خەم و بیرکردنەوە لە ڕزگارکردنی ئاسکە موبارەک لەلایەن خەڵکانی گوندی (خەزان)، کە بەلای خەڵکان و دانیشتوانی گوندەوە بوونی مایەی خێروخۆشی بووە لەڕابردووداو نەمان و لەدەستدانیشی نیشانەی دەستپێکردنی نەهامەتی و هاتنی شومی و سەرگەردانییە. ئەم دەقە شیعرە شانۆییەی شێرکۆ لە دەقی شانۆیی لە (چاوەڕوانیی گۆدۆ)ی (ساموێل بێکێت)، کە یەکێکە لە جیهانییترین شانۆکانی دونیا و دەقیێکی تەواو فەلسەفییە. نزیکماندەکاتەوە و جۆرە پەیوەندییەکی فەلسەفی بەم شانۆیەوە دروست دەکات. لە شانۆیی (چاوەڕوانیی گۆدۆ)ی ساموێل بێکێت کە باس لە دوو کەسایەتی بێدەرەتان و گۆشەگیر دەکات،

که لەپاڵ دارێکی بێ گەڵادا، چاوەڕێی کەسایەتییەک دەکەن ناوی گۆدۆیە و تا کۆتایی شانۆگەرییەکە گۆدۆ نایەت و ناگات، ئەمانیش لەو ماوەیەدا خەون دەبینن و کۆمەڵێک گفتوگۆ لە نێوانیاندا ڕوودەدات، کە پەیوەندی بە خوێندنەوەی خۆیانەوە هەیە بۆ بابەتی ژیان و ئایینی و سەرزەوی. کاتێکیش یەکێکیان دەیەوێ شوێنەکە جێبهێڵێت، ئەوەی دیکەیان قەناعەتی پێدەکات بمێنێتەوە و چاوەڕوانی گۆدۆ بکات.

دوو کارەکتەری ناو شانۆییەکە بەدرێژایی شانۆییەکە چاوەڕوانیی کەسی سێیەم دەکەن کە هەرگیز ناگات. ئەوان چاوەڕوانن (گۆدۆ) بێت و وەک فریادڕەسێک ڕزگاریان بکات، بەڵام (گۆدۆ) هەرگیز نایەت، چاوەڕوانییەکە زۆر کۆمیدییە و نەهاتنەکە زۆر تراژیدییە، لە بیرکردنەوە و خەیاڵاتی کارەکتەرانی ناو شانۆییەکەدا، (گۆدۆ) ڕزگارکەرێکی ئەفسانەییە و لە دوا قۆناغی بێهیواییدا دێت و فریایان دەکەوێت و دەبێتە فریادڕەس بۆیان. حاڵەتێکی زۆر ئاساییەو نۆرماڵە شاعیرو نوسەران کاریگەر بن بە دەقی ئەدەبی تر لە هەر شوێنێکی تری ئەم دنیایە ((کاری ئەدەبی بەرهەمی تاقە نووسەرێک نییە، بەڵکو ئەنجامی یان بەرهەمی هەوڵی فیکری دنیایە، چونکە هەموو نووسەرێک سوود لە ڕۆشنبیری پێش خۆی دەبینێت و دەقی نوێی لێدێنێتە بەرهەم و خوێنەریش دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکات))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٣٥).

هەرچەندە ئەم شانۆگەرییە مۆرکێکی جیهانی وەرگرتووە و بە شێوازی جیاجیا شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بە شانۆگەرییەکی کۆمیدی-تراژیدی، کە خولیایەکی بێهودەیی دەخاتەڕوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. چونکە باس لە بابەتێک دەکات، کە چاوەڕوانی کەسایەتییەکە لە ناو شانۆگەرییەکەدا، کە هەرگیز نایەت و بوونی نییە، بەڵام ئاماژەکردن بۆ بابەتی چاوەڕوانی حاڵەتێکە لە شوێن و سەردەمی جیاوازدا دووبارە دەبێتەوە. ((هەر هەوڵێکیش درابێت و بدرێت، هەر کۆششێک کرابێت و بکرێت بە مەبەستی پێکەوە گونجاندنی بیری فەلسەفی و شیعر بەرهەمی ئەندێشە و سۆز و ناخی شاعیرو ئەدیبە لە هەست و نەستیدا و بە هۆشیاری و هەستکردن بە خۆ-خود ناوبراوە))(عەزیز، ٢٠٢٠: ١٧٦).

شێرکۆ دەیەوێت لە ڕێگەی دەقی شانۆنامەی (ئاسک)ەوە پێمان بڵێت ئەوەی کە دەتوانین وەک فریادڕەسێک چاوەڕوانی بین تەنها ئەوە هەر خۆمانین، بیرماندەخاتەوە کە ئەوە تەنها تێکۆشان و هەوڵدانەکانی خۆمانە، دەکرێت وەک ڕزگارکەری خۆمان لەبەرچاومان بێت. لەگەڵ نەدۆزینەوەی ڕێگەیەکدا بۆ گۆڕانکاری و دەربازبوون، لە خوێندنەوەی ئەم دەقەوە هۆشیاری و ئاگایی ئەوەمان دەداتێ، هۆکاری دیکەش هەبێت بۆ ئومێد و هیوا و گەشتن بەو ئاستەی کە چاوەڕوانی گۆدۆیەک نەکەین بۆ دەربازبوون و ڕزگاری جگە لە خۆمان.

((ئامانجی شانۆنامەی ڕەسەن وەدیهێنانی سەرکەوتوویە لە هەردوو ئاستەکەدا: ئاستی فیکری و ئاستی جوانی))(بەرزنجی، ٢٠١١: ٢٣٤). بەدڵنیاییەوە هەر شانۆیەک باسبکەین مەبەستێک و

ئامانجێک دەپێکێت، هەموو شانۆنامەیەکی باش  و مەزن هەمیشە بابەتێک و کێشەیەکی هزری دەربارەی مرۆڤ و کێشەکانی دەخاتەڕوو و هەڵویست و بیری شاعیر و نووسەرەکەی لە ئاست بوونی کێشەکانی ژیانی کۆمەڵگە پیشان دەدات.

شێرکۆ بێکەس لە دەقی (دیوار و دەنگی خوێن)دا (ژمارە، ٢،  گۆڤاری روانگە، وەک نامیلکەی روانگە)،  لەساڵی (١٩٧٠)  بڵاوکراوەتەوە))(ڕوانگە، ٢٠٠١: ١٣٦). لە دیالۆگێکی نێوان بەندییەکان و یاساوڵەکانی زیندانەکەدا.

**بەندیی یەکەم :  (دوای پشویەک ... بێدەنگیی ئەو دیوی دیوارەکانی بیر ئەکەوێتەوە بە دەنگێکی شکاو و نائومێدەوە)**

**نوستن ... خوێنیان ساردەو مەیو**

**نوستن ... باخی گیانیان وەریو**

**نوستن ... خوایان فەرامۆش کرد،**

**هەتا تاوان**

**هەتاکوو بت تا بتەوان**

**گیانی سپی فریشتەکان قەڵاچۆ کەن**

**تا لە دەوری دۆزەخەکەی – پیرە شەیتان –**

**بەزم خۆش کەن.** **(بێکەس، ٢٠٠١: ١٤٥).**

**-   وچان-**

**دیوارەکان .. بتەوانی دیوارەکان**

**لای ئەهرەمەن (مێخ) یان هێنا**

**مێخی تاوان**

**لەسەر سنگی (مزدە)ی یەزدان**

**لەسەر چاوی وشەی شیعری**

**زەردەشتەکان**

**لەسەر مەمکی دایکی کۆرپەی،**

**فریشتەکان**

**دایان چەقان** **(بێکەس، ٢٠٠١: ١٤٦).**

ئەگەر لێرەردا پرسیارێک بوروژێنرێت ئایا باسکردن و گێڕانەوەی ئازار دەتوانێت لە خودی ئازارەکە کەمبکاتەوە؟ ئایا شیعر دەتوانێ لەپاڵ دیوە ڕەش و تاریکەکەی ناو رۆحی مرۆڤدا، دیوێکی سپی و ڕۆشن بۆ ژیان بسازێنێت؟ شاعیران و ئەدیبان کە خۆیان لەناو تاوان و ڕەشبینیی و پووچییەتی ژیان و بووندا تووشی باری دەروونی ناجێگیر دەبن، دەتوانن بە شکانی دەروون و ناخیان یان بە نائومێدبوون و بەجێهشتنی ژیان، مردن بە حاڵەتێکی باشتر وێنا بکەن؟ ((کە شاعیر بوویت بابەتت لێنابڕێت بۆ ئەوەی شیعر بنووسیت، کە تۆ ڕوانگەیەکت بۆ ژیان هەبوو، ئەم ڕوانگەیە لە هەموو شیعرێکدا خۆی بە دیار دەخاتەوە. شیعرییەت ئەو ڕوانگەیەیە کە شاعیری باش بۆ ژیان هەیەتی و لێوەی بیر دەکاتەوە))(سیوەیلی،٢٠٢٢: ١٣٧). هەموو بیرکردنەوەیەک وەک ئەکتیڤی مێشک و هەموو کردەوەیەک و چالاکییەک بە هەر شێوە و جۆرێک بێت لە چوارچێوەی گشتی و تایبەتیدا هاندەر و پاڵنەری خۆی هەیە و مەبەست و ئامانجێکی هەڵگرتوە و تەمەنای بەدەستهێنانی دەخوازرێت.

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی بیرکەرەوە و چالاک و پڕ بەرهەم، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەردەوام ڕوانگەی نوێی بۆ ژیان و شیعر هەبووە و ئەو ڕوانگەیەشی نزیک بووە لە واقیعی بوون و بینین و سەیرکردنی ژیان لە هەموو تێڕوانینەکانەوە، تێڕامان و ڕوانینی بۆ ئاین و دونیا و ژیان و بوون، شاعیر بەردەوام تێڕامان و هزر و بیرکردنەوەی فەلسەفی خۆی هەبووە، ئەو وەک تەماشاکەرێک لە نێوان فریشتە و شەیتان و وەک گەڕیدەیەک لە نێوان ژیان و مردندا باسی ئەو تاوانانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ ژیان و شیعر و تەنانەت لەگەڵ خوا و فریشتەکانیش لەو ڕۆژگارانەدا ئەنجامدراوە. شاعیر لێرەدا هۆشیاری ئێمە لە ئاست دنیای دەرەوەی زیندان بە جۆرێک دەباتە سەرێ و ئەو ئاگاییەمان دەداتێ کە دنیای دەرەوە خراپتر و ستەمکارترە لە دنیای ناو دیوارەکانی زیندان. دونیای دەرەوەیش دۆزەخێکە بۆ خۆی و زیندانێکی ترە دروست وەک ناو زیندان. ((شیعر هەرگیز لە ڕاستیی لانادات، ئەگەر لەگەڵ واقعیشدا یەک نەگرێتەوە، ئەوە ڕەنگدانەوەی گرنگیدانیەتی بە ناخی شتەکان نەک بە دیوی دەرەوەیان))(عەیاد،١٩٩٣: ١٠٧).

خاڵێکی تری گرنگ کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین، بوون و ئامادەیی دوالیزمی دژیەکی فەلسەفییە لەم دەقەی شێرکۆ بێکەسدا، ((بابەتی دژیەکبوونی فەلسەفی یاخود دوالیزمی دژیەک لە فەلسەفەدا، باسکردنی ئەوە نییە کە بابەتێک دوو سیفەی جیاوازی بدرێتە پاڵ، بەڵکو باسی دوالیزمی دژیەک بابەتی بەریەک کەوتن و دژبوونی دوالیزمەکانە، فەلسەفە بۆ گەیشتن بە چییەتی بوون بابەتەکانی کە بەگشتی دوالیزمی دژیەکن دەکاتە ڕێچکەی لێکۆڵینەوە و بابەتی بەدواداچوون))(عەبدولرەحمان، ٢٠١٣: ٣٨). دوالیزمەی فریشتە و شەیتان، باسکردنی ئاینی زەردەشتی و بابەتی چاکەو خراپە، ئەشی بڵێین زۆرینەی جار دوالیزمی دژیەک بەمانای

پاڕادۆکسی دێت وەک هەتاو و سێبەر و ئاو و ئاگر و چاکەو خراپە. دوالیزمی دژیەک لەزۆربەی ڕەوت و بیرکردنەوەی گروپە ئاینی و فەلسەفیەکانیش هەیە، بۆ نموونە زەردەشتیەکان دوالیزمی خۆیان هەیە، کە بریتیە لەچاکە و خراپە، لەئاینی ئیسلامیش ئەم دوالیزمیە ئامادەیی هەیە بۆنمونە فریشتە و شەیتان.
ئەگەر ئەرکی فەلسەفە گۆڕینی دنیا بێت، یان یارمەتیدانی مرۆڤ بێت، لە گۆڕینی دنیادا ئەوە هۆشیاری و بە ئاگاهێنانەوەی تاک و کۆمەڵگا بۆ ژیان و ماف و ئازادییەکانی، لەسەردەمی شۆڕش و داگیرکاری و بوونی ستەم و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر نادادییەکان لە هەوڵدانە لە پێشینەکانی شاعیران و بیرمەندان بووە.

بیر و هزرە فەلسەفییەکان بە ئەرکی یەکەمی خۆیان زانییوە و بەردەوام بەو هۆشیاریی و ڕۆشنبیرییە تاکەکانی کۆمەڵگایان ئاڕاستە کردووە. ((ئەگەر یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی، بیر بێت، ئەوە لەگەڵ فەلسەفەدا یەک دەگرێتەوە، بەوەی، ئەم زانستە لە ڕێگەی پرۆسێسێکی عەقڵییەوە پرسیار و گومانەکانی خۆی لەبارەی بوون بە گشتی دادەمەزرێنێت. هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو ئەدەب و فەلسەفە لە پێوەندییەکی بەردەوامدان و بۆ دەربڕینی خۆیان سوود لە کەرەستەکانی یەکتر وەردەگرن))(فەتاح، ٢٠٢٢: ١٣٥).

ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەپێکردنە لەم چەند دەقە شیعرەی پێشتر لەم تەوەرەیەدا وەک نموونە بۆ بیری فەلسەفی هێنامانەوە و باسمانکرد، (شێرکۆ بێکەس) باس و نمایشی پرسیارە فەلسەفییە گرنگەکان دەربارەی ژیان و هەوڵدان و خۆشحاڵی و چاوەڕوانی و ئازار و هاتنی فریادرەس، لەگەڵ ئەمەشدا ئامانجی ناڕوونی ئەوەی لەم نێوانەدا چی ڕوو دەدات، هەوڵدان و چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ دەربارەی ژیان و مردن دەخاتەڕوو، بە جۆرێک کە پرسیار و بیرکردنەوە فەلسەفییەکان لای شاعیر تایبەت بە زەمەن و شوێنێکی دیاریکراو نیین، بەڵکو جۆرێک لە گشتی بوونی ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی تێدایە. ئەدەب و فەلسەفە دوو کایەن ئەگەرچی لە فۆرم و کەرەستەی کارکردنیاندا جیاوازن، بەڵام هەردوو خاوەن دیدێکی گوماناویین و هەمیشە بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە گومان دەخەنە سەر وەڵامەکان و پرسیاری نوێ، کە لە پرۆسەی بیرکردنەوەی قووڵەوە دێت، بەرهەمدەهێننەوە.
بیر یان هزری فەلسەفیانە ڕەگەزێکی دیار و بایەخداری ناو دەقە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس) پێکدەهێنێت، وەک هەر دەقێکی ئەدەبی زیندووی تر، هەر شاعیرێک یان ئەدیبێک بۆ ئەوەی دەقێکی زیندوو بەرهەمبهێنێت، پێویستە بە بایەخەوە لە بابەتە فەلسەفی و هزرییەکان بڕوانێت و تێڕامانی قووڵ بەشێک بن لە بیر و ناوەڕۆکی دەقەکان. لە دونیاشدا بەردەوام ئەو دەقانە زیندوویەتی خۆیان پاراستووە، کە هەڵگری بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەن و پەیامێکی فەلسەفی دیار و قوڵ و گرنگیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە.

## تەوەری چوارەم: بیری سۆز و ئەوین و ئیرۆتیکی

بیری سۆز و ئەوین و خەیاڵ و وێنەی ئیرۆتیکی یەکێکە لە ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریی، ئەوین و ئیرۆتیک لەناو ژانری شیعردا، لە مێژووی رابردوو و هەم لە ئێستادا و لە کۆی ئەدەبیاتی هەموو جیهاندا، چەمکی ئەدەبیاتی عەشق سۆز و ئارەزوو حەزی ئیرۆتیکی لەگەڵ ئەوین و حەز و ئارەزووە سێکسییەکاندا ئاوێتەی یەکتر دەبن، لە ڕووی هەست و سۆز و حاڵەتی ڕۆحی پەیوەست بە ئاوێتەبوون و هۆگربوونی دەروونی و جەستەیی و سێکسی.

ئەدەبیاتی عەشق و ئەوین و ئیرۆتیکی بەرهەمی ئارەزووە سێکسی و سۆزدارییەکانی مرۆڤە بە یەکگرتن لەگەڵ ئەوین و عەشقی دنیایی، وەسفی پەیوەندییەکی جەستەیی و ئەڤین پێکەوە دەکات، واتە نووسینە و گوزارشتکردنە دەربارەی سێکسی ئەوینئامێز یان ئەوین و خۆشەویستی لە ساتەوەختی یەکگرتنی دوو دڵدار و نیشاندانی جوانییەکانی پەیوەندیی لە ژێر کاریگەری ئەڤیندا. ئیرۆتیک یەکێکە لەو ڕەگەزە جوانانەی شیعر کە وەک سەدەها گەردی پەرش و بڵاو و تامەزرۆی بۆ بەرامبەر دەکەونە بەر بیرکردنەوەی شاعیر و لە دەقدا پوخت دەکرێنەوە، ئارەزووە سێکسییەکانیش یەکێکە لەو تابۆ و قەدەغەکراوانەی هاتوونەتە ناو ئەدەبیاتەوە و گوزارشت لەبارەیانەوە کراوە،

((پەیڤی ئیرۆتیک کە بە بەربڵاوی بۆ گەمەی دڵداری و جوانی و لەش و سێکس بەکاردێ، پەیڤێکی گریکی کۆنە، (وشەی (erotic) لە وشەی (eros )ەوە وەرگیراوە، کە بە مانای سێکس ئامێز، لە ڕووی زاراوەییشەوە وشەی(erotic) لە وشەی (erotikos)ی گریکییەوە وەرگیراوە))(برایم، ٢٠٠٨: ١١).

عەشق و ئەوین و ئیرۆتیک لە ڕەگەزە دیار و جوانەکانی شیعرن کە وەک سەدەها خەیاڵ و بیرکردنەوەی پەرش و بڵاو دەکەونە بەر هزر و بەهرەی شاعیر و لە دەقی شیعردا پوخت دەکرێنەوە و لەلایەن شاعیرەوە دەردەبڕێن.

((ئیرۆتیک چەمکێکی ئەدەبیی نوێیە، بەرامبەر بەو بەرهەم و دەقە ئەدەبییانە بەکار دەهێنرێت کە ناوەڕۆکێکی سێکسئامێزیان هەیە، ئیرۆتیک فۆڕمێکی دەربڕینە لە ئەدەب، بە شێوەیەکی هونەری باڵا تیشک دەخاتە سەر جەستە و باس لە خۆشەویستی و جووڵە سێکسییەکانی بەر لە جووتبوون دەکات. شیعری ئیرۆتیک وێنەی نزیکی دوو لایەنە، هاوکات لەگەڵ هەڵسوکەوتی سەرجێیدا))(محەمەد،عەلی، ٢٠٢١: ١٥).

کاتێک شاعیر بەر هەستێکی ئەویندارى دەکەوێت و دەکەوێتە ناو ئەزموونێکی سۆزدارییانەی قوڵەوە لەگەڵ یار، کاتێک حەز و تاسە و ئارەزووی ئەویندارانەی لە جەستەیەکی جوان و ناخێکی سۆزدارانە هۆگر دەبێت، بە شیعر گوزارشت لەو سۆز و ئەوین و تاسەیە دەکات،

هەوڵدەدا لە ڕێگەی وشە و شیعرەوە گوزارشت لە ناخی گڕگرتووی خۆی بکات. ((ئیرۆتیک زاراوەیەکی ئاڵۆز و تەم و مژاوییە و لە دەرکەوتن و وەسفدا خۆی ڕوون و ناڕوون نیشان دەدات (ئیرۆتیک لە یۆناندا ئیرۆسە (خوای خۆشەویستی) و کوڕی ئەفرۆدیت(Aphrodite) ی خوای ئەوین و جوانییە، (ئیرۆس بە واتای چەمکی عاتیفە دێ لە ڕووی هەستکردن و حاڵەتی ڕۆحی پەیوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێکس))(خەلیل، ٢٠١٢: ١٩).

عەشق و ئەوین و ئیرۆتیک لە شیعر و دەقی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا هەبوون و ئامادەن، بەوەی مرۆڤ ناتوانێ و ئاسان نییە خۆی لە هەستی ئەوین و ئارەزووی سێکس و خەیاڵ لەگەڵ ئەوین دڵدارەکەی خۆی بە دوور بگرێت،

((ئیرۆتیکیەت و ڕووتی پەیوەستن بە غەریزەی سێکسییەوە لای مرۆڤ کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا تا ئەمڕۆش بە ئازادی ناتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت))(ساڵح، ٢٠١٦: ٢١٩).

ئیرۆتیک بابەتێکی تازە نییە و لە مێژوویەکی زۆر کۆندا لە پەیکەر و کەل و پەلی هونەری و تابلۆ و دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەر لە هۆنراوەی فۆلکلۆرەوە، کە پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە تیایدا بۆ کلاسیک و ئەدەبی مۆدێرن لەناو شیعر و هونەردا هەبووە و هەیە،

ئەدەبیاتی کلاسیکی قوتابخانەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردییە و بەردەوام بۆ توێژینەوە و گەڕان بە دوای جوانی مانا و قوڵی بیر و هزرە جوانەکان دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو قوتابخانەیە، ئیرۆتیکیش وەک چەمکێکی دیار و جوان هەمیشە لە ئەدەب و بەرهەمی هەندێک لە شاعیرانی کلاسیک ئامادەیی هەبووە و ڕەنگیداوەتەوە، ئەو ئامادەییە بە ئاشکرا و ئازایانە بێت، یان بە بەکارهێنانی هێما بێت، لە شاعیرانی کلاسیک نموونەی شیعری ئیرۆتیکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت، یەکێک لەو شاعیرە گەورانەی کە ئەم بابەت و بیرە لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی دیار بەرز دەبینرێت (نالی)یە.  شیعری مەستورەی (نالی) نموونەی بەرزی ئەدەبی ئێرۆتیکییە، لە بواری نووسینی ئەم جۆرە شیعرەدا،  هێندە بوێرانە شیعری نوسییووە، دەتوانیین بڵێن وەک هەر بوار و بابەتێکی تری شیعری  داهێنەرە و جێگەی باسکردن و گرنگییە لە ناوەندی ئەدەبی کوردیدا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند نموونەیەکی شیعری ئیرۆتیکی ئەم شاعیرە باسبکەین.

**قیمەتی ماچی دوو سەد کیسەیی ساغە و نیمە**

**غەیری یەک کیسەیی، سەد پارە لە گیرفاندا** (نالی، ١٩٧٤: ٣١).

واتە لێرەدا (نالی) دەیەوێت بڵێت نرخ و بەهای دەستکەوتن و کردنی ماچی یار پارەیەکی زۆرە و کە شاعیر نییەتی و ناتوانێت بیدات، کەواتە ماچی یار بە پارەیە و ئەمیش نییەتی ئەو

پارەیە بدات بەم ماچە و ناتوانێت ماچ بکات. ماچی یارەکەی بە دوو سەد کیسەیی ساغ لە پارە دەستدەکەوێت، کە نییەتی. غەیری تەنها ئەوەی هەیەتی کیسەیەکی سەد پارچە بووی لە پەڕۆ دروستکراو لە گیرفانیدا، کە هیچ نییە و هیچ ناکات، کە واتە شاعیر بە هیچ شێوەیەک بەها و پارەی ماچی یاری و خۆشەویستەکەی پێ نییە. ئەم دێڕە شیعرە کە تێدا باس لە ماچی یار دەکات، دێڕە شیعرێکی ئیرۆتیکییە و شاعیر زۆر بە ئاشکرا باس لە ماچ دەکات و تەنانەت مەرجی ماچکردنەکەیش دادەنێت کە پارەدانە لە بەرامبەری.

شاعیری گەورە (نالی) لە دوو دێڕە شیعری تردا بەم شێوەیە باسی (ماچ) دەکات:

**سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمێستاش**
**قوربان سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشم**

**ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێت کە من**
**ئاوی ئینسان یەعنی ئاوی دەم دەخۆم (نالی، ١٩٧٤: ٢٩٢).**

شاعیر لە دێری سەرەوەدا ماچ و ئاوی لێوی دەم بە شەراب دەشوبهێنێ، بە ماچی دەم مەست و خەیاڵ و سەرخۆش دەبێت، (نالی) زمانێکی شیعری تایبەت و ستایلێکی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە کە لاسایی کردنەوەی ئەگەرێکی مەحاڵە. شیعر لای (نالی) گوزارشتێکە لە رۆح و دڵییەوە هەڵدەقوڵێت و بە شێوازی نووسین گوزارشت لە خۆی دەکات. لەم نموونە شیعرییەدا شاعیر زۆر دیار باس لەو حاڵەتە دەکات کە دەشێ بە دەستپێکردنی ماچێک کۆی رۆح و جەستە بچێتە حاڵەتێکی تر و مەست و سەرخۆش بێت و وەک ئەوە وابێت کە شەرابی خواردبێتەوە. (نالی) لە دێڕی دووەمدا باس لە خواردنەوەی ئاوی دەمی ئینسان دەکات ((خواردنەوەی ئاوی دەمی ئینسان، واتە خواردنەوەی لیک و تفی نێو دەم و هەڵمژینی، لێرەدا وێنەیەکمان هەیە بە هەموو وێنەکێشێک وێنە ناکێشرێ و بە هەموو شاعیرێک ئەو شیعرە نانوسرێ، ئەگەر لە نێو ئەزموونی نەتوابێتەوە))(خەلیل، ٢٠١٢: ٤٠).
دەستپێک و سەرەتای ماچێک کلیلێکی پیرۆزە بۆ کردنەوەی دڵی ئافرەت، چۆن بۆ هەر شتێک ئامارێکی پێوانە هەیە، ژیانی سۆزداریش بە ماچ دەپێورێت و لە هەموو ژوان و بەرکەوتنی جەستەدا گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کرانەوەی نێوانیان.

نالی وەک کوردێک، گورزێکی گەورەی وەشاندووە، چونکە دەرچەیەکی دۆزیوەتەوە تا ئەو جیاوازییە دەربخات کە ئەو وەک کوردێک جیا بکاتەوە لە شاعیرانی دیکەی هاودینی خۆی))(سیوەیلی، ٢٠٢٠: ١٧٨).

(شێرکۆ بێکەس) لەدەقی شانۆنامەی (ئاسک) دا وێنەیەکی جوانی ئەدەبی ئیرۆتیکیمان پیشان دەدات، دەتوانین ئەم دەقە شیعرە شانۆییانە وەک نموونە بۆ بیری ئیرۆتیکی باس بکەین .

**وا ئەمشەو کچ و کوڕ، دڵداران**
**لە ماڵی کوێخادا**
**دوو بەدوو قسەی دڵ لە ترسی پێ زانیین**
**ون ئەکەن لە هاڕەی دەستاڕدا**
**کوڕێکیان:**
**ئای ئەمشەو بۆ گیانی کوڕە شوان**
**ئەبێ چۆن لە عەشقی خاوەردا**
**گڕ بگرێ تا .... هەڵسان**
**کچێکیان:**
**ئای ئەمشەو بۆ خاوەر**
**ئەبێ چۆن ئارەزووی چاو ببڕێ**
**لەسنگی تووکنی کوڕە شوان** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٤٦)**

بێگومان کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە گشتی، کۆمەڵگای کوردیش بە تایبەتی لە گوندەکاندا وەک یەکێک لە کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە، هەر لە کۆنەوە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و شوانکارەیی بوون، لەو کۆمەڵگایانەشدا پێویستیان بەوە هەبووە بە هەرەوەزی کار بکەن و هاوکاری یەکتر بکەن بۆیە بە کۆمەڵ لە کاروبارو ئیشکردنیاندا هاوکارو یارمەتیدەری یەکتر بوون، واتە هەموویان پێکەوە ئیشوکارەکانی ڕۆژانەیان جێبەجێ کردووە.

لەم دەقە شیعرەدا شێرکۆ بێکەس ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە دوو گەنج و دڵداری وەک کوڕە شوان و کچی کوێخا ( پیرۆت و خاوەر)، کاتێک لە ئەوینێک و شێوە دەزگیرانییەکی ئاشکرای ناو گونددان، بۆ بینین ونزیکبوونەوەیەک لە یەکتری و تامەزرۆی ئەوەی پەناگەیەک بدۆزنەوە، تا لە ساتێکی سۆزدارانە و ئەویندارانەدا لە دەستگیرانەکەی نزیک بێتەوە، تا دەرفەتی ماچ و دەست لە ملانێیی هەبێت، خۆشحالی و قۆستنەوەی کارێکی هەرەوەزی لە شێوەی دەستاڕ هاڕینی ماڵی کوێخادا دەکاتە یەکێک لە وێستگەکانی بینین و ژوانی دڵدارەکەی و خەیاڵی

ئیرۆتیکییانەی خۆی، بیری سۆز و عاشقانەی و خەیاڵکردنی یار و ئارەزوکردنی چاو برینی لە سنگی توکنی رەگەزی بەرامبەری بیرکردنەوە و گەیشتن پێی لە سۆز و عەشقێکی ئەویندارانە و خەیاڵێکی ئیرۆتیکیانە و نزیکبوونەوەیەکی سێکسییانە. بەوە دەگەین کە لەم دەقەدا بیری عەشق و خۆشەویستی و ئیرۆتیک ئامادەیییەکی دیاری هەیە.

لە دێرە شیعرێکی تردا بە عەشق و خۆشەویستییەکی جوان و زۆر هۆگرانە بۆ (خاوەر)ی ئەوین و دڵداری

**پیرۆت: (هەر بە دەم هارپینەوە)**
**دەرفەتە ... خاوەر گیان ... دەرفەتە**
**ئەو چاوە ڕەشانەت هەڵبڕەو**
**بڕوانە .. سوتانی ناو دڵم..**
**بمدوێنە.. خاوەر گیان .. بمدوێنە**
**هۆ گیانم.. هۆ ژینم.. هۆ گوڵم (بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٤٧).**

لەم دێرانەدا عەشق و هۆگر بوون و خۆشەویستیەکی پاک و جوان و ئەویندارانە دەبینرێت. شێرکۆ بێکەس بە زمانی شیعر، شیعر دەنووسێت، زمانێک وشەکانی هەڵدەبژێرێت، زمانێک کە تایبەتە بە خۆی، نەک زمانی خێزان و خوێندن، زمانێک لە یەکەمین سەیرکردن و نیگاوە، لەنێو زمانی شاعیرانی دیکەدا، دەناسرێتەوە. بەشێکی زۆری شاعیر و ئەدیبان لەم سەردەمەدا پابەندی ڕەوشتی گشتی بوون و نەیاندەتوانی ئاماژەی سێکسی لە دەقەکانیاندا زۆر ئاشکراو زۆر زیاتر دەرببڕن کە دژی حەزی کۆی خەڵکی بێت خۆزگە و تەمەننای گەیشتن بە چەند شوێنێکی جەستەی دڵدارەکانیان و دەقە دڵدارییەکانیان، زیاتر باسی شێوە و ڕووخسار و ڕومەت و خاڵ و لێو و چاو و برۆیان دەکرد و زۆرجار نەیاندەتوانی لە وەسفی ڕووخسار زیاتر بێنە خوار و گەر زۆریش بوێر بوونایە سنووری تا ناوک و کەمەریان تێنەدەپەڕاند، ((زۆربەی ئەو شاعیرانە مەلی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان چەندە ئازاد و بەرزە فڕ بووبێت، لەباسکردن و وەسفی ئەندامە قەدەغە کراوەکانی لەشی ئافرەتدا بوێر نەبوون))(سیوەیلی، ٢٠٠١: ٨٧). ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندێتی کۆمەڵی کوردی و لەو سەردەمەدا و هاوکات باوەڕی ئایینی شاعیران و خەڵکیش ئەمەش وایکردبوو شاعیران کەمتر بوێری دەستبردنیان بۆ بابەت حەرامکراوەکان هەبێت بتوانن کراوەتر باس لە کۆی ئەندامە سێکسییەکان بکەن.

شێرکۆ بێکەس هەر لەدەقی شانۆنامەی (ئاسک) دا وێنەیەکی  تری ئەدەبی ئیرۆتیکیمان پیشان دەدات و لە شوێنێکی تردا شاعیر لە زمانی کارەکتەری (خاوەر)  دەڵێت:

**خاوەر:**
**بۆ وەها ئەڕوانی**
**ئەڵێی قەت نەتدیتووم**
**پیرۆت:**
**ئاخ خۆزگە ئێستاکە**
**ناو باخ و ڕەز بووایە**
**ئەوساکە ئەمزانی** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٦٠).**

سەیرکردن و نیگاکردنێکی سۆزدارانە و تەمەننا و خۆزگە خواستن بۆ شوێنکی تری دوور لە خەڵک و خەیاڵ کردن و بیرکردنەوە لە ماچ و تێر سەیرکردن لای کوڕە شوان بۆ خاوەری دڵداری، بەناوبردنی هەندێک لە شوێنە هەستیار و جوانەکانی جەستەی ئافرەت و باسکردن و ناوهێنانیان لە شیعردا و تامەزرۆییەکی زۆر دڵدارەکەی و هیوا و حەز و بیرکردنەوە لە بینین و خەیاڵی ئیرۆتیک و خەیالآتی گەیشتن بە یار، یەکێکە لەو بیر و بابەتە ژیاندۆستی و سەرنجڕاکێشانەی بابەتی ئیرۆتیکی لای شاعیر. ((مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا زۆرجار لە خەیالآتدا دەژی، بەشێکیش لەو خەیالانە سەبارەت بە سێکسە،" هەموو مرۆڤێک خەیاڵی سێکسی تایبەت بە خۆی هەیە و کەسێتی مرۆڤ لەو خەیاڵەدا ڕەنگدەداتەوە، تەنانەت بڕی خەیاڵە سێکسییەکان دیسانەوە ڕەنگدانەوەی کەسێتی ئەو کەسەیە لە ڕووی سێکسییەوە))(خەلیل، ٢٠١٢: ٢٣).

**خاوەر:**
**لەبەرچی؟**
**پیرۆت:**
**تێر.. تێر .. تێر**
**ئەو خاڵ وگەردنەم ئەمژی**
**خاوەر ( بەشەرم کردنەوە)**
**سووک ... سووک ... سووک بدوێ**
**نەء ... نەء ... نەء... ئەڵێی چی؟** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٦٠).**

هەر بەمشێوەیەش  عەشق و خۆشەویستی و ئیرۆتیک لە ئەدەبدا شوێنی خۆی دەکاتەوە، چونکە شتێکی زۆر سەیر نییە، گەر هەموو مرۆڤێ، بۆ ئەندامێکی دیاریکراوی جەستەی ژن، بەشێوەیەک لە شێوەکان، تەمەننا و خۆزگە بەگەیشتنی بخوازێت. خەیاڵکردن و بیر لای ماچ و بەرکەوتنی جەستەیی لە هەموو کولتووره جیاوازەکاندا هێمایە بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی و لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیە بۆ خەیاڵی ئیرۆتیکی، ناکرێت ئەم خەیاڵکردن و بیرکردنەوە لە بینین و سەیرکردنی خۆشەویستەکەی و  بیرکردنەوە لە ماچ  بۆ رەگەزی بەرامبەر نادیدە بگرین. ((ئیرۆتیک کردەیەکی ئەخلاقی تاکەکەسی نییە، بەڵکو هەڵگری کار و پەرچەکرداری کەلتووری و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەیە،کە تاکەکان تێیدا دەژین))(سلێوە،حەوێزی، ٢٠١٥: ٩). ئەم سەرنج و بایەخدانە بۆ لەش و لاری ئافرەت بینینی خاڵ و چاوبڕینە گەردن و سنگیان، لەگەڵ سۆز و عەشق و حاڵەتی ئەویندارانە بۆ بەرامبەرەکەی  لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بەشێک لە نووسەر و شاعیرانی پیاو دەبینرێت،.

(شێرکۆ بێکەس)  بە گوزارشتکردن و دەربرینی ئەم حەز و ئارەزووەی (پیرۆت)ی کوڕە شوان بۆ خاڵ و سینگ و گەردنی (خاوەر)ی یار و ئەوینی، تەمەنناکردنی بەوەی ئێستا لە شوێنێکی تری چۆڵی وەک ناو باخ و ڕەز بوونایە،  شوێنێکی چۆڵ کە تەواو دوور لە خەڵک و چاوی هەموان بونایە، ئەم دەرڕبرین و هیوا خواستنە، لەگەڵ بوونی سۆزێکی گەورە و ئەوینێکی پاک ئەو مەیل و ئارەزووە ئیرۆتیکی و سێکسییە بۆ ئەوین و یارەکەی تەواو دەردەخات.

لەگەڵ دەرڕبڕینە سۆزداری و ئەویندارییەکانی باسکردن و مەیلی بۆ بەشێکی دیکەی جەستەی یارەکەی، حاڵەتێکی ئاساییانەیە بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی و خاڵی کردنەوەی حەزە سێکسییەکان، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت بۆ نیشاندانی پەیوەندی هەستی و سۆزدارانە و مەیلی ئیرۆتیکی و سێکسی بەکار بهێنرێت،

خودی شاعیر کەوا لە دیمانەیەکدا لێی دەپرسن: یەکەم چرپەی خۆشەویستی لە ژیانی تایبەتی خۆتدا؟  شێرکۆ بێکەس لە وەڵامدا دەڵێت: ((خۆشترین و زیندووترین ساتە وەختەکانی ژیانی مرۆڤ بە لای منەوە ساتە وەختە ڕۆمانسییەکانن، ئەو کاتانەی کە جۆرێک لە توانەوە لە ئاوێتە بوونی دوو جەستە لە نێوان دوو خۆشەویستدا ڕوو دەدات، بەڵام قەتیش ئەم تینویەتییە ناشکێت و وەک غەریزەیەکی ئەزەلی هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە))(سلێوە،حەوێزی، ٢٠١٥: ١٥).

بەکورتی  بیری سۆز و عەشق و خەیاڵی ئیرۆتیکی لای (شێرکۆ بێکەس) لە دەقی شانۆیی (ئاسک)دا، ئامادەییەکی دیار و ئەویندارانە و عاشقانەی هەیە، کارەکتەر وەک حاڵەتێکی  هەم رۆحی و سۆزدارانە بیر لە یار و خۆشەویستەکەی دەکاتەوە و هەم بەشێک لە بیرە ئیرۆتیکییەکانی لە سنوری هیوا و تەمەننا کردن دەمێنێتەوە، بیری ئیرۆتیک لەم شانۆنامەیەدا لە خۆشەویستی و ئەوین و هەستێکی سۆزدارانەی جوان و مرۆڤانە سەرچاوە دەگرێت و

پاڵنەرەکەی خۆشەویستییە و بە مەبەستی گەیشتنە بە قووڵاییەکانی عەشق و پەی بردن بە دوا سنوورەکانی، بۆیە هەستێکی جوانترە و خوێنەر باش تێگەیشتنی دەبێت بۆی. (شێرکۆ بێکەس) یەکێکە لەو شاعیر و ئەدیبانەی لە هەموو بیر و ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکانەوە دەڕوانێتە ژیان و بوون و جیهان، بینین و تێڕامانەکانی ئەو بەردەوام وەک گەڕیدەیەک بەناو هەموو جوانییەکانی بوون و ژیاندا لە گەڕان و هاتوچۆکردندا بووە.

## بەشی سێیەم

### بنەما هونەرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا:

١- بیرۆکە
٢- ڕووداو
٣- کارەکتەر
٤ - گێڕانەوە
٥- دیالۆگ
٦- مۆنۆلۆگ
٧- کات
٨- شوێن
٩- چنین

## بەشی سێیەم

## بنەما هونەرییەکان لە شیعرە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

لێرەدا مەبەست لە بنەما هونەرییەکان ڕەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی دەقی شانۆییە، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا بەدەر لە سوود وەرگرتنی لە رەگەزەکانی شیعر وەک زمانی شیعری و وێنەی شیعری، وەک بەشێکیش لە شانۆ سوودی لە رەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی دەقی شانۆیی بینیووە، هەر ژانەرێک لە ژانەرەکانی ئەدەب پێکهاتە و بونیادێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەسەری دروست دەبێت، دەقی شانۆ وەک هەر دەقێکی تری ئەدەب لەسەر کۆمەڵێک ڕەگەزی هونەری دامەزراوە، بەیەکەوە بەشێوەیەکی تەواوکاری یەکتری تەواو دەکەن و دەقێکی شانۆیی دروست دەکەن. کە یەک لەدوای یەک بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەشداری لە بونیادی دەقی شانۆیدا دەکەن، کۆی ئەو ڕەگەزانەش لە گشت دەقێکی شانۆییدا ئامادەیی هەیە، بەم شێوەیەش بونیادی دەقی شیعری شانۆیی دروستدەکەن .

شانۆ و درامایش ((وەکو هەربابەتێکی ئەدەبی و هونەری لەکۆمەڵێک ڕەگەز و توخمی سەرەکی و هەمەچەشن پێکهاتووە، کەهەموویان تەواوکەری یەکترن و بۆ مەبەستێکی گەورەی مرۆیی هەموو ئەو ڕەگەزانە ئاوێتەی یەکتربوون و بەگشتیانەوە هونەرێکیان پێکهێناوە، کەپێی دەوترێت دراما))(حسەین، ٢٠١٢: ٩). ڕەگەزو بونیادی تەکنیک لە شیعری شانۆییدا ئەرکێکی گرنگی و دیاری لەناو دەقدا دەکەوێتە سەر، ئەو ئەرکەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تەواوکەری بیر و ناوەڕۆکە، بیر و ناوەڕۆکیش بەبێ تەکنیک یان ئامادەنەبوونی ئەم توخم و ڕەگەزانە ناتوانێت بەشدار بێت لە بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری شانۆییدا و پەیامێکی دیاریکراوی هەبێت. ((جەستەیەکی درامیی تەواو، کە لە چەند ڕەگەزێکی ڕێکوپێک دروست دەبێ، تاوەکو کاریگەرییەکی دیاریکراوی لەسەر بینەران هەبێت))(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٢٠).

لەکاتی نووسینی دەقێکی شیعری شانۆیی، شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕەگەز و تەکنیکەکانی شانۆوە، ناوەڕۆک لەسەر پانتایی دەقەکە دابەش دەکات و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی دەقی شیعری شانۆیی بەرهەم بهێنێت، پێویستە شاعیر شارەزایی و ئاگاییەکی تەواوی لە تەکنیکە شانۆییەکان هەبێت و توانای بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانەی هەبێت، کەواتە ((ئەو بنەمایە سەد لە سەد تەواوە کە بێ ناوەڕۆکێکی پتەو ناتوانرێ دەقێکی پتەو پێکبهێنرێت، بەڵام بنەمایەکی تری گرنگیش ئەوەیە کە لەگەڵ بوونی ناوەڕۆکی پتەودا ئەگەر نووسەر شارەزای تەکنیک نەبێت و توانای بەرهەمهێنانی تەکنیکێکی باڵای نەبێت، ئەوا دەقی شانۆییەکە بەرەو هەڵدێرو نوچدان دەبات)).(حەسەن. ٢٠٠٤: ١٠٣).

بەم شێوەیە بەشیکردنەوە و خستنەڕووی ڕەگەزەکان و پێکهاتەی تەکنیکی لە قۆناغی یەکەمی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، وردی چنیین و ئاگایی شاعیر دەردەکەوێت لە ڕوانگەی بنیاتنانی ڕووداو و خوڵقاندنی کارەکتەر و دەستنیشانکردنی کات و شوێن و داڕشتن و دابەشکردنی پانتایی دەق بەسەر دیالۆگ و مەنەلۆگدا. ئەوەی گرنگە لەم سەرەتایەدا باسیبکەین دەق و نووسینی ئەدەبی و هونەری ئەو کەسانەی خۆیان لەبواری شانۆدا کاریان کردووە، چ وەک ئەکتەر یان دەرهێنەر، بەردەوام نزیک بوون لەشانۆ و شانۆکارانەوە لە کەسێکی ئەکادیمی زیاتر نزیکن لە ڕۆحی شانۆوە، زیاترو وردتر لە پرۆسێسەکە تێدەگەن و ئاگاییانەتر کۆی ڕەگەز و تەکنیکەکانی دەقێکی شانۆیی دەبیینن، ئاسانتر دەتوانن کۆدەکان شیبکەنەوە، باشتر مامەڵە لەگەڵ شانۆ دەکەن و نووسینەکانیان تەنیا وشە ڕیزکردن یان شیکردنەوەی هزری و فەلسەفی گران نابێت.

شانۆ، هۆکارێکە لە هۆکارەکانی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، هۆکارێکە لای تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ تێگەیشتن لە ماف و ئەرکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، ئەوەی مرۆڤ هەست و درکی پێناکات شانۆ هەوڵدەدات لە بیر و هزریدا دروستی بکات، ئەو دەردە کوشندانەی لەناو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، دەخاتەڕوو، مرۆڤ پەندی لێوەردەگرێت و هۆشیاری و ئاگایی دەبێت دەربارەیان، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکار بۆ بەرەو پێشبردن و زیادکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و ئاگایی میللەت و نەتەوە.

بەدڵنیاییەوە دەق وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی بۆ هەر دیاردە و بابەتێکی ئەدەبی و هونەری خۆی لەچوارچێوەی چەند ڕەگەز و توخمێکدا دەبینێتەوە، کە بنەمان بۆ بنیاتنان و دروستکردنی پێکهاتەی هەموو دەقێکی شانۆیی و لەو چوارچێوەیەشدا ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەقی شانۆیی بریتین لە: ((بیرۆکە، ڕووداو، کارەکتەر، گێڕانەوە، دیالۆگ، مەنەلۆگ، کات، شوێن، چنین))(عەزیز، ٢٠١٦: ٦٨).

بۆ ئەمەش پێویست بەوە دەکات لێرەدا کۆی هەموو ئەو ڕەگەزە سەرەکییانە لە دەقە شیعرە شانۆییەکانی (شێرکۆ بێکەس) دا دەستنیشان بکەین و شیکردنەوە و باسیان بۆ بکەین، لەسەر ئەو بنەمایە هاتووین دەربارەی چەمک و پێناسەی هەر ڕەگەزێک دواوین و دواتر بەسەر نموونەکانی ئەو دەقە شیعرە شانۆییەدا شیکردنەوە و پراکتیزەمان کردووە.

### ١ .بیرۆکە:

بیرۆکە یان بابەت ڕەگەزێکی سەرەکی کاری شانۆیە، سەرەتا و دەستپێکی دروستبوونی هەر دەقێکی ئەدەبی و هونەری بیرۆکەیەکە لە هزر و خەیاڵی شاعیر و نوسەردا، بیرۆکە پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە، یەکەم هەنگاوی سەرەتای دامەزراندنی هەر دەقێکی شانۆییە، سەرەتای نووسینی هەر دەقێکی شانۆیی، پەیوەستە بە بوونی بیرۆکە و دەبێت بیرۆکەیەک هەبێت و ئەو بابەتەی لەسەر بنیات بنرێت، دواتر هەنگاوەکانی تر دەست پێدەکات. ((بیرۆکە، داینەمۆی هەموو ڕەگەزەکانی درامایە، هەر ئەویش کارەکتەر دەستنیشان دەکات و ڕووداوەکان دیاریدەکات، هەموو ڕەگەزەکانی تر دەخاتەگەڕ، ئەوەی هەڵگری واتای بیرۆکەکە بێت کارەکتەرە، بیرۆکە کرۆکی درامایە و خاڵی دەستپێکردنی دەقە و بزوێنەری هەموو ڕەگەزەکانی تری درامایە))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٤٩). بیرۆکە وەک سەرەتاو بنچینەی دەقێکی شانۆیی دەبێتە دەستپێکی کۆی بابەتەکە، دواتر ڕەگەزەکانی تری شانۆی بەدوادا دێت. بێگومان ئەمەش بەهۆی چنینێکی تۆکمەوە و پتە و دەکرێت، لەبەرئەوەی چنینێکی پتەو دەبێتە هۆکاری یەکەمی سەرکەوتنی دەقەکە بەگشتی و گەیاندنی بیرۆکە و بابەتەکە بەشێوەی دروست و گونجاو بە خوێنەر و بینەر.

بە هۆکاری ئەوەی بیرۆکە هەڵگری دنیابینی شاعیرە و لە گوزارشتکردنی ناوەڕۆکی دەقێکی شانۆ دەیگەیەنێت بە وەرگر، بێگومان ئاست نزمی بیرۆکە ئاست نزمی دەقەکەیە و بە پێچەوانەشەوە جوانی و گەورەیی و ئاست بەرزی بیرۆکەو بابەتی دەقی شانۆیی، ئەوا ناوەرۆکی دەقەکە گەورەو ئاست بەرزو جێی گرنگیدان دەبێت. ((بیرۆکەی مەزن دەقی مەزن بەرهەم دەهێنێ، بەڵگەی دروستیشمان تا ئێستا بەنەمری مانەوەی دەقەکانی (شکسپیر)ە لە هەموو نووسەرانی دونیا زیاتر، چونکە زۆرینەی دەقەکانی شکسپیر هەڵگری بیرۆکەی مرۆڤی باڵاو بڵندن، بۆیە دەتوانن وەک دەقی مەزن خۆیان نمایش بکەن))(حەسەن، ٢٠٠٤: ٥٢).

خاڵێکی تری لایەنی باشی بیرۆکەی ئەکتیڤ و زیندوو بریتییە لەوەی بەئاسانی پەیام و بابەت و مەبەست بگەیەنێت و بێ ئاڵۆزی گوزارشت لە بیرۆکە بکرێت و ڕوونی لە دەربڕینیدا هەبێت، بۆئەوەی باشتر بگاتە بینەر و خوێنەر (وەرگر)، چونکە شانۆ بەشێک لەڕووداوی ناو واقع خۆیەتی. شانۆ بۆ خەڵک و کۆی تاکەکانی کۆمەڵگایە، بەدڵنیاییەوە ڕاستە کە شانۆ ژیان نییە وەک خۆی، وەک ئەو واقیعەی کە هەیە. بەڵکو دارشتنەوەی ژیان و واقییعە لە وێنەیەکی جیاوازتردا، بەڵام پێویستە ڕووداوەکان هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگە خۆی بێت و لە واقعی ژیان وەرگیرابێت. ((جیاوازی نێوان واقیع و شانۆ ئەوەیە، ئەوەی لە ژیاندا ڕوودەدات ناکرێت پێچەوانە بکرێتەوە، بەڵام لە شانۆدا دەشێت لە سەرەتاوە دەست پێبکەینەوە، شانۆ وێناکردنی واقیعە))(ئەسلن، ١٩٨٧: ٢١). چونکە شاعیر یان نوسەر بیرۆکەیەک وەردەگرێت و ئەو بیرۆکەیە

دەکاتە ڕوداوی سەرەکی بابەتی دیاری دەقەکە، ئەگەر ئەو بیرۆکەیە لە واقعی ژیاندا وەربگرێت، ڕێک وەک خۆی ڕووداوەکە وەرناگرێت، بەڵکو بیرۆکەی ڕووداوەکە وەردەگرێت و تێکەڵاوی دەکات لەگەڵ بیر و بۆچوون و ئەندێشەی خۆی.

### ٢. ڕووداو:

ڕووداو یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بونیادی تەکنیک لە شیعری شانۆییدا، بێ بوونی ڕووداو شانۆ بوونی نییە، هیچ ڕووداوێکیش بێ جوڵاندنی هەست و سۆز بنیات نانرێت، ڕووداو بابەت تەواو ئاوێتەی یەکترن، ئەگەر بابەتێک ئامادە نەبێت و لە بیری شاعیرەکەدا دروست نەبێت، بە ڕووداوێک کاریگەری نەکاتە سەر شاعیر یان نوسەر و ئەو ڕووداوە هەست و بیرکردنەوەکانی نەوروژاندبێتن، ئەم ڕووداوەش خۆی نەبێتە دەروازە و سەرەداو بۆ دۆزینەوە و دروستکردنی چەندین ڕووداوی تر ئەوا شانۆیش بوونی نابێت. ئەرستۆ لە بارەی ڕووداوەوە دەڵێت: ((ڕووداو لە کەسایەتی گرنگترە، چونکە ڕووداو دەبێتە هۆکارێک بۆ بنیات نانی کەسایەتی، ئەگەر ڕووداو نەبێت کەسایەتییەکە بنیات نانرێ))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٢٣). چونکە لە دەقی شانۆیدا ڕووداو بە ڕەگەزێکی بنچینەیی و سەرەتایی دەقەکە دادەنرێت، بەبێ بوونی ڕووداو ئەوا بوونی دەقێکی شانۆیش مەحاڵە. بە ڕای ئەرستۆ ڕووداو ((کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٣٣). کە ئەم سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییە بە خاڵی گرنگ و پێویستی هەموو دەقێک دەدەنرێت.

((ڕووداو یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکان لە شیعری شانۆییدا و قورسایی چەقی بنیاتنان دەکەوێتە سەر شانی و لەوێوە گێڕانەوە و کەسایەتی لەناو پانتایی دەقدا دەست بە بزاڤی خۆیان دەکەن، بابەتیش بەهۆی خولقاندنی ڕووداو دەخرێتەڕوو. بەو مانایەی ڕووداو شێوە ئەندازەیەکە بۆ پێشکەشکردنی بابەت))(عەولا. ٢٠١١: ٣٢١). ڕووداو جوڵە بە بەر دەقە شانۆییەکاندا دەکات، بوونی ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکان لەنێو دەقدا ئەو بەردەوامییە لە خوێنەر یان بینەر دروست دەکات لەگەڵ کۆی دەقەکەدا بەردەوام بێت، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بەڕێوە بچێت و گەشەبکات، چونکە ئەوەی لەدەقی شانۆییدا لە سەرەتاوە سەرنجی خوێنەر یا بینەر ڕادەکێشن بوونی ڕووداوە، کە لە سەرەتای دەقەکەوە دەردەکەوێت، گرنگی بابەتی ڕووداوەکانیش کاریگەری دیاری دەبێت لەسەر جوانی و باشی و سەرنجڕاکێشی و دەقە شانۆییەکە.

((ڕووداو و بابەت لە یەکتری هەڵکێشراون، زۆرجار بابەتەکە لە مێشکی نووسەرەکەدا هاتووچۆ دەکات، هەتا ڕووداوێک دەخولقێنێ، ئەم ڕووداوەش دەبێتە سەرەداوێک بۆ

دۆزینەوەی چەندین ڕووداوی تر، کە لە چەکەرەکردنی ڕووداوە سەرەکیەکە لە دایک دەبن))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٢٨). ڕووداوی شانۆییەکە هەندێجار لە ژیانی ڕۆژانەمان بەرجەستە نابێت، بەڵکو بابەت و بیرکردنەوەی شاعیرو نووسەرەو لە هزرو خەیاڵی خۆیدا بەرجەستەی دەکات، یان ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی، یان ئەزموونی کەسانی ترە، بۆتە بابەتێکی ڕووداو و لە بیرکردنەوەو هزریدا گرێیەک دروستدەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرخستنی توانای هزر و ئەندێشەی نووسەرەکە، ((مرۆڤ بەڕووداوێکی گەورەوە دێتە دونیاوە، لەپێناو مانەوەمان لە ژیان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕووداوی تر دەبینەوە، کە دەبن بە یاریدەدەری ڕووداوە بنچینەییەکە))(عەزیز، ٢٠١٦: ٧٧).

چونکە مرۆڤ یان خودی خۆی بەر ئەو ڕووداوە دەکەوێت و ئەزموونی دەکات، یان خەیاڵ و ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی خۆی ڕووداوەکە دروستدەکات، لە هزریدا چەند جارێک ڕووداوەکە دەستکاری دەکات، لەگەڵ ڕووداوی سەرەکی دەقەکەدا، چەندین ڕووداوی تر وەک ڕووداوی لاوەکی بنیاد دەنێت و دواتر لەگەڵ ڕووداوی سەرەکی تێهەڵکێش و تەواوکاری دەکات، هەتا دەیگەیەنێتە ئاستی داهێنان و شێوازێکی ئەدەبیی و هونەریی پێ دەبەخشێت، بە دەربرینی شیعری شانۆیی یان شانۆنامەیەکی درامی گوزارشت لەو بابەت و ڕووداوە دەکات. هیچ ڕووداوێکیش بێ هاندەرو هەست و سۆز جووڵاندن بنیات نانرێت، دەبێت ڕووداوێک نووسەرەکەی وورووژاندبێت، ڕەنگە ناخی نووسەر کانگەی هەڵقوڵاوی ئەو بیرۆکانە بێت. ئەمەش لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەکانی شاعیر یان نووسەری دەقە شانۆییەکە کەموکورتیەکانی کۆمەڵگاکەی دەبینێت و کاریگەر دەبێت پێیان و هەستی پێدەکات،

(د.شوکریە ڕسوڵ) دەربارەی ڕووداو دەڵێت: ((بریتیە لەو زنجیرە گۆڕانانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پەیوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەی تێیدا دێن و دەچن))(ڕەسوڵ، ١٩٨٩: ١٥١). بەمانایەکی تر ڕووداو چەندین حاڵەتی گۆڕینی کارەکتەرو کەسایەتییەکانە، کە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی دیکە دەگۆڕێن و لە ناچالاک بوونەوە بەرەو جوڵەو ئەکتیڤبوون دەڕوات.  تا لە کۆتایدا بە گۆڕانی کۆتایی بە ئەنجام دەگات، کەواتە ڕووداو خاڵی بنچینەیی و سەرەکییە لە پێکهاتەی شیعری شانۆیدا و بەبێ ڕووداو شیعری شانۆیی هیچ مانایەک لەخۆ ناگرێت،

مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕووی ڕووداوی جیاواز و جۆراوجۆر دەبێتەوە، بەڵام لە دەقی شانۆییدا تەنیا سوود لەو ڕووداوانە وەردەگیرێن، کە سەرنجراکێش و کاریگەرن، هەروەها هەست و سۆز و ئەندێشەی شاعیر و نووسەری دەقەکەی پێوە دیارە. لە دروستکردن و چنینەوەی ڕووداوەکانیشدا شاعیران ئازاد بوون لە چۆنیەتی ئیشکردنی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، شاعیر سەرپشکە لەوەی بەشێک لەو ڕووداوەی کە بابەت و بیری دەقە

شانۆییەکەیەتی بکات بە بیر و ناوەڕۆکی شیعرێکی شانۆیی. ئەمەش دەبێتە هۆی دەرخستنی توانای هزر و ئەندێشەی شاعیرەکە، چونکە خۆی ڕووداوەکە بنیات دەنێت و دروست دەکات.
ڕووداو دەبێتە مایەی بنیاتنانی ئەکتەرو کەسایەتی، تەنانەت تا ئەو شوێنەیش لەتواناییدایە دەستنیشانی کەسایەتییەکانی ناو دەقی شانۆکەیش بکات، لەم چوارچێوەیەشدا هەمیشە ڕووداو وەک ڕەگەزێکی گرنگی شانۆ لای شاعیران جێگەی مەبەست و گرنگیدان بووە، ((ڕووداو خاڵی سەرەکییە لە پێکهاتەی شیعری شانۆییدا و بە بێ ئەو شیعری شانۆیی هیچ مانایەک لە خۆ ناگرێت، چونکە ڕووداو جیا لەوەی توخمێکی سەرەکییە، گشت توخمەکانی دیکەش لە سێبەری ئەودان))(عەولا. ٢٠١١:٣٢١). بەمانایەکی تر لە حاڵەتی نائامادەیی و نەبوونی ڕووداودا کۆی هەموو ڕەگەزەکانی تری شانۆ بەڕێوەناچن و هیچ ڕەگەزێکیان بوونیان نابێت، بوونی سەرجەم ڕەگەزەکانی تری شانۆ پەیوەستن بە بوونی ڕووداو.
ئەشێ بڵێین بابەت و جۆری ڕووداو لەشانۆدا، تەنانەت جۆری ئەکتەرەکان و جوڵانەوەیان لەناو دەقەکەدا دیاریدەکات، ڕووداو ((بەهێڵی بنچینەیی وێنە دەچوێنرێ، وەک چۆن ڕەنگ خۆی لەخۆیەوە جوانە، بەڵام ئەگەر نەکەوێتە چوارچێوەی ئەو هێڵە بنچینەییانەوە هیچ ماناو دەلالەتێکی نابێ، هەر بەو جۆرەش شانۆگەری تراجیدی بەبێ ڕووداو هیچ مانای نییە))(ئەرستۆ،و.گەردی، ٢٠٠٤: ١٥٣). بۆ نموونە بۆ ئەم باسە لە ناو شانۆدا ڕووداوێکی تراجیدی پاڵەوانێکی کۆمیدی و گاڵتەجار قبوڵ ناکات، یان بە پێچەوانەوە کەواتە ڕووداو لە شانۆدا یان هەر ڕووداوێک کارەکتەرەکان دروستی بکەن لەکات و شوێنی خۆیاندا، بەڕووداوی شانۆیی ناو دەبرێت و بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی جووڵەو کرداریی شانۆیدا، جونکە هەموو بەرهەمێکی شانۆیی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ، لە پرۆسەی گەیاندنی مانا و پەیام بە بینەر لەبەرئەوەی تاکە شوێنی جێبەجێکردنی کردارەکانە،

(شێرکۆ بێکەس) لە دەقی شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر)دا، وەک دەقێکی شیعری شانۆیی، ڕەگەزی ڕووداوی ناو شانۆنامەکەی لە ڕوداوێکی گەورەی مێژووییەوە وەرگرتووەو لە ناو بۆتەی بەرهەمێکی هونەری و شیعریدا داڕشتۆتەوەو قورسایی و چەقی دەقەکەی لەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییە بنیاتناوە، بەم شێوەیە لە تابلۆی یەکەمدا کاتێک سێ کاسەسەر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (زێمری)دا دەبن لە وەڵامی زێمریدا کاسەسەری یەکەم و دووهەم بە یەک دەنگ وەڵامی دەدەنەوە:

**کوڕی کاوەین**

**حەوت برا بووین**

**پێکەوە زنجیر کرابووین**
**شەشمان بۆ مار بووین بە خۆراک**
**تا چاک بێتەوە ئەژدەهاک**
**بەڵام بێسود، مار تا ئەهات**
**نەوسن و برسی تر ئەبوو**
**بۆ مێشکی تر هارتر ئەبوو**
**ئێستاش ئێمە:**
**تەنها یەک برامان ماوە**
**زاماوا: کاوەی باوکیشتان هەر ماوە؟**
**زێمری: ڕاستە جارێ ئەویش ماوە** **(بێکەس،٢٠٠٩: ١٧)**

شێرکۆ بێکەس لێرەدا ئاماژەی بە داستانێکی ئەفسانەیی داوە لە دەستپێکی نووسینی شانۆنامە شیعرییەکەی، کە بریتییە لە داستانی کاوەی ئاسنگەر و خوێنمژی و ستەمکاری ئەژدەهاک، کە پێکهێنەری ڕووداوی سەرەکی ئەم دەقەیە.  ئەم ڕووداوە ڕاستەوخۆ لە داستانێکی ئەفسانەیی وەگیراوە و لە چوارچێوەی دەقێکی شیعری شانۆییدا ڕێکخراوە، کە تیایدا شاعیر هەوڵیداوە جۆرێک لە پەیوەندی بەستنەوە و بە ڕووداوەکانی ئەو ساتەی کە کۆمەڵگا و میللەتی ئێمەی تیادا ژیاوە دروستبکات. لەم دەقە شانۆییەدا ڕووداو لە ڕووداوێکی ئەفسانەیی وەرگیراوە، کە تیایدا  داستانەکە ئەفسانەییەکە باس لە ململانێ میللەت و پاشایەکی زۆردار دەکات. شاعیر زۆر ورد و بە ئاگایانە و بە مەبەست ئەم ڕووداوە ئەفسانەییە داستانئامێزە دەکاتە ڕووداوی گەورە و سەرەکی دەقە شانۆنامە شیعرییەکەی، سەبارەت بە ڕووداوی سەرەکی ئەوەیە ((بەسەرهاتێکمان بۆ بگێرێتەوە، یان کاتی تێدا بەسەر بەرین یاخود تەنها هەست و سۆزمان بجوڵێنێ، بەڵکو ئامانج لەوەدایە، کە ناچارمان بکات بەووردی بیربکەینەوەو لە واتا پەنهانییەکانی ڕووداو بەسەرهات تێبگەین))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٥: ٨٠).

شاعیر هۆشیارانە و بە ئاگاییەوە ئەم ڕووداوە بەکاردەهێنێ، کە لە ڕۆژگاری نووسینی ئەم دەقەدا میللەت و کۆمەڵگاکەی لە ململانێدا بووە لەگەڵ ڕژێمێکی ستەمکار و داگیرکەر و زۆرداری نموونە و چەشنی وەک ئەژدەهاک، بە شێوەیەکی هێما و پەنهانی پەیوەندییەک لەگەڵ بارودۆخی ڕابردووی کۆن و ساتی نووسینی دەقەکەدا دروست دەکات. دەقە شیعرییەکەی شێرکۆ بێکەس لەم داڕشتنەدا زۆر ورد ڕووداومان بۆ باسدەکات، لە تابلۆی یەکەم پێشکەش کردنێکی سەرنجڕاکێشی سەرتاپای داستانەکەیە کە هەر لە دەستپێکی ڕووداوەوە بۆ ناشتنی قوربانییەکان و چۆنییەتی دەستپێکردنی شۆڕش و بەگژدا چوونەوەی ستەم وزۆرداری و

سەرکەوتن، شاعیر داستان و مێژووی تێکەڵ بە دەقە شیعرییەکە کردووە کۆی بونیادی ڕووداوەکانی تری شانۆنامەکەی ئاوێتەی دەقەکە کردووە.

(شێرکۆ بێکەس) لەدەقی شانۆنامەی (ئاسک) دا لە ناو ڕەوتی ڕۆشتنی ڕووداوەکانی شانۆییەکەدا، لەگەڵ ڕووداوی سەرەکی خۆشەویستی و ئەوینی (پیرۆت و خاوەر)دا، ڕوداوێکی بەهێزتر دەخوڵقێنێ، بە ئەندازەی ڕوداوی سەرەکی گەورە و گرنگە.

**تا دوێنێ وا ئەڕۆی ... ئاسایی ژیانی دێی خەزان**
**وا ئەمڕۆش هەواڵی وەک بوومەلەرزەیەک**
**ئەم گوندەی لەبەر یەک هەڵتەکان**
**هەواڵی ... دەروونی خەڵکی دێی**
**لە بنج و بێخەوە ... ڕاچەنان ..**
**مام وسوو بە شپرزەییەکی زۆرەوە**
**خوا هاوار... خێر بێ خێر ... چی بووە**
**پیرۆت:  (بە نائومێدییەوە)  چی نەبێ**
**وسوو:   بۆ ... بۆ؟**
**پیرۆت: فریا کەون .... فریای ئاسکە موبارەک**
**فریای کەون ... فریا...**
**هەمویان بە یەک دەنگ:**
**بۆچی ... بۆ؟**
**پیرۆت: وا لەسەر ترۆپکی ڕەوەزدا**
**عاسییەو .. گیر ... گیری خواردووە**
**ئەی گوێتان لە باڕەو ناڵینی ئەو نییە؟؟**     **(بێکەس. ٢٠٠٩: ٢٦٨).**

هەر وەک (تایرۆف) دەڵێت: ((هونەری شانۆ هونەری ڕووداوەکانە، شانۆی زیندووش ئەو شانۆیەیە، کە ڕووداوی بەهێز بخاتە سەر تەختەی شانۆ، دروستکەری ئەم ڕووداوانە و نیشاندەریان دەرهێنەرە، تەنها ئەوە کە بە هۆی کەسێتی خۆیەوە پاشەڕۆژی شانۆ دەنەخشێنێ))(ڕەئوف، ٢٠٢١: ٥٩). گیرخواردن و عاسی بوونی (ئاسکەموبارەک) کە بوونی نیشانەی خێر و بەرەکەت و باشییە بۆ گوند، کاتێک ڕووداوێکی وا لەم شێوەیە ڕوودەدات

تەواو کاریگەری لەسەر هەموو دانیشتوانی گوندەکە دروستدەکات  و خەم و شڵەژان بەرۆکی هەموو خەڵکی گوند دەگرێت بە تایبەتی (پیرۆت)ی شوانی کوێخا.

ئامادەیی و بایەخ و گرنگی ڕووداو لەدەقی شانۆییدا بە شێوەیەکە، لێدوان و باسی زۆری لەبارەوە دەکرێت، لەبەر ئەوەی کۆی هەموو ڕەگەزەکانی تر بەخۆیەوە دەبەستێتەوە، چونکە ڕەگەزەکانی تری شانۆ ناتوانن بەبێ بوونی ڕووداو دەقەکە بەرێوەبەرن، دروست وەک ئەوەی ((کارەکتەر بوونی نییە، بەبێ بوونی ڕووداو، چونکە ڕووداوەکان دەستنیشانی کەسایەتییەکان دەکەن و بەبەردەوامی کارەکتەرەکان دەخاتە جووڵە))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١١).

ڕەگەزی ڕووداو بەشێوەیەک بۆ هەر دەقێکی شانۆیی گرنگە، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە تواناییدا هەیە گوزارشت و کاریگەری لە دەروونی کارەکتەر بکات، چونکە ڕووداوەکان دەستنیشانی کارەکتەرەکان دەکەن و دەیانخەنە جووڵە و ڕووداوەکان بە چێژتر دەکات، لەبەرئەوەی ((ڕووداو کۆمەڵێک واقیعی ڕێکوپێکە، یان پەرشوبڵاوە لە چوارچێوەکاندا، ئەم واقیعانەش لە کاتی بەدوای یەکدا هاتنیاندا، یان پەرشوبڵاویاندا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن))(سەعید، ٢٠٠٦: ١٤).

بەبۆچوونی ئێمە بە کورتی دەربارەی ڕەگەزی رووداو لەم دەقە شانۆییانەی (شێرکۆ بێکەس)دا، هەوڵدان و بیرکردنەوەی شاعیرە،  لە هۆشیارکردنەوە و بە ئاگاهێنانەوەی میللەت و کارکردن بۆ ئاگاهێنانەوەیان لە مافەکانییان، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕدانەوە لە مێژووی داستان و بیروباوەڕی دێرینی میللەتی کورد، یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی شاعیرانی نوێخوازی ئەو سەردەمە. ئەمەش بۆ ئەوەی تا کورد شانازی بە باب و باپیرانی خۆیەوە بکات و مێژووی خۆی لە یاد نەکات و بیروباوەڕی نەتەوەیشی بەهێزتر بکات، بۆیە بابەت و مێژووی کۆنی کورد ڕابردووی دێرینی کرانە هەوێنی چەندین بابەتی شیعری شانۆیی،  لەم چوارچێوەیەشدا شیرکۆ بێکەس وەک شاعیرانی ئەو ڕۆژگارە، بیروباوەڕ و پەیامی خۆی لە رێگەی دەقی شیعریی شانۆییەوە دەربڕیوە، چونکە هونەری شانۆ لەهەر قۆناغێکی ژیاندا بوویێت، توانیویەتی ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەبێت لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا و بەهۆکارێکی گرنگ بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و بەرگریکردن لەمافە ڕەواکانی هەمووتاکەکانی کۆمەڵگە سەیرکراوە. لەڕاستیدا شانۆ بابەتێک و هونەرێکی زیندووە، لەناو زۆربەی گەلانی جیهاندا بەرچاودەکەوێت و بوونی هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە لەلای هەرنەتەوە و گەلێک بەشێوەیەکی جیاواز و بەپێی ئەو بارودۆخ و ژینگە و ئەو ژیانەی کە بۆ ئەو نەتەوە و گەلە ڕەخساوە نەشونمای کردووە و گەشەی سەندووە و بەرەو پێشچووە.

## ٣- کارەکتەر:

کاراکتەر یەکێکە لە ڕەگەزەکانی بونیاتی دەقی شانۆیی، بوون و ئامادەیی پێویستییەکی گرنگی شانۆیە و بە بێ بوونی کارەکتەر دەقی شانۆیی مەحاڵە دروست ببێت. هەر دەستپێک و هەنگاوێک لەناو دەقی شانۆییدا بە هەنگاو و جوڵەکانی کارەکتەر دەست پێدەکات و هەڵسوڕێنەر و جێبەجێکاری سەرجەم ڕەگەزەکانی تری شانۆ و هەموو کارێکی شانۆییە، شاعیر لە ناو دەقەکەدا گفتوگۆ لەنێوان کارەکتەرەکان دروستدەکات و لەڕێگەیانەوە هەڵوێست و پەیامی خۆی بەرامبەر ڕووداوێک بە کۆی دەقەکەدا پەخش دەکات و دەیگەیەنێتە وەرگر. (کامەران سوبحان) بەم جۆرە پێناسەی کارەکتەر دەکات ((یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو دەقی شانۆگەرییەکە کەمولکی نووسەرە و نووسەر دروستی کردوە و ئەکتەر هەڵدەستێت بە بەرجەستەکردن و زیندووکردنەوەی لەسەر تەختی شانۆ))(سوبحان،٢٠٠٤: ٢٥).

ئەو کارەکتەرەی شاعیر لە هزر و بیری خۆیدا دروستی کردووە، دەیکاتە خاوەن هەمان ئەو هەڵوێستانەی کە خۆی دەیەوێت. لە شیعری شانۆییدا کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە و لەگەڵ ڕەگەزی ڕووداودا داینەمۆ و کرۆکی دەقی شیعری شانۆیی پێکدەهێنێت، چونکە بەهۆی کارەکتەرەکانی ناو شانۆییەکەوە گوزارشت لە هەڵوێستەکانی دەکات، بیروباوەڕ و پەیام و بیروبۆچوونەکان بە خوێنەر و بینەر دەگەیەنرێت.

کارەکتەر بەهۆی نواندنەکەیەوە ڕووداوەکان دەخاتەڕوو گوزارشت لە پەیام و هەڵوێستەکان دەکات و دیمەنەکان دەگەیەنێت، دەقی شانۆی جوان و باش ئەو دەقەیە، کە هەموو هۆیەکانی قایلبوونی لە ناخیدا هەڵگرتبێت، کارەکتەر لە شانۆدا بە ئاگاترین کەس دانراوە، چونکە ئەرکەکەی قورسە و دروستکەر و هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکەیە.

((نوسەری شانۆیش دەسەڵاتێکی بێ سنوری سەبارەت بە ئاشکراکردن و بەدیارخستنی سیفاتە وورد و گەورەکانی ئەکتەر هەبێت و زۆر بە وردی شۆڕببێتەوە ناو تێکڕای بابەتە پێکێنەرەکانی تەواوی ئیشارەتە وێنەیی و فیکری و دەروونییەکانی دیار بخات))(سەعید، ٢٠٠٣: ٢٨). لەبەر ئەوەی شاعیر ناچارە بوار بۆ هەڵسوکەوت و جووڵەی کارەکتەرەکان دروست بکات و ئەوە حاڵەتێکە لەوەی مانایەک بە لەدایکبوون و دروستبوونی دەقێکی شانۆیی باش دەدات،

بە بۆچونی (سەلام فەرج کەریم) ((کەسی درامی یەکێکە لەوانەی ڕووداوەکانی شانۆییەک دەبەن بەڕێوە، ئەو کەسە چ لە بەرهەمێکی ئەدەبی نووسراودا بێت یان لە بەرهەمێکی هونەرییدا بێت لەسەر تەختەی شانۆ و لە وێنەی ئەکتەردا دەربکەوێت، یان دەشێ کەسێکی واتایش بێت و کار بکاتە سەر ڕووداوەکان و بەڕێوەیان بەرێت))(کەریم، ١٩٨٩: ٧٧). بۆیە کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگ و تایبەتی لە پانتایی دەقەکەدا دەگێڕێت و هەڵسوڕێنەری هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکەیە، چونکە ڕووداو بەبێ بوونی ئەکتەر بۆ جوڵە و ئاراستەکردنی، مەحاڵە بتوانێت بە تەنیا دەق

بەڕێوەبەرێت. کارەکتەر بزوێنەر و داینەمۆی ڕووداوە و ئاڕاستەی جوڵاندنی ڕووداو و بابەتەکانی ناو دەقە شانۆییەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

هەر بۆیە کارەکتەر، ((یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە بنەڕەتییەکانی دراما، نووسەر باسی ژیان و بەسەرهاتی کارەکتەرەکان دەکات، لە هەموو ڕوانگەیەکەوە، هەتا دەگاتە چارەنووس، هەر هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی دراما، بێ بوونی کارەکتەر هەنگاو ناهاوێژێ. بەم پێیە لە دایکبوونی دراما، لە ئەستۆی کارەکتەرەکاندایە))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٣٥).

بوونی کارەکتەر لە کاری شانۆییدا گرنگە. چونکە کارەکتەری سەرەکی ڕەگەزێکی زۆر گرنگە لە دەقێکی شانۆییدا، دەبێت شاعیر و نووسەری دەقی شانۆیی بتوانێت ئەو کارەکتەرە بخاتە سەنتەر و چەقی ڕووداوەکانەوە و کاریگەریشی بەسەر بارودۆخ و بەسەر ڕووداوەکان و بەسەر ئەکتەرەکانی تریشەوە هەبێت.

شێرکۆ بێکەس لە دەقی شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر) دا، لەپاڵ کارەکتەری کاوەی ئاسنگەر وەک پاڵەوانی دەقی شانۆنامە شیعرییەکە، چەندان کارەکتەری تر لەناو دەقەکەدا لە نموونەی (ئەژدەهاک، گۆتۆ، لۆلۆ، گۆردۆ، سارا، زاماوە، زێمری، کاردا، کاردیا، مادیا، کارون) بوونیان هەیە، لە تابلۆی یەکەمدا لەگەڵ بوونی ئەم کارەکتەرانەدا، سێ کاسەسەر وەک ئەکتەر دەردەکەون و لەگەڵ (زێمری) و (زاماوا)ی گۆڕهەڵکەن دەکەونە گفتوگۆ.

**کاسەسەری یەکەم:**

**ئێستاش ئێمە تەنها یەک برامان ماوە**

**زاماوا:**

**کاوەی باوکیشتان هەر ماوە؟**

**زێمری:**

**ڕاستە جارێ ئەویش ماوە (بێکەس،٢٠٠٩: ١٧).**

هەندێکجار شاعیری باش کارەکتەری سەرەکی لە بارودۆخێکی پەراوێزکراوەوە، لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دروست دەکات و هێواش هێواش بە پێی تیپەڕبوونی کات و ڕووداوەکانی شانۆییەکە دەست بەسەر کۆی ڕووداوەکانی شانۆییەکەدا دەگرێت. (شێرکۆ بێکەس) لەم شانۆییەدا و کاسەسەری کەسی مردووی ناو گۆڕ دەهێنێتەوە ناو پانتایی شانۆنامەکەی و دەیکات بە ئەکتەری ناو دەقەکەی و لەگەڵ کارەکتەرەکانی تری ناو شانۆییەکەدا ئامادەییان دەبێت و دایالۆگ دەکەن.

به بۆچوونی پەروین عەبدوڵلا کارەکتەری سەرەکی (( لە شیعری شانۆییدا رۆڵێکی گرنگی هەیە، کۆی ئەو بارە گرانەی لەناو شیعردا خۆی حەشار دەدا لە ئەستۆی کارەکتەرەکاندایە، هەندێ کاراکتەر هەن هێمان بۆ ڕووداوێک، خۆیان توانای شیکردنەوەی خۆیان هەیە، وەک (شێخ مەحموود، قازی محەمەد))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٢٤١). هەر لە بارەی گرنگی ئەم ڕەگەزەوە و دەربارەی کارەکتەر (برنادشۆ) دەڵێت: ((کەبمەوێ درامایەک بنووسم هەر ئەوەندەم دەوێ بینای پاڵەوانەکان بکەم، ئیتر وازیان لێ دەهێنم خۆیان ڕێگە دەگرنەبەر و بەرەو کۆتایی دراماکە ڕەوت دەکەن))(هەورامی، ٢٠٠١: ٢٤)، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین کارەکتەرەکانی ناو دەقی شانۆیی کەسانی راستەقینەی ژیانن لە دەقی شانۆدا لەسەر تەختی شانۆدا وەک ئەکتەر دەیانبینین و بەریان دەکەوین، یاخود کاری کارەکتەرەکان، لەنێو دنیایەکی ئەندێشەئامێزەوە دەست پێدەکات، لەسەر شانۆ لەکاتی لەگەڵ گفتوگۆی دەرهێنەر و لەکاتی نمایشەکاندا، لەگەڵ جووڵەی جەستە و ژینگەی شانۆکەدا، فۆرم و ڕەنگی تایبەتی خۆی وەردەگرێت، هەروەها کەسی درامی بە بیر و بۆچوونی جیاواز، کارەکتەرەکان هەنگاو بەهەنگاو دەردەکەون.

لای (شێرکۆ) هەڵبژاردنی کارەکتەر لە دەقە شیعرییەکانیدا بۆ ڕابوردووی شکۆمەندی و کارکردن لەسەر ئەفسانە و داستانەکان دەگەڕێتەوە، (شێرکۆ بێکەس) کاتێک پەنا بۆ کارەکتەرێکی ئەفسانەیی و شۆڕشگێری وەک (کاوەی ئاسنگەر) دەبات و دەقێکی شیعری شانۆیی بە بەهانە و بە مەبەست بە ناوییەوە دەنوسێت، کارێک و شتێکی هەر لە خۆوە نییە لای شاعیر، وەرگرتنی هەر کارەکتەرێک بە مەبەستە و بێگومان مەبەستی خۆشی دەپێکێ، زۆرجاریش بۆ دەوڵەمەندکردن و جوانترکردنی دەقەکەی پەنا بۆ کارەکتەرێکی ناودار دەبات، کە لێرەدا (کاوەی ئاسنگەرە) و دەقە شانۆییەکەشی کراوە بە ناوییەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێن دروست هەر وەک کارەکتەر پاڵەوانێکی مێژوویی وەک (کاوەی ئاسنگەر) خۆی ماناو شیکردنەوە و قورسایی گەورە دەدات بە دەقە شیعرییەکەی و ئازایەتی و لە خۆبوردوویی و شۆڕشگێڕی کاوە بۆتە پاڵنەرێکی بەهێز و گەورە بۆ نووسین و بەهرەی شیعری لای شاعیر. (شێرکۆ بێکەس) زۆر بە ئاگاییانەو لێزانانە ئەم کەسایەتییە دەکات بە پاڵەوان و کارەکتەری دەقە شیعرییە شانۆییەکەی، تا زیاتر دەقەکە کاریگەری دروستبکات و لە رێی کارەکتەر و پاڵەوانێکی وەک کاوەی ئاسنگەرەوە زیاتر دەقەکە بچێتە ناو خەڵک و کۆمەڵگاوەو باشتر و زیاتر کاریگەی خۆی دروستبکات و کاریگەرانەتر شوێنی خۆی لە ناوەندی ئەدەبی و هونەریدا بگرێت.

شاعیر لە دەقی (ئاسک) دا هەر لە سەرەتاوە و لە ڕێگەی حیکایەتخوانەوە کارەکتەرێکی ترمان پێدەناسێنێ کە ئەویش (ئاسکە موبارەکە)ە.

**من پێش بینیتان ناکەوم**
**(ئاسک) چییەو چۆنەو بۆچی؟**
**ئەتانەوێ و ناتانەوێ؟**
**ڕقتان لێ بێ وخۆشتان بوێ**
**من نادوێم و شانۆکەمان:**
**با خۆی بدوێ**
**میوانە خۆشەویستەکان من ئەڕۆم**
**لەگەڵ ((ئاسک)) جێتان دێڵم**
**دیسانەوە...**
**شەوتان ڕووناک**
**دڵتان ڕووناک** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢١٨)**

لە دەقی شیعری شانۆیی (ئاسک) دا، لە پاڵ بوونی کارەکتەر و کەسایەتی (پیرۆت)ی شوانی گوند وەک پاڵەوانی ناو دەقە شانۆییەکە، کەسایەتییەکی تر ئامادەیی هەیە ئەویش (ئاسکە موبارەکە)، هەر لە سەرەتای شانۆنامە شیعرییەکەدا دەرهێنەری شانۆییەکە دێتە پێشدەمی شانۆییەکە و ڕوو دەکاتە بینەران و دەستپێکی شانۆ بە ناوهێنانی ناوی شانۆییەکە و بە کەسایەتی (ئاسک) دەستپێدەکات. ((لەڕووی گیانداریی و بێ گیانییەوە، دوو جۆر کەسایەتیمان هەیە: ئەوانیش کەسایەتی گیاندار، ئەو کەسایەتییانەن کە لە زانستدا بە زیندەوەر دەناسرێن، وەک (مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک، باڵندە، کەسایەتی بێ گیان وەک شاخ، بەرد))(ئازاد، ٢٠١٦: ٨٥).

شاعیر لەم دەقەدا سەرنجمان بۆ خاڵێکی زۆر گرنگ لە باسکردن و ناوهێنانی کەسایەتیی و کارەکتەردا بۆ ڕادەکێشێ، ئەویش هەم کردنی (پیرۆت)ی شوانی گوندە بە پاڵەوان، دواتر دروستکردنی کەسایەتی ئاژەڵە (ئاسکە موبارەک)ی هاوسەنگ و هاوتەریب لەگەڵ (پیرۆت)ی مرۆڤدا، ئاسکی ئازیزی گوند و سەرچاوەی خێروخۆشی باشییەکانی گوندەکەیە. (شێرکۆ بێکەس) لە جیاتی بۆ هەڵبژاردنی کارەکتەر و پاڵەوان لەم دەقە شیعرییەدا بگەڕێتەوە بۆ مێژوو، داستانەکان و سەرکردە و کارەکتەری ناوداری ناو ئەفسانە و مێژوو، وەک ئەوەی لە دەقی شانۆیی کاوەی ئاسنگەردا ئەنجامی ئەدا. بەڵام شاعیر لەم دەقەدا بە پێچەوانەوە لەگەڵ خەم و

ئازارەکانی کوڕە شوانێک، لە خەمی عەشقێکی گڕگرتووی خۆیدا بۆ خاوەری کچی کوێخای گوندو خەمی نان پەیداکردن و حەسرەتەکانی پیرۆتی شوانی گوندەکەدا دەژی و دەیکاتە پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی دەقە شیعرییە شانۆییەکەی.

**کۆرس:**

**ڕۆژ ئەڕۆی.. شەو ئەڕۆی**

**(پیرۆت)ی هەڵقرچاو لە کونی شمشاڵدا**

**ئاوازی عەشقێکی لە زامدا باڵگرتووی،**

**بۆ (خاوەر) لێ ئەدا.**

**تاک لەناو کۆرسەوە:**

**(ئاسکی پیرۆز)یش ئەیزانی**

**ئەو عەشقەی کوڕە شوان هەتابێ**

**لە ڕەزی ناو دڵی خاوەردا**

**هێشوی گڕ بە پەلکی خوێنەوە جێ دێڵێ.** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٣٤).**

ناوهێنان و باسکردنی کارەکتەری سەرەکی لەم چەند دێڕەدا وەک (پیرۆت، خاوەر، ئاسکە موبارەک) بە واتای بوون ئامادەیی چەندین کارەکتەر کە یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان لە دەقی شیعری شانۆیدا.

## ٤- گێڕانەوە:

گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و کلاسیک و هاوچەرخیشدا دەبینریت. بە تایبەت ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بووە بە سەرچاوەیەکی باش و بەهێز بۆ داڕشتن و بنیادنانی دەقی نووسراوی ئەدەبی و پاشخانێکی بەهێزی دەستی شاعیران و نووسەرانی کورد بووە لە داهێنان و بەرهەمێنانی دەقی نوێدا، بێگومان بەردەوام زمانیش ئەو هۆکارەیە، کە بۆ گێڕانەوەی دەقی ئەدەبی گرنگی پێ دەدرێت. چونکە گێڕانەوە هەر وەک لە ناوەکەی خۆیەوە هاتووە، یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی هونەرەکانی گێڕانەوە وەک ( هەقایەت، داستان، چیرۆک، پەخشانە شیعر، ڕۆمان، دراما، شیعری شانۆیی). ((شیعر هەتا هەنووکەش لە هونەری گێڕانەوە یان چیرۆک هەڵدەگۆزێت و لێیەوە سروش وەردەگرێت و بەرهەمی خۆی پێ چڕوپڕ دەکات و پێشدەخات))(عەبدوڵلا، ٢٠٢٢: ١٤٠).
لەبارەی پەیوەندی دەقی شانۆ بە گێڕانەوەوە ((دەقی شانۆیی لە خودی خۆیدا پیشاندانی چیرۆک و حیکایەتێکە، کاتێکیش شانۆ سەرهەڵدەدات لە سەرەتادا هەموو ڕووداو و بابەتەکانی لەلایەن حیکایەتخوانەوە پێشکەش دەکران و بۆ بینەر دەگێڕدرانەوە))(حوسێن، ٢٠٢٠: ٣٩٥).
شیعری شانۆیی و پەخشانە شیعر پشت بە تەکنیکی گێڕانەوە دەبەستێت و پەیام و دەربڕینەکانی خۆی لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەگەیەنێت. تەکنیکیش لە سادەترین پێناسەیدا ((بریتییە لە چۆن نووسین، واتە چۆن پرۆسەی گێڕانەوە دەنووسین، نەک چی دەنووسین))(مەنتک، ٢٠١٨: ١٤٤).

هەر بۆیە گێڕانەوەیش وەک یەکێک لە تەکنیکەکانی ناو دەقی شیعری شانۆیی ڕۆڵ و گرنگی خۆی گێڕاوە لە پاڵ ڕەگەزەکانی تری شانۆدا. هەر دەربارەی گرنگی و بایەخی هونەری گێڕانەوە ((ئەوەی مرۆڤی دروستکرد گێڕانەوە بوو، مێژووی مرۆڤ لەو ساتەوە دەست پێدەکات، کەتوانی بەسەرهاتێک بگێڕێتەوە))(محەمەد،٢٠٢٠: ٢٥). زۆرکات بە شێوەیەک لە شێوەکان شاعیر یان نووسەر دێت چیرۆکێک یان بەسەرهاتێک دەکات بە بنچینەی داڕشتن و نووسینی دەقە شانۆییەکەی، بە مەبەستی ئەوەی بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەشداری لە دەقەکەدا بکات، ڕۆڵی گێرەرەوەیەک دەبینێت، بەهۆی هونەری گێڕانەوەوە بابەت و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە ڕێگەی دقێکی شانۆییەوە دەگەیەنێتە وەرگر.
هونەری گێڕانەوە لە دەقی شانۆدا لەڕێگای گێڕانەوەوە لە هەوڵی ئەوەدابووە لە بەرجەستەکردن و پیشاندانی دیمەنی توندوتیژ خۆیان بەدووربگرن، لە هەمان کاتدا گێڕانەوە بۆتە خاڵی گەورەی گۆڕانکاریی، دابڕانێکی کاتی لە ڕەوتی پێوەدانگە شانۆییەکاندا دروست کردووە.

لەم چوارچێوەیەشدا دەربارەی ئەم ڕەگەزە ((گێڕانەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵێ پەیڤی بەدوای یەکدا هاتوو و بەڵگەدار ڕوودەدات، کەلە زماندا وەکو ڕستەی ئامانجدار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی گێڕانەوە فۆڕمەڵە دەبن، پەیوەندی نێوان ڕستەکان لە گێڕانەوەدا، پەیوەندییەکی تەواوکارییە، بە کۆکردنەوەی هەموو پەیوەندییەکان کۆی کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدرێت))(مەنتک،٢٠١٩: ١٩).

گێڕانەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە هەندێ جار گرنگی بەو هۆکارە نادات، کە گێڕانەوەکەی هەڵگرتووە، وەکو (شانۆ، ڕۆمان، فیلم، چیرۆک.....). گێڕانەوە لە دەقی ئەدەبیدا بە پێی سروشتی بابەت و ڕەگەزە ئەدەبییەکە سنوری خۆی هەیە ناتوانێت ئەو سنورە تێپەڕێنێت. کەواتە پرۆسێسەکە لەناو هەموو کارێکی گێڕانەوەییدا هەیە. ئەم ئاڕاستەیە گرنگی بە دەربڕراوەکانی ناو ڕووداوی گێڕانەوە نادات، بەڵکو گرنگی بەهەموو ئەو ڕەگەزە بەرهەمهاتووانە دەدات، وەکو پێگە گێڕانەوە بەشێکی تەواوکەری ژیانە. ئەو بەشەیە کە پێویستە تێیدا بە وردەکاریی ڕۆژانەدا بچینەوە ژیان کە بریتیە لە هێما و نهێنی، تێکەڵەیەکە لە سەیروسەمەرە، پڕە لە مرۆڤ، لەشوێن، لەڕووداو، لە توندوتیژیی و لە جوانییش. لە خۆشی و ناخۆشی، لە هەموو چرکە ساتێکدا پێویستە باسیان بکرێت. ئیتر ئەو کەسەی ڕۆمان یان چیرۆک دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەیە کە کۆمەڵێک کۆد لە دەوروبەری بێت و ئەو بە گێڕانەوە یەک بە یەکی کۆد و جفرەکانی بکاتەوە.

بێگومان ئەم گێڕانەوانە خودی تراجیدیاکانیان پێکهێناوە، هەر بەهۆی ئەم گێڕانەوانەوە شانۆیش دروست بووە و بنەما کۆمەڵایەتی و پایەکانی کۆمەڵگە و ڕێساکانی شانۆیان دروست کردووە.

بەڵام بابەتی گێڕانەوە لە شانۆدا بابەتێکی ترە و فۆڕمێکی تری لەخۆگرتووە، توخمەکانی گێڕانەوە لە چەندین داب و نەریتی شانۆییەوە سەرچاوە وەردەگرن، ((گەڕانەوە بۆ گەمە شانۆییە پڕ لە ڕاز و نهێنییەکانی چاخەکانی ناوەڕاست، بەسەرهاتە مێژووییەکانی ناو کڵێساکان، دواتر لە گۆڕەپانەکانی شاردا، بەشێوەیەکی کراوەو ڕووبەڕوو پێشکەشکراون لەم فۆڕمەدا گێڕانەوە ڕاستەوخۆ بەشێکی گرنگ بووە بە پەیوەندییەکانی بینەرانەوە، دواتر لای شکسپیر دەق و نمایشە شانۆییەکانی لە ڕوانگەی چەندین فۆڕمی گێڕانەوە بەکاردەهێنێت، تەکنیکی گێڕانەوەیش بە ڕووداوەکان و ڕۆنانی درامی و خودی کارەکتەرەکانییەوە دەبەستێتەوە))(ڕەئوف، ٢٠٢١: ٥٣).

**زاماوا:**

**پەبوو ئەڵێ... ئەم وڵاتە**

**لە ژێر باڵما... کش و ماتە**

ئەژدەهاک... ئاوازی منە
مێشک بۆ ماری سەر شانی
هیواو خۆزگە و نیازی منە
شوێنم " ماشۆی " لای مردنە
ئەم وڵاتە... تاپۆی منە
تاپۆی منە... تاپۆی منە!.. (بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٣).

وەک گێڕانەوەیەکی ڕووداو لای شێرکۆ بێکەس لە دەقی شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر)دا و لە پەردەی یەکەمدا، شاعیر لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە و لەزمانی باڵندەیەکی وەک (کونەپەپوو) کە نیشانە و ئاماژەیە بۆ شومێتی و نەهامەتی و هاتنی وەیشومە و کارەسات، ڕووداو و ئەفسانەی ستەم وزۆرداری ئەژدەهاک و مێشک پژان و خوێن ڕشتنی گەنج و خەڵکانی وڵاتمان بۆ دەگێڕێتەوە، باسی ناخۆشی و کش و ماتی و بێدەنگی وڵاتمان بۆ دەکات. لە کاتی نائومێدی و ناشتنی قوربانییەکانی ئەژدەهاکدا، بۆ نموونە ئەم گێڕانەوەیەی (زاماوا) دەیگێڕێتەوە، باسکردن و گێڕانەوەیەکی دەروونی قوڵ و وردکارە بۆ بارودۆخی ناخۆش بوونی نەهامەتی و ڕۆژگاری تاریکی پڕ ئازاری وڵاتی ئێمە.

هەبوو ....نەبوو لەودەمەدا
گوندێ هەبوو
پێییان دەوت: گوندی((خەزان))
لەبناری چیایەکدا .. ڕاکشابوو
سەری لەناو نزارێکداو
قاچەکانی لەناوشەپۆلی تورەبووی
چەمێکدابوو
پایزێ هات سەرمای چیا
داروباری ڕووت کردەوە
چەم هەڵ لەرزی
شوانەی گوندی مل نوقم بووی
ناو فەرەنجی
دەستی سەر گاڵۆکی تەزیی
خەڵکی خەزان..

**بەر لە هێرشی ناکاوی تووشی زستان**
**کەوتنە خۆیان (بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٢٠).**

لە دەقی شانۆیی (ئاسک)دا هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی دەقە شانۆییەکەدا حیکایەتخوان بە گێڕانەوەیەک دەست بە ڕووداوەکانی شانۆییەکە دەکات و لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە و هەر لە سەرەتاوە بە دەستەواژەی (هەبوو نەبوو) دەستپێدەکات، کە سیمایەکی هەقایەتە میللی و فۆلکلۆرییەکانە، شێرکۆ بێکەس زنجیرە و بابەتی ڕوووداوەکانی بە شێوەیەک داڕشتووە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات و سەرنجی ڕادەکێشێت شوێن ڕووداوەکانی دەقەکە بکەوێت تا کۆتایی شانۆییەکە، ئەگەرچی شاعیر خۆشی لە سەرەتای شانۆنامەکەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە، کەلەپوور کراوە بە بناغەی ئەم شانۆنامەیە و لە بەیتە میللییە فۆلکلۆرییەکانەوە تیشکی وەرگرتووە.

### ٥. دیالۆگ:

یەکێک لەڕەگەزە زۆر گرنگەکانی بونیادی پێکهێنانی دەقی شانۆیی و بە یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکانی ئەم هونەرە ئەدەبییە دادەنرێت. دیالۆگ بابەتی چۆنییەتی هۆنینەوە و داڕشتنی گفتوگۆکانی ناو دەقێکی شانۆییە، تەکنیکی دیالۆگ ((سەرەتا لە هونەری شانۆگەریدا بەکارهاتووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ هونەرە چیرۆک ئامێزەکانی دیکە، چونکە لە شانۆدا زۆربەی ڕووداوەکان لە ڕێی دیالۆگەوە دەگێردرێنەوە و پێشکەش دەکرێن))(محەمەد، ٢٠٠٦: ١٧٥). رۆڵ و گرنگی ئەم ڕەگەزەی دەقی شانۆیی لە هەموو ژانرەکانی تری بابەتی ئەدەبی زیاترە، چونکە ئەم ڕەگەزە لە ژانری شانۆدا بنچینەیی و جێگیرە، ئەمەش بۆ زمانی گفتوگۆی دەقەکە دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی زمانی گێڕانەوە شاعیر یان نووسەر خۆیەتی و لە ڕێگەی بابەتی گێڕانەوەوە گوزارشتەکانی دەردەبڕێت .

لەبارەی پێناسەو ڕەگەزی دیالۆگ، کۆمەڵێک پێناسە وتراون، بە بۆچوونی حەمەکەریم هەورامی دیالۆگ لە سادەترین پێناسەیدا: ((دیالۆگ ئەو ئاخاوتنەیەیە کە بە شێوازێکی سفت و ناسک لەسەر زاری کەسانی دراماکەوە بۆ ناو گوێی بینەران پلوورە دەکات و دەڕژێتە ناوییەوە))(هەورامی،٢٠٠١:٣٣). شاعیرەکان زیاتر دیالۆگیان بە تەکنیکێکی بنچینەیی شیعری شانۆیی زانیوە و کەمتر لە بیری بەکارهێنانی ڕەگەز و تەکنیکەکانی دیکەی دەقی شانۆیی بوون یان زۆر هێندەی تەکنیک و ڕەگەزی دیالۆگ جێی بایەخ و گرنگیان نەبووە .

به بڕوای عەتا ڕەشید ((دیالۆگ ئەو گفتوگۆ و ئاخاوتنانەیە کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتری نێو دەقێکی درامیدا ئەنجام دەدرێت و پرۆسەیەکی بە یەکگەیشتنە لە نێوان کەسەکاندا و درامانووس وەکو تەکنیکێک بە مەبەستی برەودان بە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەوپێش بردنیان پشتی پێدەبەستێت))(حەسەن، ۲۰۱۲: ۱۱۷).

دایالۆگ هۆکاری گرنگ و سەرەکی دروستکردنی پەیوەندی و کەسایەتییەکانە بەیەکترەوە لە هەمان کاتدا هۆیەکیشە بۆ گفتوگۆی کارەکتەرەکان و بەستنەوەیان بەیەکترەوە ((ناوی دراما، دەبیستین راستەوخۆ دیالۆگ بە بیرماندا تێپەڕدەبێت))(ئەسلن، ۱۹۷۸: ۲۰۹).

هەر گفتوگۆ و ڕاوبۆچوون گۆڕینەوەیەک لەنێوان دوو کەس یان زیاتر، کە لەناو دەقێکدا ڕوویدات بەدیالۆگ ناودەبرێت، دایالۆگ بەواتای گفتوگۆ وتوێژ لەگەڵ کەسی بەرامبەر، بەمەبەستی گۆڕینەوەی بۆچوون و چۆنییەتی بیرکردنەوە و جۆری بیروباوەڕیان و یان پەیوەندی و دوان و ڕاگۆڕینەوە لەنێوان دوو کەس یان چەند کەسێکدا. دایالۆگی کارەکتەرەکانی ناو دەقی شانۆکان، بایەخ و گرنگییەکی گەورە و دیاری هەیە بۆ هەر دەقێکی شانۆیی، چونکە مەبەست لە دیالۆگ کۆی ئەو ڕستە و وشانەیە لەنێوان کارەکتەرەکانی شانۆگەرییەکاندا دەوترێن، لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی لە نێوانیان و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکانی ناو دەقە شانۆییەکە دروست دەکرێن. لە خۆڕا نییە کاتێک باس لە دایالۆگ دەکرێت، واتە پەیوەندییەک لە ئارادا هەیە، زمانی دایالۆگەکان زمانی دەربڕین و گوزارشتکردنی ڕووداو و جوڵەی کارەکتەرەکانن لە دەقی شانۆییدا.

دایالۆگ دەربڕینی کارەکتەر و ئەکتەرەکانە، خودی کارەکتەر دروستکەری ڕووداو و بەسەرهاتەکانن ((دیالۆگی درامیی هەمیشە لەگەڵ هەڵوێست و ڕووداوەکان یەکدەگرێتەوە واتایان پێ دەبەخشێت))(حەکیم، ۱۹٦۸: ١٤).

ئەوەی مانا و گرنگی دەبەخشێتە ڕووداوەکانی ناو دەقێکی شانۆیی دایالۆگەکانن، هیچ دەقێکی شانۆیی بەبێ بوونی گفتوگۆ نایەتە ئاراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر گفتوگۆمان هەیە، یەکەمیان گفتوگۆی دەرەوە (دایالۆگ)، دووەمیان گفتوگۆی ناوەوە(مۆنۆلۆگ).

خاڵی گرنگ وجێی بایەخ ئەوەیە کە، ((دایالۆگ ڕۆ دەچێتە ناخی کارەکتەر و باری دەروونی (سایکۆلۆژی) شیدەکاتەوە، هەر کەسەو فەرهەنگی تایبەتی زمانی خۆی هەیە، فەرهەنگی سیاسەتمەدارێک جیایە لە فەرهەنگی جووتیارێک، هەریەکە بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا پەروەردە بووە، لە هەنووکەیدا تێدا دەژیت و کاری لێدەکات، وادەخوازێت کە فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەبێت))(عەبدوڵڵا،۲۰۰۸: ۷٥).

چونکە دایالۆگ وشەکان لەسەر شانۆ و لەکاتی بەرجەستەکردندا، لە بارودۆخێکی تر و ژینگەیەکی تردا دەگوترێن و لە زۆر ڕووەوە کەسایەتییەکان، کارەکتەر و ڕووداوەکانیش

بەشێوەیەکی کردەیی لەپڕۆسەی کارەکەدا ڕووندەکرێنەوە، دیالۆگ نەک تەنها لە ئەدەبدا، بەڵکو لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا گرنگی و بەهای خۆی هەیە، ((دایالۆگ تەنیا بریتی نییە لەو وشانەی لەنێوان  کارەکتەرەکاندا دەوترێت، بەڵکوو تەکنیکی زمانی و ئاماژە و جوڵانەوەکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە، هەڵسوکەوت، وچان و بێدەنگی، زمانی جەستە و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە کۆد و ئاماژەکانەوە هەیە، دەبێتە زمانی دووەمی یان دیالۆگی دووەمی هەموو دەقێکی شانۆیی))(ڕەئوف، ٢٠٢١: ٤٧). بەتایبەت لە ساتی نمایشێکی شانۆیی کە هونەرێکی هەمەلایەنەی گشتگیرە،  هونەرێکی تیۆری و پراکتیکی و ئێستاتیکییە. بە هۆکارەکانی تر جوڵەی کەسایەتییەکانی نێو شانۆییەکە و جۆری ئاماژەکانی جەستە، جۆرێکی تر لە دایالۆگ دروست دەکات و دنیابینییەکی تر لە هزر و ئەندێشەماندا دەخولقێنێ. چونکە شانۆ و نمایشە شانۆییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە جیهانێکی تر، بەڵام لەهەمانکاتدا نزیک لە واقیعی مرۆڤ و جیهانبینییەکانەوە بەرجەستە بکەن .،

شاعیر لە تابلۆی نۆیەم و دوا تابلۆی شیعری شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر)دا،  کاتێک پاش شکاندنی سوپای ستەم، کاوەی ئاسنگەر خۆی ئەکات بە ژووری کۆشکی ئەژدەهاکدا و لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی خرۆشاوی میللەتدا، هەڵمەت دەباتە سەر کۆشک، لە دایالۆگێکی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ ئەژدەهاک:

**کاوە:**

**زاڵم وا شەو باری نەویی**

**وا ڕووناکی دنیای پڕ کرد**

**وا کاروانی ئازادی کورد**

**بە بەهاری هیوا گەیی...**

**زاڵم،،  تۆ بۆ کوێ دەر ئەچی؟**

**ئەژدەهاک:**

**ڕوو ئەکاتە هەردوو پاسەوانەکە**

**ئەنجن! ئەنجن! لەتلەتی کەن**

**وەک سەگی خوێڕی پەتی کەن!**   **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٠٥).**

چونکە ((دیالۆگ شوناسی کاراکتەرە، هەمیشە کاراکتەری پێ دەناسرێتەوە و دەبێتە زمانی کارەکتەر و گیانی پێدەبەخشێ و بە زیندوێتی ڕایدەگرێ))(حەسەن، ٢٠٠٤: ١٠٥).

شێركۆ بێكەس لێرەدا بە دیالۆگێكی ڕاستەوخۆی پاڵەوانی دەقی شانۆییەكە (كاوەی ئاسنگەر) لەگەڵ پاسەوانەكانی ئەژدەهاك، لە دیالۆگێكی ڕاستەوخۆدا لە گەڵ هەردوو پاسەوانەكە بەدەم شەڕكردنەوە، دیاڵۆگیان لەگەڵ دەكات، بێگومان دیالۆگ زمانحاڵی شاعیرە، زۆرجار كەسایەتی و هەست و نەستی شاعیر دەردەخات، دەربارەی ئەو بابەتەی لە بیرو هزریدا دروستبووە، بە وشە دەڕیدەبڕێت. چونكە ((دیالۆگ لە شیعردا جیاوازە وەک لە دیالۆگ لە چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ دیالۆگ لە شیعردا واتا و چەمكی جوانیناسی و دیدگای شیعریی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، كە وەرگری ئاسایی دەتوانێت لە قوڵاییەكەی تێبگات وماناكانی شیبكاتەوە))(عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٤٤).

شێركۆ بێكەس لەم دیالۆگە ڕاستەوخۆیەدا، باس لە نۆكەرایەتی و نەزانیینی ئەو كەسانە دەكات، بەوەی بە مردنی خۆیان دەیانەوێت ستەمكارێكی وەک ئەژدەهاک بپارێزن و پارێزگاری لە مانەوەی دەكەن، لەگەڵ ئەم دایالۆگەدا شاعیر پەیام و بیروباوەڕ و مەبەستەكانی خۆی لە ڕێگەی كارەكتەرێكی وەک كاوەی ئاسنگەرەوە بەرامبەر ئەم جۆرە نۆكەرانە دەڕدەبڕێت و گوزارشتیان لێدەكات .((دەڵێن گەر شانۆ گەنجینەیەكی داخراوبێت ئەوا گفتوگۆ كلیلی كردنەوەی دەرگای ئەو گەنجینەیەیە))(بەرزنجی،٢٠١٠: ٢١).

**بەندیی دووەم: بۆ كوێ بڕۆین**
**لە كام شوێنا بۆی بگەڕێین٠**
**بەندیی سێیەم: شەوگاڤ دەروونی تاریكە٠٠ چۆن بگەڕێین**
**بۆ كوێ بڕۆین؟**
**بەندیی یەكەم: لە ساماڵی چاوی ڕوونی مناڵانا**
**بۆی بگەڕێن**
**لەباخی جەرگی سووتاوی ئافرەتانا**
**بۆی بگەڕێن**
**لەو شوێنەدا٠٠ بۆی بگەڕێن كە برسێتیی**
**تیایا٠٠ئەگری (بێكەس،١٤٦:١٩٧٠)**

شێركۆ بێكەس لە دەقی (دیوار و دەنگی خوێن)دا ، لە چەند دێڕەشیعرێكدا، كاتێک لە دیالۆگی نێوان چەند بەندییەكە بەم شێوەیە ڕەگەزی دیالۆگ لە ناو دەقە شانۆنامەكەدا ئامادەیی هەیە، بەبۆچونی ئێمە تەكنیكی دیالۆگ لای شاعیر بە شێوەیەكە بە هۆی دیالۆگەوە لە نێوان كارەكتەرەكانی دەقەكەدا، دیمەنێكی شانۆیی دروست دەكات. گرنگی دایالۆگ لەوەدایە كە

پێناسی کارەکتەرەکانی ناو دەق دەردەخات و ناسنامەیان پیشان دەدات، لەبەرئەوەی کاراکتەر تەنیا لە ڕێگای دیالۆگەوە دەتوانێت خۆی بناسێنێت.

دیالۆگ بەیەکێک لەتەکنیکە گرنگ و بنەڕەتییەکان دادەنرێت، یەکێک لە پێوەرەکانی دەقی شانۆیی و لە نێویدا شیعری شانۆیی و دیالۆگەکانییەتی، گەر شاعیر و نووسەر توانی بە شێوەیەکی دروست و شێوازێکی باش دیالۆگەکان دابڕێژێ. لەڕێیەوە شاعیر پەیام و بیر و ئایدۆلۆجیای خۆی سەبارەت بەدنیابینی خۆی، لەڕێگەی دەقە شانۆییەکەوە و لەتێڕوانین و گۆشەنیگای کارەکتەرەکانەوە ئاراستەی خوێنەر و بینەر دەکات، بەمەش جۆرێک لە بیر و هزری جیاواز لەنێو دەقەکەیدا بەرهەمدەهێنێت. لایەنێکی گرنگی تری دەقێکی شانۆیی سەرکەوتوو، توانا و وزەی دیالۆگ و دیالۆگی کەسایەتییەکانە، چونکە دیالۆگ گرنگی بە دەق دەبەخشێت بە شێوەیەک، کە بتوانین لەنێو دیالۆگەکانەوە کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان دروست بکرێن و بناسرێن و کارەکتەرەکان بەرجەستە بکەین و خودی ڕووداوەکان بکەینە واقیعێکی ئامادەبوو،

### ٦. مۆنۆلۆگ:

مۆنۆلۆگ یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، بە یەکێک لە کۆنترین فۆرمەکانی گوزارشتی ئەدەبی دادەنرێت لە دەقی شانۆییدا، لەبنیاتی دەقی شانۆییدا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە لە چۆنییەتی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە. ((مۆنۆلۆگ ئەو جۆرەیە لە گفتوگۆ، کەنووسەر بەشداری ناکات و کەسیش گوێبیستی قسەکانی قسەکەر نابێت))(عەزیز، ٢٠١٦: ١٠٦). چونکە ئەو کاتەی ئەکتەر یان کارەکتەر لە ساتی مۆنۆلۆگ کردندایە، لە گفتوگۆ و دواندندایە لەگەڵ ناوەوەی خۆی و وشە و بیرکردنەوەکانی تەنها لەگەڵ خودی خۆی و نەستی خۆیدا باسدەکات. ((مۆنۆلۆگ حاڵەتێکی دەروونی و هێزێکی شاراوەیە و ئەکتەر لەگەڵ خودی خۆیدا قسە دەکات و جگە لە خۆی کەسی تر بەو حاڵەتە نەستی و دەروونییە ئاگادار نییەو بە شێوە زمانێکی سادەو ساکار دەریدەبڕێت))(حسەین، ٢٠١٢: ١٣٠).
دەتوانین بڵێین مۆنۆلۆگ لە شیعردا ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەیە، بەتایبەت لە دەقی شیعری شانۆییدا، چونکە شاعیر دەتوانێت زۆر ڕاستگۆییانە بەبی ماسک، ئازار و هەست ونەست و هەڵچوون و کۆی کێشە و بیرکردنەوەکانی بخاتەڕوو، زۆر ئازادانە گوزارشتیان لێبکات و دەریان ببڕێت. ((مۆنۆلۆگ ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەن کە لەناو هۆش و زەینی مرۆڤدا لە حاڵەتی بە ئاگابوونیدا بەبێ دەنگی و بە شاراوەیی ئاڕاستەی خود خۆی دەکاتەوە، واتە مۆنۆلۆگ وتەی تاک لایەنە، کە کەسێک بە تەنیا ئەنجامی دەدات))(مەجید، ٢٠٢١: ٤٢).

له هەموو دەقییێکی شانۆیدا گفتوگۆ و دیالۆگی کارەکتەر، هەموو کات بەشێوازی دیالۆگ دەرناکەون، بەڵکو زۆرجار لەخودی کارەکتەرەکاندا و لەناوەوەی خۆیدا دەمێنێتەوە و پەنگ دەخۆنەوە و لە ناوەوەی خۆی و لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە دواندن بەمەش مۆنۆلۆگ ڕوودەدات. ((مۆنۆلۆگ، ئەو کاتە لە دایک دەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگ خواردووەکەی کارەکتەر و نووسەرەکە بکات))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٨١).

ئەم حاڵەتەی باری دەروونی و هەڵچوون و نائارامییە پەیوەندییان بە خودی بابەت و ڕووداوی ناو دەقەکەوە هەیە، بەو واتایەی مۆنۆلۆگ دیوی ناوەوە و نەستی کەسایەتییەکان پیشان دەدات. بەو واتایەی مۆنۆلۆگ ((خستنەڕوو ئاشکراکردنی باری دەروونی و دیوی ناوەوەی کاراکتەری نێو دەقەکەیە، واتە دیوی نەستی کاراکتەر))(ئیسماعیل، ١٩٧٣: ٨٧). فرۆید بۆچوونی وابوو: ((ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی نەست و جیهانی ناوەوەی ئەدیب و شاعیرانە، تەنانەت ئەگەر بەوپەڕی ئاگاییەوە پابەند بێ بە یاساو ڕێسا چەسپاوەکانەوە، کە لە نووسینی دەقدا بەرجەستەیان دەکات، چونکە فرۆید دەڵی شاعیر بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، جیهانی نەستی دزە دەکاتە نێو هەستییەوە و خۆی بە ناڕاستەوخۆ دەخزێنێتە نێو دێڕە شیعرەکانییەوە))(سەعدون، ٢٠١٥: ٥١).

شێرکۆ بێکەس لەم دەقی شیعریی شانۆنامەی (ئاسک)دا، لە زمانی کاراکتەرێکی ناو دەقەکەوە (پیرۆت) شوانی کوێخا، کاراکتەر لە مۆنۆلۆگێکدا لە شێوەی گفتوگۆ و دروستکردنی پرسیارەکانی لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا و دڵەڕاوکێی بۆ داهاتووی خۆی و خۆشەویست و ئەوینەکەی کە خاوەری کچی کوێخای گوندە، لە مۆنۆلۆگ لەگەڵ خودی خۆیدا دەڵێت :

**پیرۆت:**

**چوار ساڵ٠٠ چوار ساڵ٠٠چۆن تەواو بێ؟**

**ئەی کێ ئەڵێ تەواویش بێ٠٠**

**ئەو٠٠ ئەمداتێ**

**ئەی کێ ناڵێ هەموو ڕەنجم بەبا نادا**

**ئەی کێ ناڵێ ؟**

**- وچان -**

**پیرۆت:**

**ماڵم ئەبێ؟**

**ئەبمە خاوەن چەند سەرمەڕێ؟**

**خۆم بۆ خۆم شوانێتی ئەکەم ؟**

**تەم لەسەر چاوم لائەبەم؟**

**بەڵام لەبەر چاوە جوانەکانی خاوەر** **(بێکەس. ٢٠٠٩: ٢٢٢)**

شاعیر لێرەدا باس لە کەسایەتی(پیرۆت) دەکات، لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە لەناو دەروون و بیرکردنەوە قوڵایی ناخی کاراکتەر و پرسیارەکانی (پیرۆت)ەوە هەموو ئەو پرسیار و خەم و دڵەڕاوکێیانەی هەیەتی بەرامبەر داهاتووی خۆی و ئەوینەکە کە لەلایەن کوێخای گوندەوە بەڵێنی پێدراوە لە بەرامبەر بوون بە شوانی کوێخادا، (خاوەر) ی کچی خۆی بداتێ، کاتێک کە لە ئەوین و عەشقێکی ڕاستگۆیانە و پاکدایە لەگەڵ (پیرۆت)ی شوانی کوێخادا، بەڵام شاعیر بەهۆی مۆنۆلۆگەوە جۆری بیرکردنەوە و حاڵەتی دڵەڕاوکێ و دەروونی ئەو کاراکتەرەمان بۆ دەکێشێت، لە بەردەوامی مەنەلۆگ لەگەڵ خۆیدا، کەسایەتییەکە دڵەڕاوکێیکانی دەبێتە تەمەننا و هیوا بۆ داهاتوو لە چاوەڕوانی گەیشتن بە یار و خۆشەویستەکەی.
لە دەقی شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)دا، کاتێک کارەکتەری ئەژدەهاک هەست بەوە دەکات و تێدەگات مردن وا نزیکە و شۆڕشگێران و کاوەی ئاسنگەر گەیشتونەتە کۆشکەکەی، لە ترس و حاڵەتێکی دەروونی خراپدا دەچێتەوە ناو قوڵایی ناخی خۆیی، شاعیر زۆر باش و هونەرییانە لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە، گوزارشت لەو ساتە دەکات کە ئەژدەهاکی تێدایە، ئەژدەهاک ئەترسێ و تەواو شڵەژاوە، ئەژدەهاک لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و باس لە ترس لە مردن و حەسرەت و جەخاری بۆ بەجێهێشتنی ژیان و کۆتایی بوونی دەکات.
ئەگەرچی ((ڕەنگە بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ لە چوارچێوەی شیعردا کارێکی زەحمەت بێت، بە تایبەتیش لەسەر شاعیر پێویست دەبێت ئەو دواندن و شڵەژانە دەروونییەی لە قوڵایی ناخی کارەکتەرەکان دایە لە بۆتەیەکی هونەری بە کێش و سەروا ڕێکبخات و دەریان ببڕێت))(عەولا، ٢٠١١: ٣٩٠). بەڵام لای شێرکۆ بێکەس زۆر هونەرییانە ئەم تەکنیکەی دەقی شانۆیی کاری لەسەر کراوە و ئەم بنەما هونەرییە زۆر دیار و گرنگ بە ڕۆڵی خۆی هەستاوە .

**مردن ... مردن ... واتە چاوم**
**ئەنووقێ و ئیتر نابینێ...**
**ڕووناکی ئیتر ... نابینێ**
**کەس نابینێ ڕەنگ نابینێ**
**ژنی شۆخ و شەنگ نابینێ**
**هیچ نابینێ**
**هەموو شتێ تاریک ئەبێ**

**تاریک وەک شەوە زەنگ ئەبێ**

**هیچ نابینێ هیچ نابینێ** **(شێرکۆ بێکەس. ٢٠٠٩: ٦٦).**

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لێرەدا ڕەهەندی ژیاندۆستی و تامەزرۆیی بۆ جوانی و بۆ خۆشی و بۆ دیوە ڕەنگاڵەییەکانی ژیان لە ناخی شاعیردا دەبینین، کە لە مۆنۆلۆگیکی ناوەوەی ئەژدەهاکدا لەگەڵ خۆیدا دەڕیدەبڕێت، بە مانایەکی تر ئەمە خۆی دڵ و ناخی شاعیرە و بە ناوی ئەژدەهاکەوە دەڕیبڕیووە، کەباس و دوان لە سروشتی ژیان و بەشە خۆش و جوان ماناداریەکەی ژیان خۆی دەکات. هەم دڵی عاشقانەی و ژیاندۆستییەکەی دەبینین، هەم خەم و ترس بۆ لە دەستدانی جوانییەکانی ژیان دەبینین، زۆر بە ڕوونی تێدەگەین لەوەی لای شاعیر ژیان چەند جوان و خۆشەویست و ماناداره.

### ٧. کات:

کات ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی دەقی شانۆیی، یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی شیعری شانۆیی و لە بنیاتنانی دەقی شانۆییدا ڕۆڵ و بایەخی گرنگی خۆی هەیە. ((کات لەناو دەقدا لە جووڵەدایە لە ڕابردوو بۆ ئێستا، لە ئێستاوە بۆ ئاینده، شاعیر و نووسەر بەپێی بۆچوون و بیر و هەستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کات دەکات، گرنگترین جۆری کات، کاتی ئێستایە کە بوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت))(عەبدڵلا، ٢٠٠٨: ٥٧).

کات لە دەقی شانۆییدا لە چەند بەشێک پێکدێت ئەوانیش (ڕابوردوو، ئێستا، ئاینده) ئەم کاتانەش لە واقع و ژیاندا و لەناو دەقی شانۆیشدا، لە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتێک بوونیان هەیە و بە شێوەیەکی بەدوایەکهاتن و ریزبەندیی خاڵی دەستپێک و خاڵی کۆتایی هاتنی هەیە. ((سەبارەت بە ڕەنگدانەوە و بەکارهێنانی کات لە دەقێکی درامیدا پێویستە هەوڵبدات بە شێوەیەکی هونەرییانە سوود لە تەکنیکی کات وەربگرێت و لە نێویشیاندا هەردوو کاتی ڕابردوو و داهاتوو چارەسەر بکات))(حسەین، ٢٠١٢: ١٨٢).

ڕەگەزی کات وەک ڕەگەزێکی سەرەکی دەقی شانۆیی، بابەتێک و بنچینەیەکی گرنگی بنیاتی دەقی شانۆییە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی تری شانۆییدا هەیە بەتایبەت بە ڕەگەزی شوێنەوەو پەیوەستە بە بابەتی گێڕانەوەوە، لەبەرئەوەی هیچ گێڕانەوەیەک بەبێ بوونی شوێنکات ناتوانرێت ئەنجام بدرێت.

((کات و شوێن ئاوەڵکردارێکن بۆ ڕوودانی کردارێک لەناو شیعر، یان چیرۆکدا و هەموو ڕووداو و چیرۆک و گێڕانەوەکان لە بارێکی شوێنکاتیدا ڕوودەدەن و ئەم بارەش لە ڕێگەی وشەو ڕستەکانی ناو شیعرەکەوە دەبێت))(رەیوف، ٢٠١٢: ٢٤). لەڕاستیشدا. ((کاتی ئێستا بە گوێرەی کاتی ڕابردوو و کاتی داهاتوو دەتوانێت بوونی راستەقینە و بەرجەستەکراوی مادی خۆی بسەلمێنێت، چونکە رابردوو وەک واقیع تەواو بووە و بوونی خۆی ونکردووە، داهاتوش وەک واقع نەهاتۆتە کایەوە و هێشتا بوونی مادی پەیدا نەکردووە، لەبەرئەوەی ئەو کاتە مادییە راستەقینەیەی کە هەیە تەنها ئێستایە))(سابیر، ١٩٩٢: ٢٩٠). کەواتە دیارترین و گرنگترین جۆری کاتیش لە شانۆدا (کاتی ئێستا) یە، ((کە بوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت مرۆڤ لە ئاگایی دایە بەم واتایە کاتی ئێستا کاتی چەقە، ئەگەر ئێستا نەبێت ناتوانین ڕابردوو بەیادمان بهێنینەوە جگە لەمە مرۆڤ لەکاتی ئێستاشدا پلان بۆ داهاتووی دادەنێت))(حوسێن، ٢٠٢٠: ٣٨٣).
ریزبەندیی کاتەکان و چۆنییەتی دابەشکردنیان بەسەر ڕووداوەکاندا شاعیر یان نووسەری دەقە بڕیاری لێدەدات، شاعیر بە ئارەزووی خۆی و چۆنی بوێت کاتەکان دەخاتەڕوو، بەڵام بەمەرجێ توانای گونجاندنیان هەبێت لەگەڵ کۆی ڕەگەزەکانی تری ناو دەقە شانۆییەکە، ئەمەش ئاستی لێهاتوویی و بەتوانایی شاعیر دەردەخات، ئەوەی گرنگە بەپێی بەرەوپێش چوونی ریزبەندی ڕووداو و پێشهاتەکان، کاراکتەر جوڵە و کار لەگەڵ کاتەکاندا بکات.

هەندێ جار شاعیر لە سەرەتادا بە گێڕانەوەی ڕووداوێک دەست پێدەکات، وەک ئەم دێڕانەی شێرکۆ بێکەس، کە لە دەقی شیعریی شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)دا، لە سەرەتای دەستپێکی دەقە شانۆییەکەدا بە گێڕانەوەی ڕووداوێک تەکنیکی (کات) لە دەقەکەدا دەخاتەڕوو.

**یەکەم:**
**ئەمشەو نۆرەی گێڕانەوەی**
**بەسەرهات و ژیانەوەی**
**چیرۆکی ڕابووردوی منە**
**دووهەم:**
**سەر گروشتەی پێش مردنە**
**سێهەم:**
**ناخۆش نییە باس کردنی**
**ئەو ڕۆژانەی لە کیس چووە**
**دووهەم:**
**بەڵام هەتاکوو خۆر نەکەوتووە**

**سێهەم:**

**تاگۆڕ هەڵکەن نەهاتووە**

**ئادەی بڵێ،**

**بڵێ ... بڵێ** **(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٤)**

شاعیر لەگەڵ دەستپێک و گێڕانەوەی ڕووداوەکە (کات) دەکاتە کلیلی کردنەوەی دەقی شانۆنامەکە کات (شەوە) دەبێت بە دەستپێکی کاتی گێڕانەوەی دەقەکە، یان داواکردنی کەسایەتی دووەم بە پەلەکردن و دەستکردن بە کردەی گێڕانەوە تا ( خۆر) نەکەووتوە. مەبەست لە هاتنی کاتێکی تر، کە (بەیانی) یە.

هەر لە بارەی گرنگی ڕەگەزی کاتەوە (ئەرستۆ)یش لە بنەما و دەستوورەکانی کلاسیزمدا، دەڵێت: ((تراژیدیا تا پێی بکرێت هەوڵدەدا خۆی لە شەو و ڕۆژێکدا بئاخنێت و لەو سنوورە تێنەپەڕێنێ، چونکە گێڕانەوەی ساڵ و دە ساڵ و پەنجا ساڵ لەناو شانۆنامە یا چیرۆکێکدا جێی نابێتەوە و دوورە لە ڕاست چوون))(پیربال، ٢٠٠٦: ٣٧). ئەم بۆچوونەی (ئەرستۆ) وا دەکات کات لەنێو ریزبەندی ڕووداوەکاندا سنووردار بکرێت و درێژە نەکێشێت. ((گێڕانەوە خۆی کات دەردەخات، چونکە گێڕانەوە لەڕابردوودا خۆی کارەکە ڕوویداوە و بەڵام کارەکە ئێستا دەگێڕێتەوە))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٢٩٣). دەستنیشانکردنی کات لای شاعیر گێڕانەوەی کاتێکی ڕابوردووە لە کاتێکی ئێستادا، شاعیر لەم دێڕانەدا سوودی لە دوو ڕەگەزی شانۆیی وەرگرتووە، ئەوانیش ( گێڕانەوە و کات).

**پیرۆت: بەڵام لەبەر چاوە جوانەکانی خاوەر**

**چۆن دەربەست بێم؟**

**چۆن بهێڵم٠٠ کەبێزاری دڵ کوێرم کاو**

**ترس لەگیانم بنیشێ**

**دەربەست نایەم٠٠ ئەهێنێ گەر**

**چاوەڕوانیم٠٠دە ساڵی تر توول بکێشێ**

**دەربەست نایەم .**

**دەربەست نایەم.** **(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٢٣)**

شاعیر لێرەدا چاوەڕوانی دەکاتە (کات) ی دەقەکە، کاراکتەر ئامادەیی هەیە، لەپێناوی ئەوینەکەیدا و بۆ گەیشتن بە یار گەر چاوەڕوانیشی (دە) ساڵی تریش درێژەبکێشێ، سووربون

و دڵنیایی ئەوە ئەدات بە خودی خۆی کە بەرگە بگرێ و خۆڕاگر و ئاسایی بێت، چونکە خۆشەویستی بۆ (خاوەر)ی ئەوینی، ئەو بڕوایەی تێدا دوستکردووە، ئەو هەموو کاتە چاوەڕوانیی بکات، کە مەبەست لە (دە ساڵی تر توول بکێشێ)، بەو مانایەی پێش کاتی ئێستاش لە کاتێکی تری ڕابردووەوە ئەم چاوەڕوانییە بەردەوامی هەیە. ئەو کاتەی ئامادەیی هەیە لەم دەقەدا کاتی (ڕابوورد و ئێستا و داهاتووە).

دەتوانین بڵێین گرنگی ئەم پەیوەندیی دروستکردنەی نێوان کات و ڕووداوەکان لای (شێرکۆ بێکەس) لەوەدایە، کە هەر سێ کات لای شاعیر بە شێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش بەیەکترەوە دەبەسترێنەوە. کە ئەم حاڵەتەش بابەتێکی گرنگی ناو شانۆیە. شاعیر لەم دێڕانەدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە  بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری  لەسەر کارەکتەر ڕوونەدات و گۆڕان بەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوەیدا نەیەت و لە چاوەڕوانی گەیشتن بە ئەوین و یاردا  ئاسایی بێت و بەرگە بگرێت. ڕۆڵ و پێگە و گرنگی کات لە دەقی شانۆییدا جێی بایەخە، چونکە شانۆ پێویستی بە کاتە لەبەرئەوەی، وەک بابەتێکی ڕووداویش پێویستی بە کاتێکە تێدا ڕووبدات، ڕەگەزی کات خۆی لەخۆیدا خودی دەقە و نابێت فەرامۆش بکرێت.

**٨ . شوێن :**

شوێن ڕەگەزێکی گرنگ و هەرە بنچینەیی و تایبەتە لە دەقی شانۆیدا، شوێن لەگەڵ کات دا یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی بنیاتنانی دەقی شانۆیی و هەردوکیان دوو ڕەگەزی هونەری کاری ئەدەبین و بوونەتە دوو بنەمای سەرەکی پێکهێنانی دەقی شیعری شانۆیی. شوێن ((یەکێکە لەو توخمە گرنگانەی کە هەمیشە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوەو سیما و خەسڵەتە تایبەتەکانی مرۆڤ دەنەخشێنێت و بە هۆیەوە مرۆڤ جەخت لەسەر سەلماندنی بوونی خۆی دەکاتەوە))(عەولا، ٢٠١١: ٣٦٥).

شوێن لە شانۆدا،  گرنگی خۆی لەناو دەقەکەدا دیاریدەکات. هەموو ڕەگەزەکانی تری شانۆ هەر لە ڕووداو و دیالۆگ و گێڕانەوە و کات، هەموویان لەناو شوێندا کۆدەکرێنەوە و لەگەڵیدا ریزبەندی وەردەگرن و بەرەوپێش دەچن، بەتایبەتی پەیوەندییەکی بەردەوام و بەهێزی لەگەڵ (کات) دا هەیە شوێن و کات چوارچێوەی ڕووداون و بەردەوام وابەستەی یەکترین.

پەیوەندی و وابەستەیی شوێنکات بە بابەتەوە بە جۆرێکە بە بڕوای ئەحمەد سالار دەڵێت: ((دوو یەکەی (کات و شوێن)، شوێن یەکەی بابەت کەوتوون، بوونی ئەو حوکمی بە بوونی ئەو دوو یەکەیەی دی داوە))(سالار، ١٩٨٨: ١٥٢). بەم پێیەش شوێنکات شتێکی گشتی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵیان دەکات کە ئەویش بابەتە و مانا و گرنگی و ئامادەیی بە هەردوو ڕەگەز دەدات.

((شوێن لە ناو دەقی ئەدەبیدا گرنگییەکی زۆری هەیە و مانایەکی فەلسەفی بە دەقەکە دەبەخشێت))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٢٩٩). شوێن لای یۆنانییەکان بایەخی گەورەی پێ دەدرێت ((ئەفلاتون) وەک ئەو ماددەیە دەیبینێت، کە هەموو شتەکانی تر لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەو دەفرەیە، کە هەموو شتەکان تێیدا کۆ دەبنەوە))(فەتاح، ٢٠٢٢: ٢). ئەم تێگەیشتنەی (ئەفلاتون) بۆ فەیلەسووفانی دوای خۆی دەگوێزرێتەوە و کاریان لێ دەکات.

شێرکۆ بێکەس لە دەقی (دیوارو دەنگی خوێن)دا ، لە چەند دێڕەشیعرێکدا، کاتێک گفتوگۆی نێوان چەند بەندییەکە بەم شێوەیە ڕەگەزی شوێن لە ناو دەقە شانۆنامەکەدا دەخاتەڕوو:

**بەندی دووەم:  بۆ کوێ بڕۆین**
**لە کام شوێنا بۆی بگەڕێین٠**
**بەندی سێیەم: شەوگار دەروونی تاریکە٠٠ چۆن بگەڕێین**
**بۆ کوێ بڕۆین؟**
**بەندی یەکەم: لە ساماڵی چاوی ڕوونی مناڵانا بۆی بگەڕێن**
**لەباخی جەرگی سووتاوی ئافرەتانا**
**بۆی بگەڕێن**
**لەو شوێنەدا٠٠ بۆی بگەڕێن کە برسێتیی**
**تیایا٠٠ئەگری**
**لەو شوێنەدا کەدرەختی سەوز ٠٠ وەری**
**لەوجێیەدا٠٠وشەی پاکی٠٠لێ هەڵواسرا**
**پێغەمبەری٠٠جوان پەرستی**
**تێدا٠٠کوژرا**
**لەو شوێنەدا٠٠بۆی بگەڕێن ٠٠خۆشەویستیی**
**تیایا٠٠ئەژی** **(بێکەس، ٢٠٠١: ١٤٨).**

لەم دێڕانەی سەرەوەدا ڕەگەزی شوێن لای شاعیر دەگۆڕێت، لە دایالۆگی کارەکتەرەکانەوە شاعیر ئاشنامان دەکات بە شوێنی جۆراوجۆر و جیاواز، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی ڕووداوەکان و بەستنەوەیان بە شوێنی جێگیرکراو کە شانۆکەیە.
شێرکۆ بێکەس  بینین و ڕوانینێکی جیاوازی هەیە بۆ شوێن، شوێنەکان دەبەستێتەوە بە کات و ڕووداوەکانەوە. ئەم ڕوانینە جۆراوجۆر و جیاوازییە ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە شوێن لە

شیعری شانۆیی و دەقی شانۆییدا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە، بەوەی بە تەنیا شوێنێک و شانۆیەک نییە بۆ نمایشی کارەکتەر و ڕووداو و ئەرکێکی وەسفیی ببینێت، بەڵکو جووڵێنەری کارەکتەر و تەنانەت ڕووداوەکانیشە. هەر بە هۆی بوونی ڕەگەزی شوێنەوەیە خەسڵەت و ڕەهەندەکانی کارەکتەرەکان لە پێکهاتەی بونیاتی دەقی شانۆییدا پێشان دەدرێن.
لە ژیاندا پێوەندییەکی بەهێز مرۆڤ و شوێنی ژیانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و کاریگەریی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تریان زۆر ڕوون دەردەکەوێت. ئەم پێوەندییە بەهێزە بۆ ناو ئەدەب پەڕیوەتەوە. لە ئەدەبدا ((شوێن ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی کارەکتەرە، ژیانی کارەکتەریش سروشتی ئەو شوێنە ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدایە))(قاسم، ٢٠٠٤: ١١٩).

شاعیر لە دەقی (کاوەی ئاسنگەر)دا، لە ئاماژەدان بە شوێندا، شوێنی ڕوودانی ئەم شانۆگەرییە کۆشکی ئەژدەهاکە، هەندێ جار شوێنی کارکردنی کاوەیە، هەندێ جار دیمەنی شوێنی خەڵکە لە ناو گوندەکان و کێڵگەکاندا.

**پاسەوان:**

**ئومێد نەما.. وا قەڵا و کۆشک**

**بۆ یاخی بوو هاتنە سەر چۆک**

**ئەو شوێنەی ڕووناکیی تیایە**

**تەنیا هەر ژووری پاشایە**

**داگیرسێنێ .. ئەم ئاگرە**

**سەرکردەی ئەم ڕێی بەڵایە**

**گەورەم .. کاوەی ئاسنگەرە** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ٢٠٢)**

شێرکۆ بێکەس لەم دێڕە شیعرانەدا و لە دەقی (کاوەی ئاسنگەر)دا، بەم شێوەیە ڕەگەز و تەکنیکی شوێن لەناو دەقە شانۆییەکەدا بونیاد دەنێت.

**زێمری :**

**لەکوێ هاتوون بۆ کوێ ئەچن ؟**

**ڕێبوارێکیان**

**لە لای پیرە مەگروونەوە**

**بۆ لای پیری ڕاو تەدبیری**

**گەورەی ئێرە کەوتووینە ڕێ**

**زاماوا: (ماشۆ) ڕێگەتان پێنەگرێ** **(بێکەس، ٢٠٠٩: ١٧٤).**

شاعیر بەرزی و بڵندی شوێن دەداتە پاڵ کەس، شوێن وەک کەسایەتی و وەک مرۆڤیش باس دەکات سیفەتی بەرزی و گەورەییان دەداتە پاڵ. شوێن کراوەتە کلیلی کردنەوەی دەقە شیعرییەکە و مەودای شوێن فراوان دەکات، شاعیر لێرەدا باس لە پێوەندیی نێوان کارەکتەر و شوێن وەک دوو توخم و تەکنیکی گرنگی شانۆ دەکات. ((بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی شاعیرەکان لەم قۆناغەدا بەزۆری گشتییان بەکارهێناوە وەک ( گوند، شاخ، هاوینەهەوار، چیا، سەرە رێ.. ))(عەوڵڵا، ٢٠١١: ٣٦٨). ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی شوێنی گشتی شوێنێکی کراوەیە و شاعیر دەستی کراوەتر دەبێت لە وەسف و جوڵەی کاراکتەر و کەسایەتییەکان.

بەم پێیە شوێن توخمێکی تری شانۆیە. وەک چەمک ڕەهەندێکی فەلسەفی هەیە و ئەدەب بە ستایلێکی جیاواز و تایبەت بە خۆی بایەخ بە چەمکی شوێن دەدات، شوێن لە دەقی شانۆیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بە تەنیا شانۆیەک نییە بۆ نمایشی کارەکتەر و ڕووداو و پێشکەشکردنی دیمەنێک، بەهۆی بوونی شوێنەوەیە تایبەتمەندێتی و بیر و هزری کارەکتەر پێشان دەدرێن و زۆر کات هەستێک و حاڵەتێکی دەروونی و نۆستالۆژیشی هەیە.

**٩. چنین:**

ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەقی شانۆیی و بریتییە لەبیرکردنەوە و بەرنامە و پلانی شاعیر یان نوسەر بۆ بنیادنانی دەقێکی شانۆیی و چۆنییەتی داڕشتنی ئەو تەکنیکەی کە بەکاری دەهێنێت لە بنیاتنانی دەقێکی شانۆییدا. ((چنین، ڕۆحی پەیکەری گشتی درامایە، ئەو هێزە هونەریی و نادیارەیە کە گیان دەهێنێتە بەر دراماکە، خۆی لەناو دەقەکەدا ڕوون دەکاتەوە))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٠٣).

شاعیر یان نووسەر هەموو ڕەگەزەکانی شانۆ و هەموو بنەما هونەرییەکانی لە بیر و هزریدا دروست دەبێت، ئەگەر توانای ئەوەی نەبێت، بە چنینێکی باش و بەشێوەیەکی جوان و هونەرییانە بەیەکەوە بیان چنێت و لە نێوانیاندا پەیوەندییەک دروست بکات، ئەوا دەقێکی لاوازو مردووی لێدەردەچێت. ((لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (plot) بەکاردەهێنرێت و بووەتە زاراوەیەک و زۆرینەی زمانە ئەورووپییەکان لە بەکارهێنانی کۆکن))(کەسنەزانی، ٢٠٢١: ١٦).

چنین بەیەکەوە بەستنی ڕووداوەکانی ناو شانۆییەک و بەیەکەوە بەستنی کۆی ڕەگەزەکانی تری شانۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە دروستکەری پەیوەندی لە نێوان هەموو ڕەگەزەکانی تری ناو دەقێکی شانۆیی. جوانی و سەرنجڕاکێشی هەر دەقێکی شانۆیی پەیوەستە بەو چنینەی،

کەشاعیر کاری لەسەر دەکات لە بەیەکەوە بەستنی هەموو ڕەگەزەکانی تر لە کاتی نووسینی دەقێکی شانۆییدا. ((چنین، لە بنیادی درامیدا لە هەموو بەشەکانی تر گرنگترە، چنین لە کردەوە و بیرکردنەوە و هەست و نەستی کەسەکان دروست دەبێت هەموو شانۆگەرییەک چنینی هەیە، بەو واتایەی کە چنین ڕیزە ڕووداوێکە بە پەیوەندی هۆ و ئەنجام، بەیەکەوە بەستراونەتەوە))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤ : ١٥).

چنین لە هزر و خەیاڵ و بیرکردنەوە و هەست و نەستی کەسەکان خۆی بەرجەستە دەکات، دەکرێت دەقی شانۆنامەکە لای شاعیر ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی خۆی بێت، یان ئەزموونی کەسانی ترە، بۆتە گرێ لە هزریدا دروست بووە. ئەمەش دەبێتە هۆی دەرخستنی لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەکانی شاعیرەکە و چۆنییەتی هۆنینەوەی ڕووداوەکان، چونکە زۆرجار خۆی ڕووداوەکان بنیات دەنێت و بەهۆی ڕەگەزی چنینەوە پەیوەندییەک لە نێوان ڕووداوەکان دروست دەکات، دواتر چەند جارێک ڕووداوەکە لە هزری خۆیدا دەسکاری دەکات، هۆکاری ڕووداو و ئەنجامی کۆتایی لە هزری خۆیدا دەهێنێ و دەبات، هەتا دەیگەیەنێتە ئاستێک کە شێوازێکی ئەدەبیی و هونەریی پێ دەبەخشێت و بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەرییانە دەریدەبڕێت، بەمەش چنینێکی پتە و تۆکمە دروست دەبێت.

هونەری چنین هەموو ئەو هەنگاوانە دەگرێتەوە کە نووسەری دەق خاڵێک دەکات بە سەرەتای ڕووداو و کێشەکانی دەقەکە، چەندین ڕووداوی تری لاوەکی دێنێتە ناوەوە لە پێناو دروستکردنی ئاڵۆزی و گەیشتن بە ترۆپک و کردنەوەی گرێکان))(ئازاد، ٢٠١٦: ١٢٤).

هەموو دەقێکی شانۆیی لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی پێکدێت، گۆڕانکاری کردن لە قۆناغەکان مەحاڵە، پەیوەندی دروستکردن و چنینی باش و سەرکەوتوو لە نێوان ڕوداوی سەرەکی دەقەکە و ڕووداوە لاوەکییەکان خاڵی گرنگ و کاریگەرە بۆ نووسینی دەقێکی زیندوو، شانۆنامەی سەرکەوتوو بەستراوە بەچنینی سەرکەوتووی نێوان ڕوداو و ڕەگەزەکانی تری بونیادی شانۆی، لێرەشدا شاعیر یان نووسەر، ڕۆڵی دیارو سەرەکیی دەبینێت لە توانای چۆنییەتی باشی چنین و ئاستبەرزی چنین و هۆنینەوەی دەقە شانۆییەکەدا .

بەم پێیە ((چنین سیستمی گشتیی ڕێکخستنی بەشەکانی دەقێکی درامایە، وەک یەک بوونی سەربەست، بە دوایەک هاتنی ڕووداوەکانە بە پێی ئەو ریزبەندییەی نووسەر لە بنچینەوە بۆ دەقەکەی ئامادە دەکات))(حەسەن، ٢٠٠٤: ١٢٨). هەر ڕەگەزە و چنینی تایبەتی خۆی هەیە و ڕۆڵی دەبێت لەسەر زیندوویێتی دەقەکە، چنینەکەش پەیوەستە بە جۆری تەکنیک و هونەریی شانۆییەکە، کە هەموو بەشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕەگەزێکی پێکهێنەری تەکنیکە لە درامادا. هەر بۆیە درامای سەرکەوتوو بەستراوە بەچنینێکی سەرکەوتووەوە.

(شێرکۆ بێکەس) لە دەقی شیعری شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر)دا دەقە شیعرە شانۆییەکەی لە نۆ تابلۆی زنجیرەیی بە دوا یەکدا هاتوو نووسیوە، کە زۆر سەرنجڕاکێش و هونەرییانە ڕووداوەکان دەستپیدەکات، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بە چنینێکی جوان دادەڕێژێ، هەر لە تابلۆی یەکەمەوە کە دەستپێکردنێکی سەرنجڕاکێشی کۆی داستانەکەیە کە ناشتنی قوربانییەکانی دەستی ئەژدەهاکە. لە تابلۆی دووەمدا دەرخستنی قوڵی ڕووداو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و چۆنییەتی چنین و هۆنینەوەیان بەشێوەیەکی زنجیرەیی کە تیایدا ڕووداوەکان بە شوێن یەکدا دێن. و بەرەو پێش دەچن. دواتر لە تابلۆی سێیەم و چوارەمدا دەرکەوتنی کارەکتەر و هاتنە ناوەوەی ڕووداوی تر لەگەڵ بوونی ڕووداوی سەرەکیدا، تابلۆی پێنجەم دەرخستنی دەروونی ئەژدەهاکە و لە خۆبایی بوونی و مەترسیەکانی لە کۆتایی و مردن.

ئەم تابلۆیە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی چیرۆکەکەوە بابەتێکی قوڵ و ئاسۆیەکی زۆر فراوانی هەیە بە تەنها ڕووداو لە بوونی ئەژدەهاک و گفتوگۆی لەگەڵ تارمایی مردنا دەرناخات، بەڵکوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرنج و بیرکردنەوەی خوێنەر زۆر قووڵتر و دوورتر لەگەڵ خۆیدا دەبات، لە تابلۆی شەشەمەوە وەرچەرخانە بەرەو کۆتایی و گۆڕینی بارودۆخ و ئەنجام لە تابلۆکانی دواتردا .

**کاردۆخ:**

**پشتمان کێیە؟**

**ماديا:**

**چیمان پێیە؟**

**کاردا:**

**قۆناغ کوێیە؟**

**کاوە:**

**هەموو ڕۆژێ من ئاسنی،**

**ڕەق و پتەو ئەشکێنمەوە**

**ئەیکەم بە ئاو ئەیتوێنمەوە**

**ڕوو ئەکاتە کارۆخ**

**تۆ پێم ئەڵێی ... پشتمان کێیە؟**

**فریشتەکان؟ خوا زۆرەکان**

**نەء .. خۆمانین**

**خۆمان پشتین**

**خۆمان خاوەن بازو و مشتین**
**هەر خۆشمانین...**
**چارەنووسین (بێکەس، ٢٠٠٩: ٥٦).**

ئەم چنین و دارشتنە سەرنجراکێش و بەهێزە لە گفتوگۆی کاوە و لە وەڵامدانەوەی (کاردۆخ و مادیا و کاردا)دا زۆر ئاشکراو دیار دەبینرێت، شاعیر لە رێگەی دروستکردنی پرسیار لەگەڵ (کاردۆخ و مادیا و کاردا) و پاشان دایالۆگ و وەڵامدانەوەیان و بەستنەوەی بە رووداوەکانی تری دواتر، لە ناو دەقەکەدا ئەم پەیوەندییە بە چنینەوە و دارشتنیان دروستدەکرێ،

وەک پێناسەیەک بۆ ئەم رەگەزە ((چنیین ئەو دەزووە گرنگ و نادیارانەیە کە سەرجەمی پێکهێنەرە هونەرییەکانی دەقی دراما پێکەوە دەبەستێتەوە و یەک لەوی تردا دەیانتوێنێتەوە)(سەعید،٢٠٠٣: ٢٥). پێکەوەبەستنی پێکهاتەکانی دەقی شانۆییەکە لەگەڵ رووداوی سەرەکی و دەرکەوتنی پاڵەوان (کاوەی ئاسگەر) و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رووداوە لاوەکییەکانی تری ناو دەقەکەو دانانی نەخشەو پلانێک بۆ تابلۆو بەشەکانی دواتر و کۆکردنەوەو تواندنەوەی هەموو رەگەزەکانی تر لە ناو ئەم دەقە شانۆییەدا، لەگەڵ بوونی چنینێکی پتەو، کە خاڵی سەرکەووتوی هەموو دەقێکی شانۆییە لە ناو دەقە شانۆییەکانی شاعیردا ئامادەییەکی دیار و ئاشکرای هەیە.

ئەمە بەدەر لە بوون و ئامادەیی یەکێتی رووداو کە حاڵەتێکی گرنگی ترە، ((یەکێتی رووداو دانانی مەبەستێکی ئاشکراو روونە کە ئەبێت هەموو تابلۆ و پەردەکانی داستانەکە بە دەوریا بسوورێتەوە، واتە نابێت لادانێکی وای تێدا بێت بەرەو باسێکی وا کە تەماشاکەران دوور بخاتەوە لەم مەبەستە گشتییە و سۆزی گەرم و گوڕ و هەڵچوونی کردارەکانیان برەوێنێتەوە))(فوئاد، ٢٠٠٦؛ ١٢.)

شێرکۆ بێکەس لە رێگەی ئەو چنینەی کە بۆ دەقە شیعرییە شانۆییەکانی دروست کردووە، هەر لە سەرەتاوە پشتی بە هونەری گێرانەوە بەستووە و کۆی هەموو رووداو و جوڵەی کارەکتەر و کەسایەتییەکانی لە ناو بونیادی تەکنیکی شانۆیدا پێکەوە بەستۆتەوە. لە دەقە شانۆییەکانیدا رووداوەکانی یەک لە دوای یەک و بە شێوەی زنجیرەیی بە دوا یەکدا هاتوو نووسیوە، کە زۆر سەرنجراکێش و هونەرییانە رووداوەکان دەستپیدەکات، سەرەتا و ناوەراست کۆتایی بە چنینێکی پتەو و تۆکمە دادەرێژێ و دەبەستێتەوە بەیەکەوە.

# ئەنجام

**١.** باری نالەبار و داگیرکاری و بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر هاتنە ناوەوەی شیعری شانۆیی لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، ئەم کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەش ڕۆڵی هەبووە لە گەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی کایە و ژیانی کۆمەڵگە و کۆمەڵی کوردیدا، لە شانۆنامەکاندا ئامادەیی گیانی بەرەنگاری مرۆڤی کورد بە ڕوونی دەبینرێت. لەسەر دەقە شیعرە شانۆییەکانی شاعیر، باری سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوەیی و حاڵەتی دەروونی بۆتە بنچینەی بیر و ناوەڕۆکی دەقی شیعرە شانۆییەکان، لای (شێرکۆ بێکەس).

**٢.** شاعیر توانیویەتی سود لە بابەتەکانی داستان و مێژووی رابردووی کورد وەربگرێت بە تایبەت بە بەکارهێنانی هێما و بەستنەوەی بەو واقیع و بارودۆخەی لەو سەردەمەدا بوونی هەبوو ئاست و ڕادەی چەوساندنەوەو ژێر دەستەیی داگیرکاری، بیرکردنەوەو پەیامە سیاسییەکانی خۆی و هەوڵدان بۆ کارکردن لەسەر مافی میللەت و ئاگایی و هۆشیاری سیاسی، بگەیەنێت بە میللەت و نەوەی نوێ و کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەو ئەم خاڵەش لە ناو دەقە شانۆییەکانیدا زۆر بە ڕوونی رەنگیداوەتەوە.

**٣.** ئامانج و پەیامی شیعری شانۆیی واقیعیانەیە لە ناوەڕۆکی بابەتی نیشتیمانی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا جوڵەی کارەکتەرەکان لە دەقە شانۆییەکاندا دەربڕین لە بارودۆخی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کە لە تێکۆشان و بەرگریدا بووە بۆ مانەوەی بەرامبەر هەموو ئەو داگیرکاریی و نەهامەتییانەی کە تووشی بووە. ئامادەیی ئەم حاڵەتەش بیر و واتایەکی قوڵتری بەخوێنەر بەخشیوە بەتایبەت لە ڕووی بیر و گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوەییەوە.

**٤.** کارەکتەرەکان لەناو شیعرە شانۆییەکاندا لای شێرکۆ بێکەس کارەکتەری بایەخ پێدراو و بەمەبەست دروست کراون، تا لە ڕێگەیانەوە هۆشیاری و ئاگاییەکی زیاتر بدرێت بە کۆمەڵگا، بەتایبەت دروستکردنی کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک کاوەی ئاسنگەر ، کە لەناو مێژوو داستانە قارەمانیەتییەکانی میللەتی کوردەوە هێنراوەو وەک کاراکتەری سەرەکی لە ناو دەقی شانۆییەکەدا لە لە پەیوەندی و دروست کردنی ڕووداوی گەورە و شۆڕشکردندایە.

**٥.** لەم دەقانەدا بیرێکی فەلسەفی قووڵ و ڕەهەندی فەلسەفی ئامادەیی هەیە، لەڕێگەی پرسیارکردن لە بوون و مردن و رەهەندی فەلسەفییانە و رەهەندی چاوەڕوانیی، هزرو بۆچوونە فەلسەفییەکان خراوەتەڕوو،

**٦.** بیری سۆز و عەشق و خەیاڵی ئیرۆتیک و ئەویندارانە لەناو دەقی شانۆیی (ئاسک) زۆر ئاشکرا دەبینرێت، ئەوینێکی پاک و سۆزدارانە بەسەر خەیاڵە ئیرۆتیکییەکان زاڵە و بەشێک لە خەیاڵە ئیرۆتیکییەکانی لە سنوری هیوا و تەمەنناکردن دەمێنێتەوە، ئەم خەیاڵە لەم شیعرە شانۆییەدا لە خۆشەویستی و ئەوین و هەستێکی سۆزدارانەی جوان و مرۆڤانە سەرچاوە دەگرێت، جگە لەوەی کەلەپور و فۆلکلۆر بناغەی ئەم دەقە شیعرە شانۆییەی دارشتوە و لە سەرچاوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکانەوە تیشکی وەرگرتووە.

**٧.** کۆی رەگەز و تەکنیکەکانی دەقی شانۆیی و بونیادی تەکنیکی شانۆیی وەک رەگەزەکانی (ڕووداو، بیرۆکە، چنیین، کات، شوێن، کەرەکتەر، مەنەلۆگ، گێرانەوە، دیالۆگ) لە ئاستێکی بەرزدا لە ناو هەموو دەقە شیعرە شانۆییەکان ئامادەیەکی سەرنجراکێش و دیاری هەیە، لە چنینی دەقە شیعرییە شانۆییەکانی شیرکۆدا بە شێوەیەکی پتەو ڕووداوەکان چنراون و سەرجەم ڕەگەزەکانی شوێنکات و کارەکتەر بە شێوەیەکی هونەری لە نێو تەونی چنینەکەدا جێگایان بۆ کراوەتەوە.

**٨.** ئاست و پتەوی چنین و بەکارهێنانی ڕەگەز و توخمەکانی شانۆ لە دەقە شیعرییە شانۆییەکاندا لای شێرکۆ بێکەس بە جۆرێک باڵا و بەرزە، دەتوانرێت بە بێ دەستکاری بۆ شانۆگەری ئامادە بکرێت، چونکە بە شێوەیەکی هونەری و بە پێی یاساو ڕێساکانی دراما شانۆگەری چنینیان بۆ کراوە

# لیستی سەرچاوەکان

**کتێب:**

به زمانی کوردی:

١. ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٢)، گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم،هەولێر

٢ .ئیسماعیل، نەسرین رەئووف (٢٠١٠)،  ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٢٠- ١٩٥٨، چاپخانەی  رۆژهەلات، هەولێر.

٣ .ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٤ .ئیبراهیم، دلێر (٢٠٠٠٣)، تیۆری مۆسیقا، چاپخانەی خاک، چاپی دووەم، سلێمانی.

٥. ئەرستۆ (٢٠٠٤) هونەری شیعر (شیعرناسی)، و. عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی ڕێنما.  چاپخانەی گەنج، سلێمانی

٦.  بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦). دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم(١٩٧١-١٩٩٣)، کوردستان

٧. بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩) . دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم (١٩٧١-١٩٩٣)، سوێد.

٨.. بێکەس، شێرکۆ (٢٠١١)، (ڕوانگە، هەر سێ ژمارەکەی گۆڤاری ڕوانگە)، دەزگای چاپ و پەخشی  سەردەم، سلێمانی.

٩. بێکەس، شێرکۆ (٢٠١٦)، کاوەی ئاسنگەر، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتیمان، سنە.

١٠. بەرزنجی، یاسین قادر  (٢٠٠٨)،  فەرهەنگی شانۆ، بەرگی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی. بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١١. بەرزنجی، یاسین قادر  (٢٠١٠)،  ئەزموونە دراوەشاوەکانی شانۆ، کۆمپانیای پیرەمێرد بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

١٢. بەرزنجی، ئازاد، (٢٠١١)، نیگاکان، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم , سلێمانی.

١٣ . پیربال، فەرهاد (٢٠٠١)، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا- لە کۆنەوە تا ١٩٥٧، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم .

١٤. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٢)، عەبدولرەحیم رەحیمی هەکاری، تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگەها سپێرێزیا چاپ و وەشانێ، دهۆک.

١٥.  تەنیا، حەسەن (١٩٨٥)، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد،

١٦. حاجی سەنگەر قادر شێخ محەمەد (٢٠٠٩)، بنیات گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقاسپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١٧. حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٨. حوسێن، هیمداد، ٢٠٢٠، ئەدەبی نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.
١٩. حوسێن، هیمداد، سەنگەر نازم ٢٠٢٠، ئەدەبی جیهانی، ، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.
٢٠. حەسەن، حەمەسەعید (٢٠٠٤)، قوڵپی پێکەنین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢١. حەمە، ئازاد (٢٠٠٧)، ویستی فەلسەفاندن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
٢٢. خەزنەدار، مارف (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
٢٣. خەلیل، زانا (٢٠١٢)، ئیرۆتیک لە شیعری نالیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢٤. دەشتی عوسمان، (٢٠٠٩)، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن، چاپخانە ؟، هەولێر.
٢٥. رەئووف،دانا (٢٠١٦)، تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٦. رەئووف، دانا (٢٠٢١)، ئەزموون و داهێنان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر، سوێد.
٢٧. رەئووف، دانا (٢٠٢١)، پریشکەکانی شانۆ، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر، سوێد.
٢٨. رەئووف، دانا (٢٠٢١)، سامۆیل بێکت و شانۆی پووچگەرایی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر، سوێد.
٢٩. رەئوف، لوقمان (٢٠١٢)، رەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەس – دا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٣٠. رەحمان، عەبدوڵا (٢٠١٤). بنیاتی گێرانەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
٣٢.ڕسوڵ، شوکریە (١٩٨٩)،ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطبعة التعليم العالي، هەولێر.
٣٣. شێکسپیر، ولیام (٢٠٠٩)، هاملێت- شازادەی دانیمارک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣٤ .سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٥)، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
٣٥. سیوەیلی، ڕێبوار. (٢٠٠١). کتێبی نالی. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣٦. سیوەیلی، ڕێبوار،(٢٠٢٠)، نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە، ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاریی کولتووری، هەولێر.
٣٧. سیوەیلی، ڕێبوار. (٢٠٢٠). شیعر و ئازادی. ڕێکخراوی زەریاب هەولێر.
٣٨. سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٠١)، کاریگەریی کەلەپوری کوردیی لە شانۆی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٣٩. سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٢١)، ڕێژنە بارانی وشە، بەرهەمەکانی یەکەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئەدەب لە سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی .
٤٠. سالار، ئەحمەد (١٩٨٨)، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، دار الحرية للطباعة، بغداد.
٤١. سالار، ئەحمەد (٢٠٠٥)، هونەر و ژیان ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٢. سالار، ئەحمەد (٢٠٠٧)، دەروازەی دراما، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
٤٣. سالار، ئەحمەد (٢٠٠٩)، کورسی و بەها درامامیەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٤. سەدیق، ئارام (٢٠٠٩)، ستاتیکای گێرانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانە یاد، سلێمانی
٤٥. سەدیق، شاخەوان (٢٠١٩)، چێژی گێرانەوە ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، دانیمارک.
٤٦. سەعید، عەلی. ٢٠٠٣، هونەری نووسینی دراماو دەقی شانۆی خۆماڵی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٧. سوبحان، کامەران (٢٠٠٤)، فەرهەنگی شانۆ، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٤٨. عەلی، دڵشاد (١٩٨١)، دیلان شاعیرو ئازادیخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٤٩. عەلی، دڵشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هونراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی
٥٠. عەبدولواحید، ئازاد (٢٠٠٨)، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥١. عەولا. عەبدوللا ڕەحمان. (٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٥٢. عەلی، بەختیار (٢٠١٢)، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، کتێبخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٥٣. عەلی، پەخشان (٢٠٠٩) شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج. سلێمانی
٥٤. عەبدوڵڵا، پەروین (٢٠٠٨)، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیرکی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٥٥. عارف، حەمەکریم (٢٠١٥)، دەربارەی هاملێت، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
٥٦. عەزیز حەمید، (٢٠٢٠)، فەلسەفە و ئەدەب، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
٥٧ . عەبدولرەحمان، لەۆن قادر (٢٠١٣)، دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا. سلێمانی.
٥٨. عەبدولرەحمان، فوئاد (٢٠٠٩)، بیر، یاوەز، زمان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
٥٩. عیسا، هاوژین سڵێوە (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
٦٠. فەتاح، کاروان محەمەد (٢٠٢٢)، کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟ی کاروان عومەر کاکەسوور)دا، وەآنخانەی کولتوور، چاپی یەکەم، تاران.
٦١. قەرەنی، ئەحمەد (٢٠٠٧)، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
٦٢. کەریم، محەمەدی مەلا (١٩٨٠)، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا..
٦٣. کاوەی ئەحمەد میرزا, شانۆی کوردی- سلێمانی لەدامەزراندنییەوە تا ڕاپەڕینی١٩٩١, چاپخانەی کارۆ, سلێمانی , ٢٠١١.
٦٤. کەریم، سەلام فەرەج (٢٠٠٩)، گەشەسەندنی درامای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٦٥. کەسنەزانی، بوشرا. ٢٠٢١، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٦٦. مەحموود، فازیل مەجید، (٢٠٠٤)، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٦٧. مودەڕیس، مەلاعەبدولکەریم، موحەممەدی مەلاکەریم (١٣٩١) دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی:. ئینتشاراتی کوردوستان.
٦٨. مودەڕیس مەلاعەبدولکەریم، موحەممەدی مەلاکەریم (١٩٧٤)، دیوانی نالی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
٦٩. مەولود، ڕێزان ساڵح و نازم، حسێن سەنگەر (٢٠١٨) ژانرە ئەدەبییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٧٠. مەولود، ڕێزان ساڵح (٢٠٢١)، ڕێژنە بارانی وشە، بەرهەمەکانی یەکەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئەدەب لە سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٧١. محەمەد، کەمال ڕەئوف، (٢٠٠٠)، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی، دەزگای پەخشی و چاپی سەردەم، سلێمانی.
٧٢. میسری، محمد دلێر ئەمین (٢٠٠٤)، ڕۆژنامەنوسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
٧٣. میرە ئەحمەد. (٢٠٢٠)، یاخیبوون لە نیشتیمان، لە سیاسەت و ئایین لە جیهانبینی (شێرکۆ بێکەس و ماغوت)دا، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
٧٤. مستەفا، محەمەد فازل. (٢٠١١)، دەنگی پیرەمێرد لە بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٧٥. میراودەلی، کەمال (٢٠٢١) شیعرناسی بە شیعر. کتێبخانەی مێخەک. سلێمانی.
٧٦. میراودەلی، کەمال (٢٠٠٧) مەم و زینی خانی. کتێبخانەی ڕەنج. سلێمانی.
٧٧ . .مەجید، دیار فایەق، ٢٠٢١، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی کوردیدا، ناوەندی خاک، کەلار.
٧٨. مەنتک، حەمە.(٢٠١٨). هونەرەکانی چیرۆک چیرۆک نووسین لە چیرۆکی کوردی. تاران: چاپخانەی تاران.
٧٩. محەمەد، فازیل و عەلی، هەڵشۆ (٢٠٢١)، ئیرۆتیک لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٨٠. محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٦)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .
٨١. هۆراس (٢٠٠٥)، هونەری شیعر، و، حەمید عەزیز، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر
٨٢. هەورامی، حەمەکەریم (٢٠٠٧)، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، بەرگی دووەم لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
٨٣. هەورامی، حەمەکەریم (٢٠٠١) درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٨٤. هاڵبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر (٢٠١٨) تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و. ئەنوەر قادر محەمەد. سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
٨٥. هەڵمەت، لەتیف (٢٠١٤)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، تاران .

**نامەی ئەکادیمی:**

١. ئاگرین، عەبدوڵڵا. (١٩٩٦)، شیعری سیاسی کوردی لە کرمانجی خوارووودا (١٩١٨- ١٩٣٠)، نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین .

٢. حەسەن، یاسین رەشید. (٢٠٠٤)، ناوەڕۆک و تەکنیکی درامای کوردی ١٩٩١- ٢٠٠٢، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

٣. حسەین، عەتا رەشید (٢٠١٢). بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٤. سابیر، پەرێز (١٩٩٢)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەی ماجستێر.

٥. عەلی، سدیق ئەورەحمان. (٢٠١٥)، حەقیقی شاعیر- ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٦. عەزیز، ڕەنجدەر ئازاد، (٢٠١٦)، بنیاتی دەقی شانۆی منداڵانی کورد (١٩٧٠- ٢٠٠٥)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

٧. عەبدوڵڵا، ثریا ئەحمەد (٢٠٢٢) ئەزموونی شیعری جەلال مەلەکشا، نامەی ماستەر، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ.

**گۆڤار:**

١. خەزنەدار، مارف. (١٩٧٢)، شیعری سیاسی کوردی لە کوردستانی عێراق، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ژمارە . ١٥. بەغدا.

٢. سەعدون، سامان عیزەدین، ڕۆڵی شیعری سیاسی لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددا، ژمارە.٣، مانگی تەموزی ٢٠١٨، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

٤ . سیاپۆش. (١٩٣٢)، شاعیرەکانمان، ژ.٣٣٦، ڕۆژنامەی ژیان، سلێمانی .

٥. قانع، مەریوان وریا. (٢٠١٣)، شێرکۆ بێکەس و کوردبوون، ژ. ٧٦ ، گۆڤاری ڕۆڤار، سلێمانی.

٩٣ .بەرزنجی، ئازاد ، ٢٠١٠، سەبارەت بە تەکنیکی نووسینی شانۆیی، گۆڤاری شانۆ، ژمارە ١٦. ساڵی. سێیەم

٦. ساڵح، ڕێزان (٢٠١٦)، ئیرۆتیک لە شیعری قوبادی جەلیلزادەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە.٧ ، ل٢١٩.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:


١. اسماعيل، سيد على (٢٠١٢)، تاريخ المسرح في العالم العربى، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة، القاهرة.

٢. اسلن، مارتن (١٩٧٨)، تشريح دراما، ت- يوسف عبدالمسيح ثروة، دار الحرية للطباعة، بغداد .

٣. اسماعيل، عزالدين، ١٩٧٣ ، الادب و فنونه، دارالفكر العربى. القاهرة.

٤. الحكيم، توفيق، ١٩٦٨، فنون الادب، مكتبة الانجليز المصرية.

٥. الشايب، احمد (١٩٧٦)، تأريخ الشعر السياسى الى منتصف القرن الثانى، ،مكتبة النهظة المصريه، قاهرة،

٦. الياس مارى، حسن حنان قصاب (٢٠٠٦)، المعجم المسرحي، عربى- انكليزى - فرنسى، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت.

٧. بيكوك، رونالد (١٩٧٨)، شاعر في المسرح، ت. ممدوح عدوان، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي، دمشق

٨. توفيق، عباس (١٩٧٨)، نقد الشعر العربى الحديث في العراق، دار الرسالة للطباعة، بغداد.

٩. حمادة، ابراهيم (١٩٧١)، معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية، دار الشعب،. مصر.

١٠. خشبة، سامي (١٩٧٢)، قضايا معاصرة في المسرح، دارالحرية للطباعة و النشر، بغداد.

١١. رشدي، رشاد (١٩٩٢)، نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، دراسة تحليلية للدراما، وأشكالها وتطورها، مكتبة الأنجلو المصرية .

١٢. سكر، إبراهيم (١٩٦٨)، الدراما الإغريقية، دار المصرية العامة للنشر.

١٣. عفيفى، محمد الصادق (١٩٧٨)، النقد الطبيقى و الموازنات، مكثبة الخانجى، القاهرة.

١٤. عيد كمال الدين (٢٠٠٦)، أعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية، مصر.

١٥. عياد شكرى محمد، (١٩٩٣)،المذاهب الادبية والنقدية، دارالمعرفة، الكويت.

١٦.عبدالله، محمد حسن (٢٠٠٥)،الواقعية في الرواية العربية،الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

١٧. فتحى، ابراهيم (١٩٨٦)، معجم المصطلحات الأدبية، مؤسسة العربية للناشرين المتحدين، تونس.

١٨. مندور، محمد (٢٠١٩)، محاضرات عن مسرحيات شوقي، الناشرمؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة،

١٩. مندور، محمد (١٩٧٤)، الأدب وفنونه، دارالنهضة للطبع و النشر، قاهرة.

٢٠. وهبه، مجدى (١٩٧٤) معجم مصطلحات الادب، منشورات مكتبه لبنان، بيروت.

## ABSTRACT

# Theatrical poetry in the texts of Sherko Bekas

Theatrical poetry is one of the four main parts of poetry and forms a significant and large part of the nation's literature. Of course, theatre and theatrical poetry by all nations is based on the stage and situation of the environment at which they has existed and the way of life in which the community and nations are in, has given importance to it and developed. Furthermore, society's awareness has a major and effective role and of great value in this development.

Like any other fields of poetry writing, the famous poet Sherko Baska,as of the other areas of poetry has had a great ability and a huge awareness and an important role in writing theatrical poetry, he has written many beautiful texts of theatrical poetry. Especially in the years of early stages of starting of the writing and entering of the world of poetry, like (KAWAI ASNGAR, ASK, DIWAR W DANGY XWEN). In the theatrical texts, there is a high level of thought and content of political, nationalism.

The research consists of three parts: the first part is presented in three themes under the title (term, concept, and historical beginning of theatrical poetry): the concepts, definitions and types of poetry are discussed in the first axis. In the second axis, the term, concept, and definition of theatrical poetry are presented. In the third axis, theatrical poetry is presented in world literature.

The second part, entitled "The Principles of Thought in Sherko Bekas's Theatrical Poems", is divided into four main ideas (political thought, national and national thought, philosophical thought, erotic thought).

The third part, entitled "Artistic Principles in Sherko Bekas's Theatrical Poems", discusses the elements and techniques of theatrical poetry. Poetry examples are given to each of the theatrical elements.

Finally, the most important results of our research have been presented at severalpoints.

**Theatrical poetry In the poetic texts of Sherko Bekas**

A thesis
Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

BY
**Hemn Baba Ali Mustafa**
BSc Degree in Language and Literature University of Sulaymaniya year (2002)

**Supervised by**
**Prof. Dr. Fazil Majid Mahmood**

Nisani 2023 AD Gwlani 2723 K